# گومانە یاخیێکانی کەلاٚت

# (ئەلّوەن و ئەمبەر و ئەوبەر٢)

PDF4Kurd

سەلام عەبدوڵلا ئیبراهیم
١٩٩٩/٣/٨

بلاو کردنەوەی سەر ئینتەرنیت: کۆمەلەی کۆچەر
Kocer Publishing Association. P.O. Box 150 , 15141 Lahti Finland, kocer@mail.com
July 2000

پیشکەشە بە ئەوانەی لە کاتی نووسینی ئەم رۆمانەدا لە بەر چاوم بوون: دایك وباوکم، کلارا و لیسی،M. Irmgard، (ب) وخوشکی بەریزم تەنیا غەفور رەشید

بە یاران وخەونە هاوبەشەکەمان !

١٩٩٩/٣/٨

گویتنگن/ئەلمانیا

**(١)**

ئەم بەیانییە ژیان ونەمان یەك واتایان هەیە بۆ من! كە بێدار بوومەوە پێموابوو هێشتا خەوتووم وئاگام لە دنیا نییە، لە ناو خەوێكی قوڵدام، لە مردن دەچێ، لە نێوان هەردووكیاندا مابوومەوە، هەڵبەت دەكرێت یەكێك ناوی لێ بنێت ورێنە،وەك بڵێیت، ژیان ئامادە نییە باوشیم بۆ بكاتەوە وبە گەرمی پێشوازیم لێ بكات؛ لەوە دەچێت پەلەكێش دەكرێم؛ دەزانم ئەو هیچ پێویستییەكی وای بە من نەبووە ونییە! رۆژێك لە رۆژان هێنایانم بۆ ئێرە؛ بەبێ ئەوەی زەمینەیەكی لەباردا هەبێت بۆ لە دایك بوونم؛ گەشكە بمگرێت وئۆخەی بكەم؛ زەمینەیەك كە لە پاشەرۆژدا پەشیمان نەبمەوە بۆ بە سەربردنی رۆژگار وشەوە تەڵخ و پڕ مەینەتەكان؛ بە بێ ئەوەی پرسیارێكیشم لێ بكەن"خەرە مەلی خەرەگەت وە چەن"؛ داخۆ دەمەوێت بەم حاڵە بژیم یا نە؛ ئێستایش لەوەیش تێگەیشتووم كە وا بەخۆشیان كۆتاییان پێ دێت وبەبێ ماڵئاوایی،ماڵئاوایی دەكەن؛ منیش لە ریزدام و چركەیەك دێت، لە هەر چركەیەكدا بێت، منیش كۆتاییم پێ دێت؛ باشە،كە زانیان كۆتاییم پێ دێت، بۆچی هێنایانم؟ نەدەبوو پرسیارێك لە خۆیان بكەن؟ ئەمەتە سەرئەنجامەكەی، نە پێشوازیم لێ دەكرێت بۆ ژیانێك لایەق بە مرۆڤ، ئەو ژیانەی كە خۆم دەمەوێت، نە منیش دڵم پێی خۆشە، ونەیش قبوڵ دەكەم بەم جۆرە بژیم، لە بری ئەوەی ببین بە تەواوكەری یەكتری، خزمەتكاری یەكتری بكەین، دڵمان بە یەكتری خۆش بێت، كراوین بە دژ، كەسمان چارەی ئەوی تری ناوێت، نە ئەو دەیەوێت و نە من، بەڵام وا چارمان ناچارە، ئەو هەیە ومن هەم و هەست بە بوونی ئەو وخۆم و دەورو بەر دەكەم، لە دواییشدا دەبێ هەر خۆی لە باوەشە پان و بەرینەكەیدا بستێك جێگام بۆ بكاتەوە، نەیشیكا هەر بە قیر!

دەڵێن: رۆژی حیساب هەیە،لەو دنیا هەموو لە دایكبووەكانی سەر ئەم زەمینە بە ریز رادەوەستین، هەر یەكێكمان ژمارەی خۆمانمان بە دەستەوەیە ، با بڵێین وەك ریزگرتنی بێ كارەكان لە ناو بەرێوبەرایەتی كار، چاوەڕوانی چارەنووسەكەمان دەكەین، یا دەچین بۆ بەهەشت یا بۆ جەهەنەم، لەو ناوەراستەشدا هیچ شتێكی تر نییە، هیچ بوارێك نییە بۆ بیركردنەوە، هەمو شتێك پێشتر پێوراوە، مەلایەكەتێك ناوەكان دەخوێنێتەوە: فلان كوڕی فلان، بۆ دۆزەخ!

فلان كوڕی فلان: بۆ بەهەشت!

هیچ بەدرۆخستنەوەیەك یا پارێزەرگرتنێك، قسەی شایەتەك نایخوات: هەموو كار و كردارێكی مرۆڤ لە ناوچەوانی نووسراوە، بەرتیل داینیش نییە!

دەڵێن: پەتێك هەیە، ژێرەكەی دۆزەخە، ئەوەی ساڵحان بێت بەسەریدا تێدەپەرێت ودەگاتە بەهەشت، ئەوەی خراپەكار بێت، لە نیوە رێگا دەكەوێتە ناو دۆزەخ وبۆ هەتا هەتایە بە ئاگرەكەی دەبرژێت!

دەڵێن: تۆ مەتەریت، تەنها حاڵەتەكەت دەگۆرێت، دوور نییە ببیت بە گوڵ و ئاشقان بۆنت بكەن، یا بە خاكێكی بە پیت یا بێ پیت یا بە پەپولەیەك!

دەڵێن: مردن نییە، رۆحت دەچێتە ناو گیانێكی تر وەلسەلام!

دەڵێن: مردووەكان، هەموو ساڵێك لە رۆژی كۆچكردنەكەیاندا دەگەرێنەوە! مۆمیان بۆ دادەگرسێنین، ژوورەكەیان بۆ دەرازێنینەوە، ئەو چێشتەیانە بۆ لێ دەنێین كە كاتی خۆی حەزیان لێ بووە، ئەو باسانە دەكەین كە تێدا بەشداریان كردووە!

دەشڵێن:رۆژی حیساب هەیە، بەڵام لە سەر ئەم زەمینە ئەفساناویەدا، خەڵكەكە، یا دەڵێن" لەولاوەوە بچێت،حەوت بەردی بە دوا، هەی یا بە چەپكە گوڵی سوور و رەیحانە ناوی دەهێنن!

پاشا ومەلیك وفەرمانرەواكان زانیویانە كۆتاییان پێ دێت وبە بێ سێ و دووكردن پرۆتیناتەكانی گیانیان بە هەمان شێوە، وەك پرۆتیناتەكانی لەشی دوژمن و دیلەكانیان، گەدا یا هەر گیان لەبەرێكی تر، دەبن بە كرم و هەر لەو جێگایەی تێدا دەنێژرێن، پاشماوەكانیان بۆ ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە وهیچ شتێكی تر روونادات، هەر هیچ!!

ئەم راستییەیانە پێ قبوڵ نەبووە، بۆیە بە درێژایی مێژوو سەدان ئەفسانەیان لەمەر مردن دروست كردووە،ولە هەر جێگایەك بە شێوەیەكی تر! بەڵام هیچ كام لەو ئەفسانەیانە تەسكینیان بە هۆشمەندی مرۆڤ نەهێناوە

بیجگە لە هەندی لەو باسە بی سەمەرانە، دەسەلاتدارەکان هیچ هۆیەکی تریان بۆ نەماوەتەوە، ئەوەندە کەللە پوتانە دەست بە مولکایەتی وفەرمانرەوایی بگرن وهەموو شتیك بخەنە خزمەتی، لە پیناویدا لە هیچ تاوانیك نەسەلمینەوە وژیانی کابرایەکی وەك من"وە پەری سەری بریەی"بەم بەیانییە ئەوەندە ناهەموار بکەن!

ـ ئەی تۆ بۆچی باوەشی بۆ ناکەیتەوە؟ بۆ بە گەشبینییەوە ناچیت بە پیریەوە؟ بۆ ئەوەندە رەشبینانە بیردەکەیتەوە!

من بیر لە شتی وا ناکەمەوە، من باوەشم هەمیشە کراوەیە! هەر وا من هەمیشە گەشبینم بەوەی کە رۆژیك دادیت هەموو کەسیك دان بەم راستییە دەنیت: مالی دنیا هیچە، کی مرد و شتەکانی لە گەل خۆیدا برد، جا بیشیبا چی لی دەکات.کەس چیتر بیر لە فەرمانرەوایەتی ناکاتەوە! بەلام ئەو رۆژە هیشتا نەهاتووە، ومرۆڤ وای لی کراوە مرۆڤ بخوات! ئەم بەیانییەش، پاش ئەو ورینەیە یا ئەو بەسەرهاتەدا، با بلیم پاش ئەو خەوە نائارام و خەونە هەراسانەدا،دیسان چاوم بە دنیا کەوت، دلم وەکو رۆژەکانی تر کاری خۆی دەکات. ئەوە نزیکەی چل و دوو سالە هەر ترپەترپی دیت، هەندی جار بەرز لیدەدات وهەندی جار نزم و هەندی جاریش هەیە لە حەپیەتاندا خەریکە راوەستیت، خۆیشم خۆزگە بە راوەستانی دەخوازم! کە هاتمە سەرخۆ، چاوم بە دەوروبەرەکەم کەوت و لەبەر خۆمەوە وتم"دیوارەکان، وینەکان، کتیب وگۆڤارەکان بەیانیتان باش"وهەر بە خۆم وەکو کابرای جوتیار کە دە قوتابی زانکۆ میوانی بوون، هەموو رۆژیك بە پیجامەکەی بەریانەوە لە خەو هەلدەستان وخاولیکانیان دەخستە پشت ملیان و یەك لە دوای یەك بە ریزەوە بەیانی باشیان لی دەکرد، تا بەیانییەك هات پیپانی وت" کورە دەباشە باش باش، بەیانی باشی چی؟ باشی لە کوی هەیە؟ کی باشە؟ هەموو دنیا قوری چوگە سەر". منیش ئیستا گەر باشی هەبوایە، لە سەر ئەم جیگا وشوینەدا چیم دەکرد؟ نە قەلەبالەغییەك، نەگەرمی رۆژ ونە هەراوهوریای مندالەکانی گەرەك، وئەم بەیانییە نامۆیە! ئاخ گەر ئەوەندە خۆشەویستی بۆ ژیان وجوان وجوانی چاوپیکەوتنی ئەلوەن وئەلوەنیاندا لە دلم نەبوایە، هەر بەخۆم رامدەگرت ودەحەسامەوە، ئیتر نە ئاخ ونە ئۆفم دەکرد، نە چاوم هەر جاریك بە بینینی کارەساتەکان کویر دەبی، ونە گویم لە هاوار وسەرهەلگردنی یاران دەبی! ئەوەتە وینەکەیان لەبەر چاومدایە

ـ ئەری خۆشیتان بینی لە ژیان؟

ـ نەخیر ! جا دایك و باوکیك کوری وەك تۆیان هەبیت خۆشی لە ژیان دەبینن؟

ـ ئەی ئاسودەیی؟

ـ نەخیر!تۆ جاری زوانت بریت باشترە؟

و هەر وا ولامەکان تەنها، نەخیر .. نەخیر .. نەخیر .. نەخیر .. ئەو رۆژەیش کە بە مامۆستا سوعادم وت"رۆژ زۆر کورتە !"

مامۆستا، چەقۆی گەص برینەکەی دەستی هینایە خوارەوە و بە نیگایەکی کزومات وتی: چۆن وا دەلیی،شەو هەرنایەت، رۆژ زۆر دریژە!" هەردووکیشمان یەك بۆچون ویەك مەبەستمان هەبوو: ئەمە چ زوخ ودەردیکە، نە رۆژمان رۆژە و نە شەومان شەو!

لە ژیر باری ئەم نەهامەتیەدا، لە ناو ئەم ئەزمونە خەتەرناکەدا، ئەلوەنیش بەم بەیانییە لەو لاوە هاتووە و یەخەی گرتووم:بۆچی تۆ لە کویی؟

ئاخر بلی هەی مال خراپ، من جوزانم لە کویم، پاشان ئەگەر پیی دەلیم"لە لای تۆم، گویم لە سیمفۆنیا نەمرەکەتە، لە ناو ماتەمی خۆشەویستەکاندام، هەر وەی، ئەگەر دەلیم لەویدام، لە پشت یالە هەزار بە هەزارەکاندا، ئەوا دوو وەی، برینی دەکولینمەوە، سەرهەلگردنەکەی دەریا و ئۆقیانۆسی بە بیر دەهینمەوە"داریکە و هەردوو سەرەکەی بە گووە". ئاخر ئەگەر چارە رەشی من نەبیت، بۆچی ئەلوەنی باوان، ئەلوەنی لانکەی مندالی، ئەلوەنی دەنگ و رەنگی سەرتاپای جیهان لەم کات وسات وجیگەیەدا ئەم پرسیارە لە من دەکات؟ ئەی خۆ من تاقە کەس نیم لە ناو دەرونی خۆیدا بۆ خۆی دەگەریم، هەندی جار بە خۆی دەستم دەگریت و ریگاکانم پیشان دەدات،کەچی هیشتا پینەگەیشتووم، لەم دوورەوە وەك ساوایەك پرسیاری لی دەکەم: ئەم شەو دەتگەمی ؟.

ـ ئەی سبەی، یا دوو سبەی؟

ـ ..

**ـ بۆ چەند رۆژیکی تریش بیت، دەتوانم خۆم راگرم؟!**

**ـ ..**

**ـ ئیمە کەی گفتی وامان بە یەکتر داوە؟ باوکم گەمەم کرد!**

**شەوان دین ودەرۆن، ئەلوەنم لی دەرناکەویت.**

**پرسیار لە ئەلوەنیان دەکەم"منیش ویرانی ئەلوەنم"**

**پرسیار لە بای شەمال دەکەم"منیش عەودالی ئەلوەنم"**

**پرسیار لە با و باران دەکەم" منیش شەیدای ئەلوەنم"**

**پرسیار لە بتەکانی هیندۆ دەکەم؛ لە مانگاکانی هیند؛ لە خواکانی یونان؛ لە موسا ولە عیسا ولە بودا ولە خوای ئیسلامەکان، هەر هەموویان تەقەی سەریان دیت، باسی چرووك وبەتالم بۆ دەگیرنەوە. پییان دەلیم، کورە هەی مال خراپەکان من تینوومە تینوو، ئەی هاوار، من جامی شەرابی سەرمەستیم دەویت .. ئەلوەن، ئەلوەن، ئەلوەن، مە ئەلوەنە شیتە توام.**

**پیم دەلین: تبت یدا أبا لهب ..**

**پیم دەلین: دەریا بوو بە دوو شەق ..**

**پیم دەلین: عیسا کوری خودایە**

**پیم دەلین: دەبی بخور داگیرسینیت**

**پیم دەلین: چوارمشقی دابنیشە، کۆنستراتسیون بکە ..**

**پیم دەلین: بارە باری مانگا دەنگی خودایە .**

**هەر دەلیی گویزم بۆ دەژمیرن، لە مرۆڤبوون وکەسایەتیم کەم دەکەنەوە و لەبەر خۆمەوە گۆرانی"هەی لە من یاخی،هەی لە من یاخی، تۆ گوڵی ناو باخی" دەلیم**

**چاوم بەقەد پانتایی ئاسمان دەکەمەوە، کەچی لە کنارە دوورەکاندا دەس لە ملی دەریاکان دەنی و پەیتا پەیتا باران دەبارینی، تاریکایی زەینم کویردەکات، بەرۆژیش بە حەسرەت کیشانی ئەلوەنیان زەینم کویر دەبیت، دەگەریم بۆ جیهانیك، بوونیك لە دەرەوەی شەو و رۆژە زالە ئاسایەکان، ئەمیش هیشتا لە دایك نەبووە، نامۆیی تەنی پی چنیوم، لە پارچە پەرۆیەکی سەر سیرکەوانەکەی کۆردەرە دەچم!**

**((بەم بەیانییەشدا مندالەکان لە کاتژمیری حەوت لە خەو بیدار دەبن...بەلام من چاوم پییان ناکەویت.**

**ـ چی تیایە، با نەیانبینیت، ملیونان مندالی بی باوك هەیە، یا باوکیان لە بەرەی جەنگە، یا بە جییانیان هیشتووە!**

**ـ وایە، بەلام من هەم !**

**ـ وای دابنی بوونت نییە !))**

**ـ ئاخر هەم،ئەمە خۆمم، بوونم هەیە، و وا وەك شایەتیك پی لە سەدەی بیست و یەکی پاش تریبلیون بلیون سال دەنیم؛دەترسم کابرایەك لەبەردەم دەرگاکەی راوەستابیت وپیم بلیت: هەی بەخیر نەیەیت! ئەمە هاتنە؟! وەك خاوەن ریستۆرانەکەی ناو سەنتەرەکەی برۆکسل پیم بلیت: تۆ بۆت نییە بییت بۆ ژوورەوە ...**

**ـ بۆچی ؟**

**ـ ببورە بۆت نییە !!**

**حەمید: چۆن شتی وا دەبیت؟ ئەوانە خاوەن شارستانییەتن، چۆن بەو شیوە نا ئینسانیانە هەلسوکەوت دەکەن؟**

**ـ با ! خۆیشم گیژ بووم! سەر میزکان بە گوڵ و مۆم رازابوونەوە و کابرایەك پیانۆی لی دەدا، ئاووهەوایەکی رۆمانسی بوو، منیش لەو کاتەدا پیویستیم بەوە هەبوو، زۆر ماندووبووم، کەچی بەو شیوەیە لە گەلمدا جولانەوە!**

ـ دیارە پارەت پێ نەبووە؟

ـ نەیانپشکنیم تا بزانن پارەم پێیە یا نا، نەخێر ئەو جارە پارەم پێ بوو!

ـ دیارە جل وبەرگەکەت نارێك بووە!

ـ نەخێر، جل وبەرگێکی ئاساییم لەبەر بوو، بەڵام کەرەواتم لە مل نەبوو، من چی بکەم بە کەرەوات؟ ئەگەر بیبەستم هەست بە خنکاندن دەکەم! تۆ بڵێیت لەبەر نەبەستنی کەرەواتی گەواد دەریانکردبێتم؟ بڕوا ناکەم، خۆ بە کەرەوات نان ناخۆم!

کاکە شارستانییەت لەلای مەنسور کەواوچی و شەمە جگەرییە، ئەوەی بچوایە بۆ لایان، بەدڵ و بەگیان بە خێرهاتنیان دەکرد، ئەحواڵیان دەپرسی و نانەکەیشیان دەداییێ، هەندێ جاریش هەر لەسەر حیسابی خۆیان! دەستیشیان تەنها خوێنی کاوڕ و مانگای پێوەوە بوو، وەك ئەمان نیین، خوێنی مرۆڤی رەش و سپی لە نێوان پەنجەکانیان چکە دەکات!

هەمید: ئەوە جاران بوو، پێشی سەد ساڵ، ئێستا وا نیین، تۆبەیان کردووە!

ـ تۆبەی گورگ مەرگە!

**(٢)**

**بەڵێ؟ ئەوە کێ بوو؟ چی؟ بەراست؟ بڕوا ناکەم ! دەی با جارێك وا بێت! رۆژیان دێت !**

**ـ تۆ گوێی نادەیتێ !**

**ـ من گوێی نادەمێ؟ ئای کە سەیرە! وا بووم بە کەباب! خۆزگەم بە ئەقڵت مام هەمید !**

**دەڵێن رۆژێکیان دوو شەریك لە یاری رایسس دەدۆڕێنن، یەکێکیان جوێن و هاوار وکوفری دنیا دەکات، کە لا لە شەریکەکەی دەکاتەوە، دەبینێ بە هێمنی دانیشتووە وهەردوو دەستی لە گیرفانیدایە، بۆیە لێی تورە دەبێت و بە هاوارێك پێ دەڵێ: سەگ باوك، دۆڕانمان،کەچی تۆ هەر وا دانیشتووی و هیچ هاوار وناسزاییەك ناکەیت، تۆ هیچ گوێی نادەیتێ!**

**شەریك: من گوێی نادەمێ؟ هەردوو دەستی لە گیرفاندا دەردەکات و دەیانکاتەوە! کابرا لە داخاندا هەردوو گونی هەڵکەندبوو و هەر دووبارەی دەکردەوە: من گوێی نادەمێ؟**

**جا هەمید ئەفەندی،من گوێی نادەمێ؟**

**ـ گەر وەفاتان دەوێت،فەرموون ئەوە جوانی!**

**ـ جوانی چی؟ جوانی ماوە، تۆ چی ئەزانیت، کامە جوانی؟ تۆ لێرە نیت، هێشا لەو دوورەوە هەر خەو دەبینیت، هەستە هەستە لە خەو، بێرە هۆشی خۆت !**

**ـ گەر هەنار وهەنجیرتان دەوێت، ئەوە کویچە باخ و رێگای کۆپری شەلال، ئەوە کەلێنی دیوارە روخاوەکەی باخی مام حەمە دەمار**

**(( ئێستا منداڵەکان دەرۆن بۆ قوتابخانە و باغچەی مندالاْن، چەند حەز دەکەن بەنۆرە هەتا ئەوێ بە قەلاْدۆشکانی بیانبەم، چەند حەز دەکەم چاوم بە پێکەنینەکانیان بکەوێت!**

**ـ نابێت!**

**ـ بۆ نابێت؟**

**ـ وتم نابیت، بەستا! تۆ بە جیت هیشتین!**

**ـ من تۆم بە جی هیشت، نەك ئیوە!**

**بە هەموو هیز وسەبریکمەوە هەولم دا بمینمەوە، هاتوهاوارەکانیم قبوول دەکرد، هەر جاریك پیم دەوت:" تۆ راست دەکەی"! بۆ ئەوەی کۆتایی بە هەراکانی بهینم، چەند جار فرسەتم پیدا، نەختیك لە شەرفرۆشتنەکانی کەم بکاتەوە، بەلام ئەو وەك دەسەلاتداریك هەلسوکەوتی دەکرد، ودریژەی پیدەدا تا وای لی هات منیش کۆلم دا!))**

**ـ سالاری؟**

**ئەوە برایم باجەلان، دایکی ئیباو، مەلا عارف، دادو، زەکی، دایکی وەلی، مەحموود حاجی، کەنعان، باوك عەدنان عەزیز، رزگار، ئەوە خالۆ رەزا، مورتەزا وسەی تالب .**

**((منداڵەکان بۆ مالەوە دەگەرینەوە، من بۆم نییە دەستیان بگرم و بە دوای یەکتر را بکەین، یا خواردنەکەیان بۆ گەرم بکەمەوە و پیکەوە نان بخۆین، بەبی زۆرکردن وفەرمان کردن: دەبی هەمووی بخۆیت .. ها دیسا ئەو ناوەت پیس کرد!)).**

**ـ پەندی پیشینان ؟**

**ـ ئەوە گەردانەی ئەلوەن.**

**((میوانداری کراوم بۆ ڤین، حەز ئەکەم منداڵەکانیش لە گەل خۆم ببەم.**

**ـ نابی !**

**ـ بۆ چی تیدایە ؟**

ـ خەیاڵت خاوە !
ـ ئەگەر حەز دەکەیت تۆش وەرە!؟
ـ نایەم !))

ـ نموونەی ستەم و زۆرداری؟

ـ ئەوە سەد گۆرنیکا! هەموو رۆژێك تاوان، هەموو رۆژێك دەرکردن، هەڵواسین، سەرنگوم کردن، زیندانکردن، سەرهەڵگردن، ماڵ وێرانکردن، وباغ سوتاوێك!
((مندالەکان دەڵێن: کەی بۆمان هەیە لە لای باوکمان بمێنینەوە! با لە دوو یا سێ هەفتە جارێك لە لای من بمێننەوە.
ـ نابێ !
ـ ئەزانی چی؟ شیرین لەسەر دیواری ماڵەکە، وێنەی من وخۆیی کێشا، هەردووکمان قاوەڵتی دەکەین، هەردووکمانی بەقەد یەك وێنە کێشا، و وتی" باوە رەنگی پرچت رەشە"! ئەزانی ئەمە چی دەگەیەنێت؟
ـ نازانم، بەلاّم جارێکی تر بۆت نییە بهێڵی لەسەر دیواری ماڵ رەسم بکات!))

ـ پێلاّوتان دەوێت ؟
ئەوە کاکەییە کلاّش دۆزەکەی بەرامبەر دوکانەکەی خالۆ ئەحمەد ، لە تایەی ئۆتۆمبیل کلاّشی دروست دەکرد ، کە باری ژیانی لێژ دەبوو دەیگۆ"شەریکەی باتە وکلاّش هەرسینی ئیران وە کۆی زوخالّ بوگ، یانە مالّمان رمانن، عالەمەگە لە ری دەرکردن "، چوپی تایەکەشی بە مندالەکان دەفرۆشت، دار لاسیقیان پێ دروستدەکرد بۆ راوە ریشۆڵە وکۆتر ومەلوچك .

((مندالەکان دەچونە ناو جۆلانەکە و دەیانوت: با پێکەوە بۆ ئەفریقا سەفەر بکەین.
ـ گەڕاینەوە، بۆ ئوستورالیا سەفەر دەکەین!))

ـ چیتان دەوێت؟ دلّداری؟

ـ ئەوە ئەلوەن وئەم بەر وئەو بەر، ئەوە نموونەیەکی لە بەرچاو بۆ هەموو سەردەمەکان: ڤینۆس
((شیرین: من لێرەوە تا ئەمریکا خۆشتم دەوێت!
ـ من لێرەوە تا ئەوپەڕی ئەمریکا خۆشدەوێت!
ـ ژیان: من لێرەوە تا کوردستان خۆشدەوێت
ـ من لێرەوە تا لای خۆر خۆشدەوێت))

ـ سۆزی دایکایەتی؟
ئەوە نوقلە گیان، ئافرەتێکی ئاسایی وەك هەر دایکێکی تر، وەك شوێن پێ هەڵگر، شار بە شار و دێ بە دێ بە دوای کوڕەکەی کەوت، نە لە لافاوی سیروان سلّی‌کردەوە، نە لە زرپیوشی شەوە و نەیش لە ساواك و پاراستن! ئای سەرشێتی وێران بوو! لە بیرتە سەردانی زیندانت کرد؟ بەچکە شەوەکان کوڕەکەتیان وەك ئاوەڵەکانی عەبرەت کردبوو، لە زیندانێکانی ناو(کۆنستراتسیون لاگەر)ی هیتلەر دەچوو، لە تەنیشتیەوە رۆیشتی نەتناسییەوە .
کێ ژنەفتێسی دایکێك کوڕی خۆی نەناسیبێتەوە؟ ئەوە چییان بەسەر هێنابوو؟ چییان بەسەر من هێنابوو؟

(( باوکە، دایکم وتی، باوکتان ئیوەی خۆش ناوی! تەنها وای پیشان دەدات!

ـ دایکی خۆم، من ئیوەم لیرەوە تا لای خۆر و لە ویوەوە تا ئیرە خۆش دەویت، ئیوە گولەکەی باوەن!))

ـ دا؟ یەکسەر باوەشت لە مل کردم، نەمهیشت قسەیەك بکەی، خیرا پیم وتی : دەقەیەك پیش ئەوەی شتیك بلییت، دووسال زیندانی کراوم وناوی کەسم نەهیناوە، باشە؟"

دایك: باشە کورم، بەراست؟

ـ بەلی

ئەم جار بووی بە پیکەنین و وتت: باشە، "بەس نییە ناوی کەس نەهاوردیدە، هەر ئەوەندە بیت باشە وچووین بۆ ناو بەشی" قوتابخانە"، تۆیش شوکر سالانیکە بە بۆنەی باوکی نەجم ئاشنای بە زیندانەکانی موسەیەب و حەبانییە و دیوانییە، لە بیرت ماوە ئەو جارە لەبەر دەرگای زیندانەکەی دیوانییە سەربازی بەر دەرگاکە هەموو خواردنەکەی رشت، بە دەستی بەتالەوە چووین بۆ سەردانی باوکم؟ ئەی جزدانەکەم کوا؟ ئەوەی باوکم بەزەنگیانە کۆتریکی ئاشتی دەنوك سووری لە سەر چنیبوو، دەورووبەری بە زەنگیانەی شین، لە سوچی سەرەوە بەدیوی چەپ، لە تەنیشتی زەنجیری داخستنەکەی، رۆژی چنیبو و دیوەکەی تریشی رەنگی ئاسمانی!لەو کاتەوە نە رۆژمان هەلهات و نە کۆترەکە دای لە شەقەی بال، هەرچەند بە دوای را دەکەم، چەپلەی بۆ لیدەدەم بەلکو بفریت، بەلام هیچ، ئەلیی لە ناو قەفەسدایە، ئەلیی بالیان شکاندووە! ئەوە ئیستایش کۆترەکەی سەر جزدانە بە تالەکەی باوکم نەهاتووەتە فرین، خۆی کۆترەکە بوو، دەیویست بۆ ئاسمانی بی سنور بفریت، بەلام...

دەی تۆش ئەمە یەکەم جارت نییە سەر لە زیندان دەدەی. بە بۆنەی حەمەی برایشتەوە، پیشتر هاتووی بۆ ئیرە، بە هیمنی باسی رۆژە رەشەکانمان دەکرد(( ئەو دایکەی وا پیش ئەم دیرە قسەم بۆ دەکرد و ئەویش وەلامی دەدامەوە و پرسیاری لی دەکردم، کۆچی یەکجارەکی کرد!کۆچیکی زۆر سەختی کرد، وەك ژیانی! من مەرگیم لە بیر چووەتەوە،پیم وا بوو زیندووە،ئەی مرۆڤ!!)) لەو کاتەدا مەحمود وارانی کە وا پیشتر وتبوی: "ئەگەر کەس وکارەکانمان هاتن، نابی بگرین، دەبی زۆر ئازایانە هەلس وکەوت بکەین،کە چی کاتیك خوشك وبرا و خالد سەوزە بە گریانەوە خۆیان کردە ژوورەوە، باوەشیان پیکرد، مەحمود وتی: دە نەگرین کورە ئویشم نەگرین بەسە نەگرین ئی دە بەسە گیان باوە مەگرین، ئەگەر بگرین منیش گیرم ها " ودەستی کرد بە گریان و باوکە رۆ !. کەنعان خەیاتیش کە زۆر بی "تاوان" بوو، نەیدەزانی چی بە باوکە کریکارەکەی بلیت، وتی:بەس وە باوگم بویشم حەفت سال حوکوم بیمە یەکسەر دلی وسد، خۆی نەخۆشی دلی هەس، خودا درووی چە ئەرای بکەم، بویشم لە سەر چە گریامە ..". باش بوو کە باوکی هات بۆ سەردانی، پیوت: رولە مایدە؟ هەزار شوکر، کورم کەنعان هیچ ئەرام مەویش، چەند جار وەتمە پید نەچوو ئەرا سلیمانی، هەر وە قسەم نەکردید. گیانەگەی باوە بویشە پیم، چەند سال حوکم بیدە؟

کەنعان: وە گیانەگەی باوە، وە سی جزمەی قورعان باوە دوو سال حوکم بیمە!

باوك: بویشە پیم، بەیاناتەگان لە کورە ئەشاردیدەو؟

کەنعان: بەعزە جار ئەخستمەیانە ناو دشپولەگە و بەعزە جار ئەخستمەیانە ناو تایەر سپیرەگە.

لەبەر ئەوەی کەنعان بەرگدووری دەکرد، وچاوی بە ئەفسەر وسەربازەکانی موخابەرات و ئەمن دەکەوت، ببوو بە باشترین پەیامنیر و پەخشکەری هەوالەکانی ئەمنستی وبەربوون. تازە ترین هەوالی لەلا دەست دەکەوت، هەر رۆژیك دوو سی هەوالی پی بوو، وهەر جاریکیان هەر هەوالیکی بە شیوەیەك تام و خویی دەکرد، لەلای هەر کەسیکیش بە جۆریك دەیگیرایەوە. هەندی جاریش هەر بە خۆی دەیوت: دروو کەم، عالەمەگە گوناحە، با توزی دلیان خۆش بکەم! کاتیك حوسین گویی لی دەبوو پیکەنینی پی دەهات. حوسین چاوەروانی شتیکی تری دەکرد: دەیویست بەشە نوتەکەی پی بدریت وهەر لەبەر ئەوە زیندانیان کردبوو. رۆژیکیان لە بەردەم بەنزینخانەکەی(شیخ عومەر) رادەوەستیت وهاوار دەکات: ئەو هەموو نوتە هەیە، کوا بەشەکەی من بۆچی من هیچم نییە؟ ئیتر دەیگرن و پازدە سال مەحکومی دەکەن.

زیندانییەکی تر هەبوو نەیدەزانی بۆ گیراوە. کە پرسیاریان لی دەکرد: لەسەر چی گیراوی؟

کابرا: قەلەبالەغیکە لای کییە؟

یەکیك وتی: لەلای کۆمەلەیە!

کابرا: ئی!منیش لەسەر کۆمەلە گیراوم!

- بۆچی بووی بە کۆمەلە؟

کابرا: وتیان ئیمە بە کۆمەل کار ئەکەین، منیش وتم وابی باشە منیش لە گەلتان دەیکەم! قسەی عەنتیکەیان دەکرد، باوك مردگیان دەهینایە پیکەنین. ئەو جارە کادریکیان کۆبونەوەی پی کردین، وتی"داروین سەلماندویەتی کە رەچەلەکی مرۆڤ مەیمونە، لەم کاتە مامە عەول وتی"مامۆستا کە واتە من لە مەیمونە سوورەکەم !"

ئەی قەهار؟ بالا بەرزە بە خۆکە. دلی لە شوشە دروستکرابوو؛ کەسیك باسیکی دل تەزینی بکردایە،ئەم یەکسەر چاوی خورەی دەکرد؛ هەفتەیەك ئەشکەنجەیان کردبوو، پییان وتبو" گەواد دانی پی بنی، تۆ جاسوسی بۆ سوریا دەکەی"ئەمیش هەر وتبوی"نازانم" ..من هەر بەراستی نەمدەزانی مانای جاسوس چییە؛ هەتا وتم با پرسیاریان لی بکەم جاسوس چییە؛حالیان کردم، منیش چیتر بەرگەی لیدانم نەما. لە بەر ئازار وتم چی ئەبی با ببیت، هەلواسین لەم حالە باشترە. پیم وتن: لە بەر ئەمە لیم دەدەن؟ بەسە لیم مەدەن، بەلی من جاسوسم وبۆ دە سال مەحکومیان کردم، قورم بەسە، ئەم دە سالە بە چی دەچیتە سەر، ژن و مندالەکانیشم سەرگەردان بوون!"

قەهار هەموو رق و قینەکەی ئاراستەی ژیانی شار دەکرد، دەیوت: دەربچم، یەکەم جار ئەرۆم دەواریك بۆ خۆم دەکرم وچەند سەر حەیوانیك ولە گەل ژن و مندالەکانم لە دەشتەکان دەژیم"وە نەعل ئەبولەدینە و یابو للی خەلەفە" لەولایشەوە حەمید بەرقوق کە گوایە جاسوسی سۆڤیتە، دەیکرد بە گالتە وگەپ لە گەل خالد وەهاب و ریاز؛پیکەوە دەیانوت"یا قەهار، عەرەب وین، تەنبورە وین"هەلبەت هەر ئەم وای نەدەوت.

حوسین کلاسیکیش، کە ئیستا لە "مەنفا"یکەلاردا کراوە بە مودیری شارەوانی داهاتووی شارەکە، مشکیبەکی لە سەر پیچابوو، لەسەر عەرزەکە بەرەیەکی راخستبوو و بالشتیکی زلی لە سەر دانابوو؛ لە سەری پالی دەدا و پیی دەنایە سەر یەك؛ سبیلیکی دریژیشی بە دەستەوە دەگرت و سەماوەرەکەی بۆ دادەگیرساند؛ هەناسەیەکی بۆ هەلدەکیشا ودەیوت: کورگەل ئی جارە دەرچم، چەند سەر حەیوانیگ ومامر وکەلەشیر سینم و لە دەشتەگەی تولەفروش دەواریگ هەلدەم و ئەرا خۆم مەعیشەت کەم !" ئەحمەد سالح پیوت: "واز بار لەی خەیال پلاویە، عالەم رەسیسە کورە و تو باس چە کەی". کاتیك خالد وەهاب سمیلی تاشی، حوسین چاوی لی زەق کرد وپیی وت: هەی بی شەرەف شواربەگەد ها کو؟

خالد بە پیکەنینەوە: حوسین عاجز نەو، گیانەگەی باوە، وە کلاش هەرسینی لایەگی تاشیم و لاگەی تر ریاز تاشییەی ئەرام وخسەیانە ناو تەنەکە زبلەگە! حوسین بەم قسەیە زەرد و بۆر بووەوە، تیر جوینی کرد، دوو مانگی رەبەق لە گەل خالد و ریاز قسەی نەکرد

بەشی "قوتابخانە"پر بوو، قەرویلەی دوو قاتییان هینا؛ دەبوایە لە بەینەکانیشدا جیگا بۆ خۆمان بکەینەوە؛ رۆژیکیان فوئاد بانگی کردم،کە گەیشتمە تەنشتی،دەبینم کەسیك لەو دیو پەنجەرە بۆیاغ کراوەکەوە دەلیت: براگەم مە کرماشانیم، ئەسیر کریامە، مەترسی بویش، تو کورەیید؟

فوئاد: مە خەلقە

تومەز ئەوە دەنگی برایەکمە؛ بردویانە بۆ بەرەی جەنگ؛ نە رق ونە قینە لە نیوانماندا هەبوو، دوو برا بووین؛ ئەو گیرۆدەی دەستی شەوەی ئەو دیو ببو؛ نە ئەو جەنگی دەویست، نە من، بە من بوایە لە بری تۆپ باران، ئەو دیوی سنورە بەسەر داسەپاوەکەم گول باران دەکرد؛ ئەویش لە بری کوشتن، ئەم دیو سنورە بەسەر داسەپاوەکەی خەندە باران دەکرد ..

لەم کاتەدا بوو فایەقیش زیندانی کرا؛ پیش مانگیك سەری لیدراین؛ کالتەی پی دەکردین:ئیوەو سیاسەتیان نەوتووە،خیرا دەسگیرکران، دەبوایە وەك من سیاسەت بکەن! سەباح صلیوە کریکار بوو لە سەر شوعیتی دەسگیرکرا بوو، لە کاتی دەسگیرکردنەکەیدا هاوسەرەکەی دوو گیان بوو، تازە لە ژووری هەلواسین رزگاری ببوو، حوکمەکەیان کردبوو بە حوکمی موئەبەد، بە بی باکییەوە دەیوت: " مننەتیان بە پیلاوەکەم، با ئەو فاشیستە خویریانە هەلمواسن!... من نازانم حزب بۆ لە گەل ئەم جەلادانە بەرەی بەست؛ حزب نەیدەزانی ئەمانە خوینریژن؟ ئەی لە شەست وسی چییان پی نەکردین!"

خۆشی سەردانی هاوسەرەکەی ببوو بە دوو خۆشی: خۆشی ئیعدام نەکردنی هاوسەرەکەی ولە دایك بوونی سەلامی کوریان.. ئەو جارە مالەوەیان گۆشتی بەرازیان بۆ هینابوو و ئەمیش هەر وا لەو ناوە دابینابوو؛ پیبوابوو کەس بیزی نایەت گۆشتی بەراز بخوات؛ بەلام خالد و ریاز وهۆشیار بە قووتدان قوتیان دا؛ سەباح هاواری لی هەستا:هەر من مەسیحیم لەم قاوشە، کی لە ئیوە گۆشتی بەراز دەخوات؟ هەلبەت"دار هەلبگرە، سەگی دز دیارە" ئەویش وتی :" هەی هەی، خۆش موسلم... نۆشی گیانتان بیت، بە مالەوەمان دەلیم ئەم جارە گۆشتیکی زیاتر بهینن !"

باوکی خالد هەندی جار بە هیواشی حەیرانی بۆ دەوتم؛ شەرمی دەکرد گوییان لە دەنگی بیت، تەمەنی حەفتا و دوو سال بوو؛ تاوانەکەی: باوکی پیشمەرگەیەکە !

سزا: بیست سال زیندانی !

حوسین، کریکاری شەرکەتی تەماتەی دهۆك: بی تاوان !

سزا: پازدە سال زیندانی !

حەسەن، شوفیری پاسی گشتی دهۆك: بی تاوان !

سزا: پازدە سال زیندانی !

دوو کەس لە پرۆسیسی ئەمانە سزای ئیعدام دران؛ پیکەوە لە مەحکەمەکەی هەیئە خاسە حوکم دراین؛ نزیکەی سی و شەش کەس بووین؛ هەموو پرۆسیسەکە دوو سەعاتی خایاند.

حاکم : ئەمە قسەکانی تۆیە، هەمووی راستن ؟

زیندانی: بەلی!!!

کی خۆی گیل دەکات، بلیت: نەخیر ئەو قسانە هەمووی درۆن، راست نیین، هەمووی لە ژیر زەبری ئەشکەنجە وتوومە بۆ ئەوەی لە لیدان رزگارم ببیت؛ عاقیبەتی قسەی وا بە خراپتر بەسەر خاوەنەکەی دەگەریتەوە؛ زیندانیکە سەر لە نوی بۆ هەیئە خاسە دەگەرینەوە؛ لیدانەکە سەر لە نوی دەستی پی دەکات؛ کەسیش نازانیت لەویدا چەندی تر دەخایەنیت تا سەر لە نوی مەحکەمە دەکریت؛ پاشان کی ئامادەیە سەر لە نوی بۆ هەیئە ببریت؟ کەس! بۆیە چاکتریکە مرۆڤ ئەو ولامە بدات کە ئەوان چاوەروانی بیستنین: بەلی وایە !

حاکم: هیچ لاریەك هەیە لە مامەلەکردنت؟

زیندانی: نەخیر!

حاکم: سوپاس !

یەکیك لە سزا دراوەکان بە هەلواسین عارەبی نەدەزانی؛ حاکمەکە پیوت: مەحکەمە بریاری سزای ئیعدامی دای؛ ئەم وتی: ئا،بەلی !! کە زانییان تینەگەیشت؛ بە وەرگیرە گەنجەکەیان وت"سزاکەی بۆ وەرگیرە"، ئەویش هاتە تەنیشتیەوەو پیی وت: کورم تۆ عیدام دەکرییت، باشە؟

زیندانیکە: بەلی باشە !

پاش ئەم تاوانە بردیانین بۆ زیندان؛ لە ناو ئۆتومبیلی پۆلیسەکان ئەوەندە تاریك بوو، کەس کەسی نەدەبینی یەکیکیان وتی: من تازە ئیعدام دەکریم، ئیوەش ناتوانن هیچم بۆ بکەن،من ئاگام لە هیچ نییە؛ برا رۆ کی نانی مندالەکانم دەدات، بە کی بلیم ئاگای لییان بیت، فرمیسك بارانی کرد؛ کەس دەنگی لیوە نەهات؛ ئەوەی گریا، گریا؛ یەکیك وتی" خودا حەقتان بسیند" ئەوی تریش هیچی پی نەدەوترا؛ هەر یەکیکمان رق وقینەیەکی بی وینەی لە دلدا بوو، ئەشکەنجە وزەی کەسی نەهیشتبوو...

ئوستاد نیهاد، هەمیشە پەلە پەلی بوو" ئیژی مینەی موختار کەیگن"، وەکو گوللە دەرۆیشت، خیرا خیرا جەمی خواردنەکەی دەخوارد و بە پەلە پەلیش قسەی دەکرد؛ هەندی جاریش زمانی تەتەلەی دەکرد؛ بەو تەمەنە وەرزشی دەکرد، لە هەندی گەنج باشتر رایدەکرد؛ زۆر لە ئەندازیارەکە باشتر بوو، ئەم کابرایە وەرزشی ملی دەکرد؛ جلوبەرگی وەرزشی لەبەر دەکرد، و لەبەرچاو هەموو زیندانییەکان بە سەعات ملی دەسوراند و ئەم دیو و ئەو دیوی پیدەکرد؛ ملی بەقەد ملی بەرازیکی لی هاتبوو؛ نیهاد ئەفەندی گوایە لە کەرکوك نارنجۆکیکی لەناو سینەمایەك تەقاندۆتەوە! بەلام ئاگای لە هیچ نەبووە؛ بە دریژایی یەك مانگ دارکاریان کردبوو، پییان وتبوو: داوای عەفو بکە، بەرت دەدەین !

نیهاد: ئیوە دەبی داوای عەفو لە من بکەن، لە هیچ و خۆرایی دارکاری دنیاتان کردم، ئەشکەنجە لە دوای ئەشکەنجەم دەدەن، هیشتا من داوای عەفو لە ئیوە بکەم ! کە باسی عافواتیش بهاتبایە، نیهاد دەیوت: من دەرناچم ولیرە دەمینمەوە هەتا ئەو سەگ بابانە خۆیان داوای عەفوکردنم لی دەکەن!لە شەوی پیش رۆژی سەردانی کەسوکار و برادەرو ناسیاو، نیهاد گوایە ریشی دەتاشیت، بەلام هەموو روومەتی خەلتانی خوین دەکرد؛هەر جاریکیش هۆیەکی دەهیناوە!

نیهاد: دەستم زیاد رۆی تیغەکە زۆر تیژ بوو قسەیان لە گەل کردم بیرم دەکردەوە "ئی خۆ بویش زەویگە چەفتە وتەواو!"کاتیك بەو حالە لە بەردەم نەوزاد تیدەپەری ئەم پیی دەوت: ئوستاد عافیت ئۆلسو، موبارەك! نیهادیش بە بی ئاوردانەوە؛ تەنها بەدەست سوپاسی دەکرد!

رۆژی سەردان هەرچەند دەگمەن بوو، لە لایەکەوە رۆژیکی خۆش بوو بۆ ئەوانەی سەریان لی دەدرا، و رۆژیکی سەگ باوك بوو بۆ ئەوانەی کەمتر سەریان لی دەدرا یا هەر بە جاریك سەریان لی نەدەدرا؛ سالانیکە لە زیندانن، کەس وکاریان چیتر خولقی سەردانیان نەمابوو؛ یا لەبەر دەست کورتی، چونکی سەردان پارەی دەویت؛ ئەمانە پیکەوە پیاسەیان دەکرد و دلی یەکتریان دەدایەوە یا وایان پیشان دەدا وەك بلیی هیچ نەبووە وگویی نادەنی و مەسەلەکە ئەوە ناهینیت، بەلام لە ناوەوە دەسوتان؛ وەك من چۆن هەندی جار ئیسقانیشم دەسوتا؛ هیوایان دەخواست کەسیك سەردانیان بکات؛ رۆژیك بوو؛ وەك ئەم بەیانییە نەدەچووە سەر! زیندانەکە ئەوەندەی تر رەشتر دەبوو !

" ئەی پینوس، تۆ چاکەیەکم بۆ بکە، بیکە بە خاتری ئەوەی خۆشت دەوی؛ بیکە بە خاتری ئەوەی تۆی خۆش دەویت؛ بیکە بە خاتری ئاهی بی گوناهان؛ دەکریت بیکەی بە خاتری شینایی نیوان مۆم وئاگر؛ یا بۆ خاتری سۆزی بەردە بی سۆزکراوەکانی ئەلوەن؛ کە وا کاتی بۆ ناو ئەلوەن هەلدەدران، دەفرین و بە هەمو هیزیکیانەوە خۆیانیان دەخستە باوەشی؛ بیکە بە خاتری"موغربی موغاربان"تۆ باسی دایکە کراس رەش لەوەرەکان بکە؛ ئەوانەی سەرپۆشی رەشیان لەسەر بوو، و پیلاوی لاسیقیان لە پی بوو؛ پینوس هاوار بۆ تۆ دەهینم، کرنوش دەبەم، بە تەنها بە جیم مەهیلە؛ باسی کزی دەنگیان بکە؛ بیکە بەخاتری حورمەتی ئەم فرمیسکانە، قەلەم تەنها تۆ شایەتی ویران بونمی، باس بکە؛ بنووسە؛ بنووسە؛ بنووسە ئەلوەنەکەم؛ هەی ئەلوەنی ئاوازی ئاوازەکانم، بنووسە؛ گەر دەتەویت هاوار بکە؛ شیوەن بکە؛ بلی، چۆن نزیك دەبوونەوە؛ چۆن بە چاویکی کز؛ بە چاویکی کز وخەمگین؛ فرمیسکەکانیان شۆر دەبووەوە؛ لە کەلیدا لیوەکانیان دەلەرییەوە و بە دەنگیکی کز،نەبا کەسیك گویی لە پرسیارەکەیان بیت: کورەکەمتان بینیوە؟ ناوی خەلکی بالای ؟

ولامی چی بدەمەوە؟ زبان و دەنگ لە کوی بهینم؛ بلیم نەخیر دایە گیان؛.. دایە گیان نەخیر نایناسم؛ دایکەکەم من ئەوم، من کورەکەتم؛ گەر قبول دەکەیت من بە کوری خۆت قبول بکە، من ئەلوەنیم دایکەکەی دایکم، ئەلوەنی، بەچەی ئەلوەنیش کوری گشت دایکیکە؛ دەسە پیرۆزەکەت بینە ماچی بکەم؛ فرمیسکەکانت بە گلینەی چاوم دەسرمەوە؛ دایە؛ دایە، هەناسە ساردەکەت بە گلا پونگەکانی جۆگەکانی ئەم بەر و ئەوبەر ساریژ دەکەم؛ پرسیارەکەت بە قورگە وشك بووەکەم ولام دەدەمەوە؛ بە باوەشیك ئەستیرە؛ گەر رازی دەبیت ئەوە، عادل، عەزیز، عومەر مەنسور، خەلیل، عەبدو،ریاز، مەحمود تاماز، جەهاد ، کامل، حوسین شیخی ئەلوەنزادەکان دەبن بە کورت؛ ئەوە هەموو چیاکان؛ ئەوە کەلاتی عەزیم؛ باوکی هەموو چیا وهەور وگومانەکان؛ هەر هەموویان بۆ تۆ !

دایکەکان هیچیان نەدەویست؛ ویلی کورەکانیان بوون؛ کۆلیان نەدەدا لە پرسیارکردن !

ـ براکەم، .. دەناسیت ؟

ـ کورەکەم، بینیوە؟

بە سەرپۆشەکەیاندا رومەتیان دەسرییەوە زەمین لەبەر نائۆمید بوونەکەیان دەلەرزی؛ وشەیش زەلیلە لە دەربرینی چرکەی چاو دانوقاندن و سەرداگردنیان لە کاتی بە جی هیشتن و گەران بە دوای کەسیکی تر و دوبارە کردنی هەمان پرسیارە دووبارە کراوەکان!

.. ی اااااا غەوزەکەی بەغدا،هاوار، هاوار،هاوار پەنا بۆ تۆ دەبەم، خیری باوانت، لەم چرکەیەدا ژیر بالم بگرە یاغەوز؛ یا غەوزەکەی سۆفی فاتە، بیکە بە خاتری ئەو نانە وردیلانەی دەمدا بە کۆترەکانی ناو حەوشەکەت؛ کورە دەستم بە دامینی تۆ غەوزەکەی بەغدا؛ دەخیلت بم فریاد، فریاد رزگارم بکە لە بینینی نیکا شکستەکانی دایکە عەرەبەکانم، لە بیرمیان ببەرەوە؛ ئەمە حال نییە تیدام بەم بەیانییە؛ لە ناو ئەم حوجرەیەدا :

من تەنها و مەرگ تەنها !

من تەنها وشکست بونی مرۆڤ !

ـ تف لەو ولاتەی وا زیندانی تیدایە.

ـ کورە غەوزی چی؟ کە حاجی عەوللا لە دوورەوە چاوی بە تۆ دەکەوت لە ریگاکەی میلان، دەیوت" هۆ .. هۆ هۆ ئەوە زورنا لیدەرەکەی جەهەنەم هات، سەگە سوورەکە هات؟

ـ کە بەیەك دەگەیشتین،" دەستی یەکترمان مۆچ دەکرد".. جاریك دوو .. سی ..پیدەکەنی، دگانە بەلە زەرد هەلگەراوەکەی لە گەل هیلە قولەکانی سەر روخساری ژیانیکی بەرینی ئەمان و بانگەشەی بەهار بوو؛ کارکردن و تینی رۆژ لە ناوچەوانی بەبی پرسیارکردن دەبینرا؛ گۆچانەکەی دەستی دەکەوتە پیشی؛ دەچوینە مالەوە؛ پیکەوە چاکەمان دەخواردەوە ؛ باسی راز و نیازەکانمان دەکرد؛ گەمە و گالتەمان دەکرد... کە قورئان هەلگرەکان، کە ئەولادی ئەو قوریشییە بازرگانەی وا کچی نۆ سالی زەوتکردووە، کە سەعد و خالد و بەکر وعەلی وحەسەن وحوسین شالاوی ئەنفالیان هینا، حاجی عەولایان لە گەل خۆ برد ، لە ناو مۆلگاکەیان قایمیان کرد؛ لە شەویکدا پییان وت: برۆ بۆ مالەوە!!

حاجی عەولا: ئاخر بەم شەوە بۆ کوی برۆم؛ نە پارەم پییە؛ نە مالی ناسیاویك دەناسم؛ با ئەمشەویش لیرە بمینمەوە!

کە رۆژ ببوەوە؛ حاجی خۆی کۆکردبۆوە؛ بەلام بەر نەدرا؛ گولەباران کرا..

حاجی هەزاران باقە گول لەسەر گۆرەکەی بیت،منداليك بوو؛ منداليکی ردين سپی؛ دل پاك و بە حورمەت؛ منیش وا ئیستا بەم بەیانییەدا، گویم لە دەنگی هۆرەکردنەکەیەتی بۆ مالئاواییەکەی قازی؛ سەری نەوی کردبوو؛ گۆچانەکەی دا بە بەر خۆیدا و بە چەماویەوە رووی کردە یالەکە: هۆ، هۆ هۆ، هۆ، هۆ برا اااا، برااااا هۆ...

تفەنگەکەی شانت، پەنجا پیاو بوو بە دواتەوە هۆ هۆ هۆ برا

یالەکە وکوچکەکانی خرەکە وجۆگە ئاوە درێژەکە کەوا حاجی بە تاقی تەنها بۆ ئەو بەری رونی هینابوو، دەنگیان لیوە دەرنەچو؛ هیچ مەلیك نەدەفری؛ روخسارەکان تەنها سکوت بوو ومەرگ وگیانی هەناسە وجولە لی براوی تا ئەبەدی حاجی. من لەویدا بۆ یەکەم جار چاوم بە مەرگ کەوت ..

هۆرە ئاوازیکی ئیجگار غەمناکی ئەلوەنە؛ ئاوازی وەرزی پایزی ڤیڤالدی لە ئاستیدا لە هەندی گرفتی ماسی بچکۆلەکەی سەمەد دەچی؛ هۆرە تەجەلاتەرین هەست دەربرینی تەنهایی مرۆڤە ..
ئەزانن چی؟ " تیئۆرەکان رەنگیان بۆرە، بەلام داری ژیان هەمیشە بە سەوزی دەمینیتەوە!!"

من ئیستاش هەوم، هەروا غەوزیش شوعی زەمانی خۆی بوو! ئەوساکە سنگم دەرگای غەوز بوو؛ بۆ کویر وشەل و پەککەوتوو نەدار وبرسییەکان کراوە بوو؛ بە خۆرایی شۆربایان دەخوارد. لە یادمە، لە تەنیشتی دەرگاکەی ژووریك هەبوو، پیاویکی بە تەمەن؛ کراس چەرمی، ردین سپی لی دادەنیشت؛ نوری لی دەباری، پیاو حەزی دەکرد تەماشای بکات؛ هەر جاریك لەوی تیپەربیام، رادەوەستام و تیر تیر تەماشایم دەکرد؛ لە نهینی دەچوو، چەند جاریك لە پیشی دەرگاکەی دەهاتم ودەچوم، دەمویست بزانم چی دەکات؛ تەنها بەیەك شیوە دەمبینی: بە کۆمی دانیشتبو و خەریکی خویندنەوە بوو، بەحال ماوە مابوو لە نیوان چاو وکتیب و لاپەرەکانی بەردەمی !.
ـ ئەمە کییە ؟
ـ کورم ئەمە فرەزانیکی گەورەیە، موریدیکی بەناوبانگی غەوزە ..

هەندی جار بەو دایکانە دەوترا: دایە گیان دوور نییە، کورەکەت لە پشت ئەو دەرگایەدا بیت کە وا بە رەنگی سوور لەسەری نووسراوە: لاگەر!
ئەوە لاگەری کالا وکوتال نەبوو؛ لاگەریکی بەشەری بوو! هەندیکیش هەبوون درۆی سپییان بۆ دەکردن؛ یا دلیان دەدانەوە! دایکیکی زۆر دەهاتن بۆ پرسیاری جگەرگۆشەکانیان؛ دەیانویست تەنها چاویان پی بکەویت، لە باوەشیان بگرن، بە سەریانەوە بگرین، دلیان بدەنەوە و هیچی تر.
ولاتەکەم، ولاتەکەم !
هەی ویران بوو و زیندانەکەم
کووا ژیان، کووا بەفا ؟!
ئا .. ئا، ولاتەکەم پیلاوە لاستیقەکانی پیی دایکەکانمە...

لەم رۆژەدا هەندی لە وانەی هاوسەریان هەبوو؛ پەنایان دەبرد بۆ دۆست و برادەرەکانیان؛ لە کاتی پیویست پارەیان دەدا، بۆ ئەوەی وەك چاودیریك لە بەردەم ئاودەستەکە راوەستن و خۆشیان لە گەل هاوسەرەکانیان بۆ ناوی برۆن؛ بە پەلە پەل تیکەلاوی یەکتر بن.
ـ خۆت داکەنە، دەی خیرا خیراکە هەمووی دامەکەنە ئەوەندە بەسە! هەناسەیان سوار دەبوو، بەحال دەنگیان لی دەردەچوو تکات لی دەکەم خۆت راگرە، دەنگ دەرمەکە .. تۆ جاریك خیرا .. تۆزیکم ماوە .." کەس نەهات ؟"

ـ تۆقت دەرچیت، خەریك بە بۆ خۆت، نەخیر کەس؛ لیدە بۆ خۆت!

بە قوربانت بم .. ئۆخەیش ...!

ئاودەستەکەی قاوشی ژمارە سی ببو بە باشترین ژووری نووستن !

ئا... ئـا ، وەتـەن ئاودەسـتخانە بـوو؛ بۆنـی گـوواوی لی دەهـات؛ ئالاکەیشـی ئـەو دەستەسـرانە بـوون، کـە زیندانـی وهاوسـەرە شکسـت وخەمبارەکانیان خۆیانیان پی پاك دەکردەوە !

ـ ئەی یاسا ؟

ـ شەرمـەزاری وتۆقین و تەل بەند !

ـ رەوشت ؟

ـ رەشاشی پۆرسەعید و پەتی خنکاندن !

ـ زانست ؟

ـ بە کۆمـەل کوشتن و رەش بگیر !

ـ بیروباوەر ؟

ـ یەکگرتن، ئازادی، سۆسیالیزم دەولەتیکی بە هیز؛ شارستانییەتی نەتەوەی عـەرەب؛ سەرۆکی گەورە و مـەزن !

ـ خۆشـەویستی ؟

ـ سەدام.

ـ تابلۆی هونەری ؟

ـ سەدام.

ـ خەون ؟

ـ بەریوبەرایەتی ئاسایشی گشتی .

ـ پیکەنین ؟

ـ پیلانیکی دوژمـن

ـ سروود ؟

ـ یەکیتی پارچەکانی ولاتی عـەرەبی

ـ فەلسەفە ؟

ـ گەلی عـەرەب نامریت !...

نەوزاد ئازەری، کارمـەندی ئۆرزدی باك لە کەرکوك وفایەق تازە ببوون بە زاوا ، سەریان دادەنا لەلای یـەك، وهـەر خوتـە خوتیان دەهات وهەندی جاریش لە داخاندا بۆ خۆیان بە ئەم ئەو رایان دەبوارد ولە پالیەوە هەناسەی ساردیان دەکیشا بۆ باری لاری ژیان و چارەنووسەکەیان !

نەوزاد: ئەم خوینریژانە نەیانهیشت؛ شاییەکەیان لـی تال کردم؛ کورە هەی باوکەکەیان بگیم بۆ ئەم حالەی بەسەریان هینام؛ ئاخر ئەمـە حالە! پاش حەوت سال تیدەچم ! کی دەزانیت چیم بەسەر دیت، کی دەلیت ئەو هەتا ئەو کاتە چاوەروانیم دەکات!

فایەق: براکەم حالی چی، بۆ حال ماوە، بەلام ئەلیی چی، ئەمـانە وەحشن وەحش و توشمان بوون، دەی کورە ئەمەش تـەواو دەبیـت! تـۆش پیویست ناکات ئەوەندە رەش بین بیت؛پیویست ناکات لە ئیستاوە ختورە و ترسی بە جی هیشتن لە دل بگریت؛ ئەزانی تـۆ قسـەی قـۆر

دەکەی، مرۆڤ دەمیکە بە تەنها بە جی هیلراوە، پاشان ئەو مافی خۆیەتی چاوەروانی دەعبایەکی وەك تۆ بکات یا نەکات ؛ تۆ جاری برۆ سمیل قەلەمیکەت بگۆرە، یا هەر وەك خالد بیتاشە!

نەوزاد: مافی چی؛ من خواستومە.. بەجیم بهیلیت سەکتە دەکەم !

فایەق: وا ئەزانی تاپۆت کردووە؟ راستە ناخۆشە، بەلام ئەلیی چی، ژیان وایە !

هەندی جاریش فزەیان لیوە نەدەهات؛ کەسیان ئاگای لە وی تر نەدەما، دەتاسان؛ روخساریان جاریك مۆن دەبوو و جاریك بزەی خەندەیان دەهات !

نەوزاد: بە کوی گەیشتییت ؟

فایەق: نازانم، ئەی تۆ ؟

نەوزاد: لە لای ئەو بووم، باسی شاییەکەمان بۆ یەکتر دەکرد!.دنیایەکمان پیك دەهینا لە هەموو رەنگەکان(بی دەنگی) نەدەبوو رۆژیك ..سەعاتیك درەنگ تر بمگرن؟.سەر رومەتی تەر دەبوو برا، ئەگەر نەگریم چی بکەم؟ ئەوجا گریان چ سودیکی هەیە؟ سەد سالی تریش بگریم هیچ نابیت! لیرە تاوانبار و بی تاوان جیاوازیان نییە: هەردووکیان دەبی سزاکەیان بە سەر ببەن! من تاوانم نییە، بەلام بۆ ئەوان تاوانبارم؛ وا دەزانن گیڤارەیان دەست کەوتووە؛ تاقە تاوانی من ئەوەیە، مرۆڤم، وەك هەر مرۆڤیکی تر، تەنها نەمدەویست ببم بە دەنگیان، ئەمەش زۆر بوو بۆ ئەوان؛با با، من هەر بەراستی گیڤارەیەکم بۆ خۆم،دەنا بۆ دەمگرن؟ لەمن دەترسان بۆیە زیندانییان کردم؛ بە گرتنی من چی گۆرا ؟ هیچ،هەر هیچ ! چۆنە ئیستا بۆ لای بەریوەبەری زیندان برۆم،پی بلیم:کە بە گرتنی من هیچ نەگۆریت بۆچی ئازادم ناکەن؟ هەروا منیش تاقەتی زیندانم نەماوە، بەسە ئیتر"ئەگەر هەوەسە،بەسە"، دەمەویت بۆ لای هاوسەرەکەم برۆم، ئەو چاوەریم دەکات! ئەری فایەق چۆنە بلی: باشە، فەرموو، بە خیر بچیت، داوای لی بوردن دەکەم؛ هیوادارم دلتان لە ئیمە نەرەنجیت، سەلاوم هەیە بۆ هاوسەرەکەت !

فایەق: خۆت ئەوەندە کەر مەکە، ئەمانە وشەی وا نازانن بە کار بهینن، ئەمانە کوری گەوادن؛ بۆ نازانیت؟ هەزار ئاوی گەوادیان خواردۆتەوە؛ باکیان بە من و تۆوە نییە؛بە شەق تیرت دەکات؛ دوریش نییە بلیت شیت بووی و بە دارکاری بتبات بۆ ناو زیندانە تاقە کەسیکان! ئەوجار چی دەکەی؟

نەوزاد: ئەگەر وام لە گەل بکات، بە هاواریك پی دەلیم" قورت بەسەر نەگبەت، تۆیش زیندانیت، دلت بە چی خۆشە؟ ئەوە نییە تۆیش شەو و رۆژ لیرە بەسەر دەبەیت؛ تۆ گالتە بە خۆت دەکەی"؛ فایەق جا وا نییە؟ جیاوازیکە هەر ئەوەندەیە، ئەو جلوبەرگی سەوزی لە بەرە و من جلوبەرگی بۆریان لەبەر کردووم؛ئەو رازییە بەو رەنگە، بەلام من بە زۆر لەبەریان کردووم؛ من بە زۆر بۆ ئەم جیگا بی تام و لەزەتە هیناویانم؛ ئەو خۆی بۆ ئیرە هاتووە؛ های های؛ باشە ئەو کابرایە بۆ ئەوەندە کەرە؟ کەر لە چاوی ئەو پاشایە؛هەموو شتیکی ترسناکیان لی چاوەروان دەکریت !

فایەق: گرنگ ئەوەیە مرۆڤ نەکوژیتەوە، هەر وا بە گیرساندنەوە بمینیتەوە؛ ئەوان مەرگ بلاودەکەنەوە، ئیمە ژیان! ئەمە هەموو مەسەلەکەیە !

نەوزاد: گیرساندنەوەی چی؟ تك تك.. تاك تك تاك دەبی بە دریژایی حەوت سال لە سەر ئەم جیگایە بە تەنهایی بە سەر ببەم؛ کات دەروات و ناگەریتەوە؛ منیش دەبی دووبارەی هەمان شتە دوبارەکراوەکان بکەمەوە؛لە دەرەویش شتیکی وا ئومید بەدی ناکریت..!

فایەق: نەوە کەلە زل؛ پیموابیت، ئەمانە پیشتر زانیویانە ئیمە حەز لە چارەی زیندان ناکەین، بۆیە لە بن ملیان گرتین و بۆ ئیرە هاوردیانین !

نەوزاد: بی تاوان!

سزا: حەوت سال زیندانی

فایەق(هونەرمەند) کوری کریکاری نەوت سازی: "تاوانبار"!!

سزا: حەوت سال زیندانی !

چارەنووس: پەنابەر لە نەمسا

نەوزاد مەحەمەد: بی تاوان!

سزا: حەوت سال زیندانی!

کەنعان شیرزاد ، کوریکریکاری نەوت سازی: بی تاوان

سزا: حەوت سال زیندانی !

تاوانەکەی ئەوە بووە، رۆژیك براکەی میوانی هاتبوو ئەم چایی پیشکەش کردبوون !

کەنعان: خۆزگا لە جیاتی چای، قوزەلقورت بیامە پیبیان، ئەوە کەی چای بی؛ ئاگری بی و چویە عومرم؛ من جوزانم !

(وەرگی)ش لەولاوە دەیوت: گووی وە خودای خالو جومعە، ئەی ئەی، خۆ دروو دروو هاوردەمە ئەبو غریب، ئاخر ئەیە کار بی کردیدەی !

مەحمود سەوزئەلی (کریکاری بارهەلگر): بی تاوان.

سزا: دوو سال زیندانی

چارەنوس:...

جەهاد(کریکاری هوتیل): بی تاوان

سزا: دوو سال زیندانی

چارەنوس:...

عادل باوە موراد(سەرباز): بی تاوان!

سزا: دوو سال زیندانی !

چارەنوس :...!

عومەر مەنسور(سەرباز):...

سزا: دوو سال زیندانی!

چارەنوس: بی کار

عەزیز مەلا حەسەن(کوری دوکاندار)، قوتابی ئامادەیی: تاوانبار!

سزا: حەوت سال زیندانی !

چارەنوس: پەنابەر لە ئەلمانیا.

خالد وەهاب(کوری کریکار)، فەرمانبەر: تاوانبار!!

سزا: پازدە سال زیندانی!

چارەنووس: لە سلیمانی تیرۆرکرا!

تالیب مەحەمەد(کوری کریکار)، یاریدەری پزیشك: ...!

سزا: دە سال زیندانی !

چارەنوس:...!

ئەحمەد سالح(کوری کریکاری نەوت سازی)، فەرمانبەر:...

سزا: دە سال زیندانی !

چارەنوس:...!

ریاز سەلاح(کوری ئاسنگەر)، قوتابی زانکۆ: ...

سزا: حەوت سال زیندانی !

چارەنوس:...!

مەحمود وارانی(کریکاری دارتاشی): ...

سزا: حەوت سال زیندانی !

چارەنوس: شەهید.

سەلام عەبدوللا، کوری کریکار، (مامۆستا):...

سزا: دوو سال زیندانی !

چارەنوس: پەنابەر لە ئەلمانیا.

عەبدولخالق غەریب(کوری پۆلیس)، کارمەند:...

سزا: حەوت سال زیندانی !

چارەنوس: بازرکانی دۆروا!

حوسین قاسم (کریکار): تاوانبار !

سزا: پازدە سال زیندانی !

چارەنوس: بی کار.

فوئاد عەلی(کارمەند): تاوانبار !!

سزا: حەوت سال زیندانی !

چارەنوس:...!

تالب رەئوف قەیتەران:...

سزا: پازدە سال زیندانی !

چارەنوس: بازرگانی دۆراو!

کامل خورشید(کریکار):...

سزا: حەوت سال زیندانی!

چارەنوس: شەهید.

جومعە عەزیز(کوری هەژاریك)، کریکار: تاوانبار!!

سزا: پازدە سال زیندانی!

چارەنوس: لە ئیران کوژرا!

ئەکرەم(کریکار):...

سزا: پازدە سال زیندانی !

چارەنوس: لە کاتی خزمەتی سەربازی گولەبارانکرا

مەحەمەد جاسم(بنەمالەیەکی هەژار): بی تاوان!

سزا: حەوت سال زیندانی !

چارەنوس: لەکاتی سەفەر بۆ مۆلگەی سەربازی، لە ناو ئۆتومبیل سوتا.
خەلیل جەلال: (کریکار):...
سزا: دوو سال زیندانی !
چارەنوس:...
عەدنان شیرزاد(کوری کریکار): تاوانبار!!
سزا: دە سال زیندانی !
چارەنوس: پەنابەر لە سوید.
حوسین سەید(کوری مەلا) کریکاری دارتاش:...
سزا: حەوت سال زیندانی !
چارەنوس:...

یەکیك وەك عادل و مەحمود بەیناو بەین بەر لووتی(...)دەکرت و زمانیان کول دەکرد!
عادل پیی دەوت: وەللا گشتی تاوان مشکیگەدە؛ ئی داکەنەی ئیتر، ئیژی مەیمونی !
مەحمود سەوزئەلی: وە حەمالیگە رازی بیم، تو بەدبەختم کردید، بەلام گەردەنەت ئازاد بود؛ تەعزیبەگەیان خەر ئەتراند !
هەر کەسیکیش تاوانی گرتنەکەی دەخستە ئۆبالی کەسیکی تر؛ تا رادەیەك لە گەل چارەنووسەکەیان راهاتبوون؛ هەرەشەی دنیاش دەکرا بۆ پاشە رۆژ؛ ئەو بەربوونەی کە وا هیچ لەزەتیکم لی نەبینی؛ نە بای ئازادی و نە پیکەنین، زۆربەی برادەرەکان لە ناو زیندان دەمیننەوە؛بە تەنها دەرچوون تامی نییە وەك ئەوی بە کۆمەل بەربوون؛ دەرەویش زیندانە، زیندانیکی گەورە ،ودەنگی بۆمباکردن هیشتا هەر کپ نەببوەوە؛ ئەوە نییە ئیستایش لەیرە و لەوی دەنگیان دیت؛ ئەلیی برا ئەگەر جەنگ نەبیت؛ گەنم سەوز نابیت! نان تەنها بە جەنگاوەران دەدرا؛شەوە دروشمی"هەموو شتیك لە پیناوی جەنگ"دا هەلگرتبوو؛ شارستانییە سپی رەنگەکان، ئەوەندە تۆپ و فیشەکیان بەرهەم هینابوو(هیناوە)؛ بەشی چوار جەنگی جیهانی تر دەکات، ئەلیی دیموکراتییەت لەسەر نوکی فیشەکەکان بەریوەوە دەچیت!

ـ ئەی خۆ ئەمان نەهاتوون بە زۆر چەکەکانیان بەوان بفرۆشن
خۆیان بوون بە سەگی هار بە گیان خەلکەکە؛شەر بەرپا دەکەن
ـ ئەمانە دروستی دەکەن؛ ولە هەر جیگایەك دەسکردەیەکی خۆیان قیت کردۆتەوە؛ دە گیروگرفتیشیان سازداوە؛ بازار هەی بازار؛ هەزار پیپانۆ دەکەن بە قوربانی بالی فرۆکەیەکی جەنگی !

... لەولایشەوە، گوگوختییەك فیر ببوو هەموو رۆژیك لەسەر دیواری گۆرەپانی زیندانەکە دادەنیشتەوە، دووریش نەبوو هەر جاریك گوگوختیەکی تر بوویبیت؛ کە دەفری هەموومان ئاواتمان دەخواست ببین بەو گوگوختییە بەلام پۆلیسی سەر بورجی چاودیریکردنەکە خەندەی سەر لیوەکانی سارد دەکردەوە؛ نەیاندەهیشت لە گەلیاندا بفرین؛ بالەکانیان دەشکاندین بەلام هیچ هیزیك نەبوو ریگا لە خەونەکان بگریت، شەوان خەون حوکم رانی دەکرد؛ بە نهینی دیوارەکانیان دەروخاند؛ دەفرین و لە لیواری ئەلوەن دادەنیشتنەوە، یا لە باوەشی گەرمی خۆشەویستەکان دادەبەزین هەموو رۆژیك خەوم بە ئەوینەکەم دەبینی، باوەشی گەرمی بۆ دەکردمەوە" کی دەلی من زیندانیم؟ "زۆربەی شەوان لە لیواری ئەلوەن شایی ولۆغان بوو، کە بیدار دەبومەوە لە قەرەویلەکەوە سەرم دادەگرت، پیش ئەوەی بەیانی باش لە فایەق و نەوزاد بکەم، خشەیان دەکرد لە پیکەنین !
فایەق: ها؟ دیسان ؟

- ...

نەوزاد: ئەللاهو سیکەم ئۆغلان!

- فایەق: ها... ها... ها... فرۆید وتی...!

کورە فرۆیدی چی، فرۆید کەلە شەکری شکاندووە! مرۆڤ لە واقیعدا لە ئازادی بی بەش بکریت، بە خەون پیدەگات؛ خەون مانیفیستی زیندانیکانە؛ خەون، پەپولەیەکە؛سولتانیکی جەربەزەیە کەس نییە بتوانیت زەفەری پی ببات؛ هەر رۆژیك بە جۆریك بکوژەکان هەلا هەلا دەکات؛ لە چرکەیەکدا هیواو وئاواتەکان هەرچەندیکیش دوور بن،دەهینیتە بەر چاو و دەلیت: فەرموو لە ناویدا هەلپەری؛ ئەوە ئەلوەن، ئەوە پردی رۆح؛ ئەوە ئەوینەکەی تەمەن؛ هەر یەکتری لە باوەش بگرن تا خەوتان لی دەکەویت؛ ئەوە نان و ئاوی هاوبەش، ئەوە ئاوازە بالا بەرزەکان؛ ئەوە کەلات، ئەوە بلویرەکەی رەحیم، ئەوە ئای چەند بەختەوەر دەبووم؛ گەر پاسەوانەکان بیانزانیبایە، هەم خۆم و هەم خەونەکانمیان لە گۆر دەنا "سوپاس بۆ نهینی پاراستنی هەردوو لامان"با جەلادەکان هەر بۆ خۆیان بلین:تۆ زیندانیت؛تۆ لە ژیر دەسەلاتی ئیمەی؛ ژیانت بە دەستی ئیمەیە؛ نق بکەیت، نقینت دەبرین! ئەم قسانە هیچ نرخیکی نەبوو؛ هەندی جار وام دەزانی خەو دەبینم، کە زیندانییە سیخورەکە شەری پیفرۆشتم، خۆیشم نەمزانی چۆن لە بەردەم هەموو زیندانیکان سەرو گویلاکیم داگرت، بەلام پاشان شەلاقینیکی وایان پیکردم، نەمدەزانی لە کویوە بە سەرم دادەبارین؛ چی خەون هەبوو لە لووتیانەوە دەرکردم ! بەلام پاشان هەر خەونەکان بوون، دەهاتن و پیکەوە رامان دەکرد ، لە تۆی دیوارەکانەوە دەردەچوین ودەرۆیشتین؛ بە پەلەی تیشك هەموو دنیامان دەبینی

دەلین: خەون راستی مرۆڤە !

دەلین: نەخیر خەون مامانی مرۆڤە !

دەلین: خەون خۆ هەلخەلەتاندنە !

دەلین: وا نییە مرۆڤ خەونیکی لە بن نەهاتووە !

دەلین: هەردووکیان یەك شتن، نە خەون دەتوانیت بەبی مرۆڤ بژیت، نەیش مرۆڤ بە بی خەون !

دەلین: گەر خەون لە ناو مرۆڤ مرد؛مرۆڤیش دەمریت!

-" ئاگاداری .. ئاگاداری:یا ئەه ال ی مەدینەت ئەلکیراااارام، چەند دەتوانن خەونەکانتان بەرین بکەن، تا دەتوانن خەونەکانتان لە پانتایی زەمین گەورە تر بکەن؛ لە کەلات بەرزتر؛سواری سەر شانی ئەلوەن بن و چەپکە گولی سووری باغەکانی شارەکە لە یەخەی زەمین هەلواسن؛ بە سەر ئەستیرە دوورەکان دابەشی بکەن؛ با پرژی ئەلوەنیش بەر روخساریان بکەویت، گویی هەموویان بە ئاوازەکانی شمشالەکەی رەحیم پر بکەن. ..

جاریك پیلانی زیندان شکاندن هاتە پیشەوە، ئەسعەد وتی: هەمانەی غازەکان بە کار دەهینین یەکیکی تر وتی: دەتوانین بە شەو بەسەر دیوارەکەوە باز بدەین.بەلام هیچ رووی نەدا....

(جەلادەکان،

ئەم شەو سلولەکەم

بە وشەی ئازادی دوو گیان کرد !(زیندانییەکی تشیلی نەناسراو)

لەولایشەوە شەوە چاك و خراپەی میژووی گەلی عەرەبی خستبووە دەستی باوکی ویداد؛ ناوی لی نابوو شمشیری دەولەت؛ کابرایەکی رەنگ زەردی گۆشت خاوی بالا کورت، رۆیشتنەکەی نائاسایی بوو، تەماشای هیچ لایەکی نەدەکرد ، هیچ نازیکی پیوە نەبوو، رەنگی کوشتن و تۆقاندن پیوەوە دیار بوو؛ ئەتگۆ هەر بۆ ئەوە دروست بووە ببیت بە ئامیریك بۆ پەت خستن بە ملی مرۆڤ؛ هیشتا قوربانییەکانی پەلەفرتکییان دەکرد ، ئەو سەعات وپارچە ئالتونەکانیانی دەدزی؛ پارەکانیانی دەخستە گیرفان.

چۆن دەیتوانی بژیت؟ مەبەستم،چۆن ژیانی رۆژانەی بەسەر دەبرد؟پیدەکەنی ؟ خۆشەویست یا مندالی هەبوو؟ ئەی برادەر و دۆست؟ پاسەوانەکانیش قسەیان لە گەل نەدەکرد ، تەنانەت لیبیشی دەترسان! ئەو جیگایە ئەوی لی بنوستبا کەس لە سەری نەدەنوست! ئەوە کی وای لیکردووە ببیت بە ئامرازی کوشتن ؟

محیدین: گرفتەکە ئەمانە نین! گرفتەکە ئەوەیە، بۆچی وشەی زیندان کەوتووەتە سەر زاران؟ زیندان بۆ هەیە؟ سوودی چییە؟ خۆیان زەمینە بۆ تاوان دروست دەکەن، پاشان دین هۆکانی لەناو نابەن؛ مرۆڤەکان سزای زیندان دەدەن! خۆیان خولقینەری زیندانن؛ خۆیان رۆح و گیانی زیندانن، بەبی وی ناتوانن هەبن؛ ناتوانن دریژە بە تاوانەکانیان بدەن؛ بۆیە دەبی بەبەردەوام تاوان بەبەرهەم بهینن !

((باوکە، بۆچی گورگە بەدخۆکە ناکوژن ؟

دایکی خۆم، هەولی کوشتنی دەدریت، بەلام گورگە سپییەکانی هاو خووی زۆر دندانیان تیژکردووە، بۆیە هەتا ئیستا زەفەری پی نەبراوە، بەلام بۆ کوی دەچیت،هیچ جارەی نییە !))

**(٣)**

**ئەم بەیانییەم لی بووە بە زیندانیکی گەورە، هەرچەند بەر تەسك ترە لە زیندانە ئینفرادیکان؛ لە تووی خانەیەکی ناو میشکمدایە، بەلام جیگام تیدا نابیتەوە، بە عەمەلیاتیش دوور ناخریتەوە هەر بۆیە منیش یاران، یارانی زیندان شکین، شکینەری هۆکانی زیلەت: دل هەر یەکیگە وسەوزە بردگەسەی !**

**سەوزەیش دوورە و"خیلی دوژمن دەوری داوە "**

**ئەم بەیانییە دەمزانی توانام بە سەر گۆرینی شتەکان ناشکیت، سەردەمی پالەوانچیتی هرقەل و عەبدوللا و شەمشون و رینگۆ و عەنتەر ئەبن شەداد دەمیکە بەسەر چووە وهەر وا خۆ بە حەزی من نابیت، دەشزانم دەستەلاتی کەسەکان لە میژە زەوتکراوە،کابرا هەرچەند بە خۆی بنازیت وفشە فش بکات سودیکی وای نابیت! بە تایبەتی لەم سەردەمەی ئیستادا؛ زەمین ئەوەندە بچوك بووەتەوە،دەولەتەکان بوون بە گەرەکی بچوك؛ هەندیکیان بە گەرەکی بن بەست؛ دەریا وئۆقیانۆسەکانیش پیس کراون، وەکو سەرچاوەکەیان بەر تەسك بونەتەوە؛ مرۆڤیش هەست بە جی تەسکی دەکات، بەلام نەمدەزانی بۆچی پاش هەمان بەزمە قۆرەکان: میزکردن، دەست ودەموچاو شۆردن ونابەدلی چا لی نان و خۆزگە بەوەی کیسە چایەکە ببیت بە کیسە قاوە؛ بیریکی چلکن و قیزئاوەر بە میشکدا هات: ئەمرۆ میژوو کۆتایی پی دیت! دەبی کۆتایی پی بیت؛ خۆت کۆکەرەوە، هیچ داد و بیدادیك نایخوات، هاواریش بکەیت، کەس گویی لی نابیت؛ گویشیان لی بیت، کەس نایەتە دەنگتەوە، وەك کاکە کۆمار؛لە ناوەراستی مالە بەرزەکانی (گرۆنە)کە لە لایەنی کەمەوە لە هەر خانویەکی دوو سەد کەس دەژیت کوژرا؛هەرچەند داد و فریادی کردبوو،سوودی نەبوو،تا لە ناوەراستی ئەو هەموو مالانەدا؛لە سەر بەفرەکە گیانی لە دەست دا؛بۆ رۆژی دوایی دۆزیبویانەوە؛چرایەکی خۆشەویستی و دۆستایەتی کوژایەوە وجاریکی تر چاومان پی ناکەویتەوە..وتیان:جوینەکانیشی خۆشەویستی بوون؛کەس نەبوو خۆشی نەویت؛خزمەتی هەزاران کەسی کرد،بەلام کە بە هاواریش داوای یارمەتی کردبوو،کەس بە هانایەوە نەهاتبوو؛بە تاقی تەنها خۆی و هاوارەکانی لە ناو بەفرەکە خەویان لی کەوت؛سیریلانکای پرسە بار ئەوەندەی دی پرسەبار کرا...ئای لەم سەردمە ویران بووە..تازە کی پاش کارکردنی شەوان،بیرەکەی بەدەستەوە دەگریت وبە دەنگی بەرز سەلاو لە ناسیاوەکانی دەکات؛ژیان بە شەقامە مۆنەکان بدات..تازە کی لەسەر شەقام ببینیت و بە گەمە پیم بلیت"ها کەی زیندانت دەکەن؟"کەس،تەنها کۆمار بوو،ئەویش رۆی؛روخساریکی شیرین؛ مرۆڤیکی گەورە بەبی دەنگی مالئاوایی کرد!هیچی نەخایەند، ئۆردوگای پەنابەرەکان ئاگریان تی بەردا!..**

**دەلین: فاشی لە ولاتەکەمان نەماوە،کاتی خۆی هەبوون و لە ناوبران!**

**دەلین: ئەوانەی بە کاری وا هەلدەستن، مندالکارن،پەیوەندیان بە سیاسەتەوە نییە!**

**دەلین: ئەوانە چەند کەسیکی تینەگەیشتون!**

**دەلین: دەبی بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە،ژمارەی فەرمانبەری کاروباری کۆمەلایەتی زیاد بکەین!**

**هەیشە دەلیت: سیستیمەکە بە شیوازی جۆراوجۆر ئەو تاوانبارانە بۆ کارە ترسناکەکەیان ئامادە دەکات!**

**دەلین: ئەوانە رۆشنبیر وچەندین رۆژنامە وخاوەن پارەوپوولیان لە گەلدایە!**

**ئەمە چییە؟ هەموو رۆژیك شتە دووبارەکراوەکان، دووبارە دەبنەوە و منیش دووبارەیان دەکەمەوە! من بۆ بینینی بەیانیانی وا لە دایك نەبووم، بەراستی میژووی قۆناغی ئینتفریمدونگ دەبی کۆتایی پی بیت؛ ئی بەسە ئیتر، رۆحمان دەرچو، گیانمان دەرهات،بەسە!"مردن لەم حالە باشترە"! بووە بە تەوق بەسەر عالەمەکە و واز ناهینیت، هەر ئەلیی سەرۆکی وولاتانن؛هەتا نەمرن یا نەتۆپینرین واز ناهینن؛**

ئەوە چەندین سەدەیە ئەم قۆناغە بە دوا پلەی گەیشتووە،کەچی وا هەر ماوەتەوە؛ هەرچەند هەولدەدریت کۆتایی پی بهیریت، کۆتایی پیناهینریت،ئیبرایم ئەسوەد گوتەنی"ئیژی‌کیسە خواس"؛ بە لافاو خوین دەدریت؛ بەلام هەتا ئیستا هەر هیچ! دلۆپ دلۆپ بەم بەیانییەدا بەر چاوم دەگرن، یەك ملیون،دوو ملیون...سی ملیون، سەد ملیون... دوو سەد ملیون ...هەزار ملیون دلۆپە خوین خۆیان دەکەنە ژوورەکەم ودەرۆن، هەر هەموویان یەك شت دەلین: زیندان و پۆلیس ماوە؟

-...

دەلین:

قوربانیکان،

زەنگی خەندە دریژەکانی

داهاتومانن.

قوربانیکان،

دەهۆل و زورنای هەلپەرکیکانی

دوارۆژمانن ...

ئای،یاران گەر ئیوە نەبان!! ئیستاش زنجیریان لە گەردن دەکردین؛ خۆشیان ماسکە ئاسنینەکەیان بە ناو شارەکانیاندا دەگیرا:" کی هەوەسی جەنگ و بازرگانی هەیە دەبی من بە ناو شاردا هەلگری" پیش ئەوەی بۆ راوروتکردن و داگیرگرتن بەری بکەون، بە قفلی ئاسنین بەر و دوای ژنەکانیان قفل دەکرد؛ تەنها ریی میز وئاو بەدەست گەیاندنی بەر تەسك بۆ دەهیشتنەوە؛ ئەمجار ریگا دوورەکانیان دەگرتە بەر؛ بەو حالە بنەمای ئەم شارستانیەتە دۆزەخیانە دامەزراند؛ کەللە پوتەکان دەلین" وەللاهی باشیان کردووە، ئەی ری بدەن ژنەکانیان بەریان بەربلاوبیت؟بەراستی‌کەسانی بەشەرف بوون"!

- کابرا تۆ زۆر قینە لە سینەی!

- کورە ئەمانە"لەسەر مالم بدە لە بالم" ن، جاران دەچوون راوە بەشەریان دەکرد؛ کۆتیان دەکردن و بە پاپۆر بەرەو باکور دەیانهینان، کە بینیان لەوی تەنها هیزی بازو نیە، کەرەستەی خاویش هەیە، دەستیان کرد بە لەشکرکیشان، سەرباز وتۆپ وفرۆکەکانیان بەری خست، بەلام ئیستا زیرەکانەتر بیردەکەنەوە: بازارەکانیان بەسەر خۆیان دابەش کردووە؛ شەروشۆرەکانیان لەوی دەگیرن" ئاگرە سوورە لە منەوە دوورە"؛ بەلام هەر خۆشیان بە تۆپ وفرۆکە وکۆماندۆی تایبەت وەك ناوبژیکەر پەیدا دەبن؛ بانگەشەی"ئاشتی"دەکەن:

- لەشکری فەرەنسی دەچیت بۆ رواندا!

- لەشکری ئیتالیا دەچیت بۆ ئەلبانیا!

- لەشکری ئەلمانی دەچیت بۆ یوگسلاڤیا؛ لە کاتی پیویست، بە فرۆکە کۆماندۆی تایبەت بۆ ناو تیرانا دەنیریت؛ گولە ریژی خەلك دەکەن؛ وەك رزگارکەر دەگەرینەوە!

- ئەمریکیکان دەچن بۆ ناوچەی نەوت وگاز!

هەمان خوی شەوەیان هەیە!

کە پیویستشیان بە دەستی کاری هەرزان هەبیت، بەئاشکرایی وژیر بە ژیرخەلکەکە ناچار دەکەن بە خۆیان رووەو باکور هەلبین؛ ئەگەر ژمارەی هەلهاتووەکان زۆر بن؛ دەیانسوتینن یا سنورداشیان دەکەن؛ زۆر بە ئاسانی ژیانیان لی تال دەکەن؛ لە دژیاندا دەیان بریاری یاسایی دەردەکەن! رۆژنامەکانشیان هەموو رۆژیك ژەهرەکانیان بلاو دەکەنەوە: پەنابەریك لە دزی گیرا... باندیکی خارجی بە دوو کیلو هیرۆئین دەسگیر کران!...خارجییەك بە چەقۆ رەفیقەکەی خۆیی کوشت خارجیکان پیسن...خارجیچکان نازانن ماشینی جل شۆردن بەکار بهینن،خارجییەك ژنەکەی کوشت... خارجییەك مندالەکەی رفاند هتد...

هەلبەت خۆشیان هەمان ئەم کارە درژانە دەکەن...لەولایشەوە بە منیش دەلین"سەبرت هەبیت، بە پەلە نابیت، دەبی سەبرت ببیت بە دەریا"!

ئەم سەبرە گواویە چییە؟چەندی تر سەبر؟ "چرا هەلبگرە بزان گووی تی ماوە"!

دەشلین لەگەل کۆتایی پیهینانی ئەم میژووە؛ میژووی ئەلوەن دەست پیدەکاتەوە! وئەم بەیانییە لە موژدەی ئەو بەیانییە دەچیت کەوا میژووەکەیان رادەگیریت وبۆ هەتا هەتایە کۆتایی پیدیت؛ خەلك هاوار دەکەن: بەسە! بەسە ئیتر!ئەمە چ ژیانیکە؛ ئاخر ئەمە کەی ژیانە،ئەمە نەنگییە! بۆیە ئەم بەیانییە لە بەسەرهاتیکدا دەچیت لە تەمەنی کورتی مرۆڤ دووبارە نابیتەوە؛ جیپەنجەکانی وەك سیبەر لەگەلیدا دەروات، دەبیت بە بابەتی باسکردن و لیدوان، دووریش نیە لە دوا چرکەی پەلەقاژەی مەرگیش بە تیژی بروسکە لە پیش چاودا لەنگەر بگریت: پیرەژنە هاوسیکەی بەرامبەرم بە تەنها دەژیت؛ سالانیکە کەس بۆ سەردان سەری بە مالەکەیدا نەکردوە؛ بۆ بە گژداچوونی تەنهاییەکەی،بۆ پیاسەکردنە ئاساییەکەی سەر لە بەیانیانی دەروات؛ بە قاچە باریك بووەکانی دەلیت: وەرە با ئیمرۆش بە سەر هەمان جی پیکانی رابردوو پی بنیین؛ بی گومان ئەوانیش بیرمان دەکەن، وەرە با دلیان سەخلەت نەبیت، دنیا ئەوە ناهینیت، با رۆژباشیان لی بکەین، ئەوانیش دلیان خۆش دەبیتەوە"؛ قاچەکانی بەخۆیان ریگاکە دەناسن؛ زۆر باشیش دەزانیت کە لەسەرە ریگاکەیدا پیرەژن وپیاوە ناسیاوەکانیشی دەبینیت؛ دوا هەوالی هاوسی ومالەکانی دەوروبەر بۆ یەکتری دەگیرنەوە"دوینی، بە هاوسیکەم وت: پەنجەرەی ژیرخانەکەت کراوەتەوە... کچەکەم چووە بۆ سەفەر،سبەی دەبی گولەکانی ناو مالەکەی ئاو بدەم ... هاوسیکەم پۆستیکی گەورەی بۆ هات، من بۆم وەرگرت... دەلین دوو کەس لەو مالە ناژیت، بەلکو چوار کەس..."هەلبەت هەر کەسیکی کەیش بیت هەر وا دەکات، ئەی چی بۆ ماوەتەوە؟ باسی چی بکات؟ لە ناخی ناخەوەیدا دەزانیت ژیانی کۆتایی پی هاتووە، بەلام بەزەبری توانا جەستەییەکەی، ناچارکراوە هیشتا هەناسە بکیشیت؛ بەیانیان بە هەمان ریگا بۆ پیاسەکردنەکەی بروات، هەندی جاریش بە بی ئەوەی ئامانجیکی دیاری کراوی هەبیت ملی ریگایەکی تر دەگریتە بەر! لە نەنکەکەی خانم مایەر دەچیت کە وا پیش دوا رۆیشتنەکەی بە سی سال، واتە پاش دوا رۆیشتنی میردەکەی،هەموو رۆژیك دەیوت"مەرگم هاتووە... نامەویت چیتر بژیم؛ دلم دیشیت، فریام بکەون وا کەوتم؛ رۆشنایی چاوم نەماوە " بەلام ئەو کاتە رۆی کە قورساییکەی بوو بە بیست کیلو؛ تەنها ئیسقانەکەی مابووەوە؛ پیستەکەیشی دەرزی! مردنەکەی ئاسایی نەبوو، هیچ بە دووری نازانم بە هەمو هۆشیکەوە لە خواردن مانی گردتبی بۆ ئەوەی دلی بۆ ماوەیەك لە کوتان بکەویت؛ پزیشکەکان بانگەشەی مەرگی بکەن و بیپیچنەوە؛ هیچ بە دووریشی نازانم لە ناو گۆرەکەیشی هەناسەی تیدا مابی؛ ئەو کاتە مردبیت کە ئیتر ئۆکسجین لە ناو تابوتەکەی نەمابیت!

بە دریژایی سی سال مەرگی خۆیی دەخواست؛ بەیانییەکانی لی ببوون بەبار بەسەریەوە؛ مەبەستم ئەوەیە هەموو رۆژەکەی لی ببوو بە بار بەسەریەوە؛ کەس نەبوو لە گەلیدا بدویت؛ کچە خزمەتکارەکە نەبیت؛ئەمیش لە هەفتەکەدا دوو جار بۆ جلوبەرگ شۆردن و پاککردنەوەی ناو مالەکەی بۆ لای دەهات؛ خیرا کارەکانی جیبەجی دەکرد و دەرۆیشت؛ تەنانەت نەیدەویست کەسیش ببینیت؛ مەرگ ببوو بە تاقە بابەتی بیرکردنەوەی؛ لە ناویدا دەژیا؛ بە دریژایی رۆژ لە ژووری نووستنەکەیدا لەسەر جیگاکەی رادەکشا؛ هەندی جار دەیگۆ:نازانم بۆچی نامرم و رزگارم بیت لەم ئەرکە دووبارەکراوانەدا؛ ژیان بۆ من هیچ واتایەکی نییە! رۆژ هەل بیت یا نا، باران بباریت یا نەباریت؛ ئۆتومبیلیك تیپەریت یا تینەپەریت بە من چی؟چاوەروانی کەس ناکەم، کەسیش چاوەروانی من ناکات، نازانم چی بکەم، سەری با دەدا

...

سەربادانەکەشمان زیاتر پرسیارە: بۆچی ری دەگیریت لە ئاشنا بوونی دەنگەکان؟ مرۆڤەکان دەتوانن بە دەست وقاچیش یەکتری حالی بکەن، بەلام بۆچی ئەم هەموو لەیەك تینەگەیشتنە روو دەدات؟

ـ نەخیر تی نەگەیشتن نییە، پیشبرکییەکی خویناویە وزۆر بە باشی لیی تی دەگەن!

لە راستیدا کە رۆژ دەبیتەوە، دەبی هارمۆنی ودلداریەکی نوی لە نیوان مرۆڤ ومرۆڤ؛ لەنیوان مرۆڤ وسروشتی چر وپان وبەریندا ودەنگی چۆلەکەکان بە شیوەیەکی تایبەتی دەست پی بکات، کەچی مرۆڤەکان لە یەکتر نامۆن، یەکیك بەوی دی دەلیت: بروانە دەرەوە چەند جوانە!

ئەوی تر دەلیت: بروانە ناوەوەم چەند زوخاوە!

"هەر یەکیك سازو سەنتوری خۆی دەژەنی"بە بی ئەوەی کۆرالی هەم ئاهەنگ پیك بهینن؛ ئەوەی بۆ یەکتر ناسین دەستپیشخەری بکات، گومانیکی زیاتری لی دەکریت! دەلین"ئەم کابرایە زۆر سەیرە، کەس لیی تی ناگات!" بۆیە چاکتر وایە مرۆڤ حورمەتی خۆی بگریت و بە ریگای خۆیدا بروات ئەو خۆی گیتۆزیرنی خۆی دەکات،دەبیت بە هۆی گیتۆزیرنی من، ئەگەر بمەویت یا هەول بدەم سنورەکانی،ئەو سنورانەی وا بۆ خۆی دایناوە بشکینم،ریگام لی دەگریت وبە گیرەشیوین ناوم دەبات؛ بە بی ئەوەی هەولیکیش بدات بۆ ناسینم؛ کە چی لەوی ئەوەی لە ناو ئۆتومبیل یا چاخانە لە تەنیشتی کەسیکەوە دابنشیت یا پیکەوە کاریك بکەن؛ دوو قسەیان لە گەل یەکتر کردبیت؛ تا دەمرن لە هەرکوی چاویان بە یەك بکەویت بە لایەنی کەمەوە چۆنی چاکی یەکتر دەکەن؛ دور نییە باسی هاتنەریزی کارە نهینیکانیش بۆ یەکتر بکەن!

بۆ نەگبەتیش چۆلەکەکانی ئیرە ئەوەندە بیدەنگن، ئەلیی"مەری پیغەمبەرن !!"دەبن بە هۆی هەست پیکردنیکی زیاتر بە تەنهایی و بیرکردنەوە لە چارەنوسی دوارۆژی هەناسەکیشان!

ـ بۆ؟ لە مەرگ دەترسی؟ بۆچی ئەوەندە خۆت بە مەرگ سەرقال کردووە؟

من لە ژیان دەترسم! ئەم بەیانییە سامناکە دەمترسینیت، نابینیت؟ لە وشەیەکی سەر لیو دەچیت لە کاتی باویشکدان و کاتیش راوەستاوە! لە کۆتریکی بال شکاو دەچم، بە چاو دەروانم بە ئاسمان، حەزیکی شیتانە دەمگریت بۆ فرین بەلام پیم ناکریت بستیك لە زەمین بەرزببمەوە ..!

لەویدا چۆلەکەکان لە سەر دیواری کەلاوە شرەکان ولە سەر دارەکاندا دەخەوتن؛ بەیانیان زوو پیش بانگدان بە جریوە جریو دەیانکرد بە رۆژی خۆیان؛ ئافەرین چۆلەکە ئەوەندە بزیو وعەجول وکەللە هەرز و زیقن بن؛بەو بەیانییە ئەو هەموو زەوق ونەشوەیان لە کوی دەهینا؟ ئازاد زۆر جار دەیوت"خۆشحال بە خۆیان؛بریا منیش چۆلەکەیەك ببام"!

دەلین: چۆلەکەکان بە پلەی یەکەم بەرپرسیارن بەرامبەر شیوەی گفتوگۆکرنی خەلکی ئەو شارە"کەسیك نەیزانیبایە دەیگو ئەمانە لە گەل یەکتر شەر دەکەن"، هەموویان لە یەك کاتدا بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد وگوییان لە یەکتری دەگرت؛ لە یەکتریش تیدەگەیشتن"سەگ ساحیبی خۆی نەدەناسیەوە"وەك چۆلەکەکان هەندی کەس هەن دەلین: ئەی ریشۆلەکان بۆچی ئەوەندە بی دەنگن؟ بروا ناکەم گیلە پیاویك پییان وتبی: لە باکوردا دەبی میوانی بە شەرم و شکۆ بن!

ـ چما ئەمانە خۆیان زۆر بە شەرم وشکۆن؟؟"

دووریش نییە لە بەر سەرما یا نەبونی خورما وخۆر دەنگیان لە دەست دابیت؛ بۆچونی وایش هەیە گوایە" هەلسوکەوتی مرۆڤەکان کاریان کردووەتە سەر چۆلەکەکان! "دەلین سەمین گۆشت نەخۆر وتویەتی"ئەوە چاو لە چاو برگییە"؛ بەلام محیدین وتویەتی"لە یەکتری فیربوون،هەندی جار شتی وا لە سروشت روودەدات، گەشە سەندنی مرۆڤ لە ئاستیاندا هەتا ئیستا نەختیك کورتی هیناوە،ناتوانیت روونی بکاتەوە؛ دەبی فرسەت بۆ مرۆڤ برەخسیت تا بتوانیت توانا لەبن نەهاتووەکانی دەربخات !

کە چی چۆلەکە بووە بە هۆی بیزاری ونیگەرانی ئەم ئافرەتە؛ نەك هەر ئەم داماوە، بگرە هەموو باکوری گیتی بی بەشە لە بەهرەی سۆز و دلرفینی چۆلەکەکان لە رۆژئاوابوونەکانی باشووری گیتی!

دەلین: هەر بۆیە وا بی بەزەیی و درندەن !

دەلین: گەر مەلوچکیان هەبایە،تەنها لەم سەدەیە نەدەبوون بە هۆی دوو جەنگی جیهانی!

هەندی جار کە تینم پی دەگات دەلیم" حەیف نییە ئیوەش ناوتان چۆلەکەیە؛ئیوە ئاغا دەنگ نەکەرن؛ دە شتیك بلین؛ بۆچی باشن ئەگەر دەنگیکتان لیوە نەیەت؟ بەلام دەلین"گوایە لە ترسی دەنگی تۆپ وفرۆکەکانی ئیرە دەنگیان لە دەست داوەو ئیستایش نەهاتونەتەوە سەر خۆیان"چۆلەکەکان چاوەروانی قەلەبالەغی منیان دەکرد؛ دەیانەویست من بۆیان بجریوینم؛ چاوەروان بوون من دلیان خۆش بکەم؛ نازانن"سقان هات و پووس دری"بە مل لاریەکەوە تەماشایان دەکردم؛ منیش هەر دەردی دلی خۆمم دەخواردەوە؛ ئەو جارە دانەویلەیشم بۆ کرین و بەلقیکی دارەکەی پشت مالەکەم هەلواسی؛ ئازا خۆیانیان گەیاندە سەری؛ هەموو دانەکەیان خوارد بەلام نمەك حرامانە جوینیکشیان نەدا!

هاوسیکەی سەرەوە، هاوسەرە گەنجەکە و برادەرەکەیان لە پۆستخانەی شارەکە کاردەکەن، بەیانیان زوو هیشتا دنیا تاریکە بۆ سەر کار دەرۆن؛ ئەوەندە هیلاك دەبن کەس گویی لە دەنگیان نابیت؛ تەنها لە رۆژانی پشودان گویم لە دەنگی پییان دەبیت؛ بەخیرایی بە سەر پاچینەکەوە سەردەکەون یا دادەبەزن؛ خیزانە یوگسلاڤیکەی قاتی دووهەم بە خۆیان وسی مندالەکەیان، بە بی ئەوەی پرسیاریان لی بکریت، بە زۆر بۆ ولاتەکەیان دەرکران، بۆیە خانووەکە تا رادەیەکی زۆر کپ ومات بووەوە"کە دەرکردنەکەیان لە هاوکیشە جیهانیەکان هیچ رۆلیك نەبینیت، بۆچی دەریان نەکەن؟ پاشان کی بە کییە؟" ژنە رووخۆش وپرچ سپیکەی خانوی ژمارە دووی سەر جادەکە، ئەوەی وا پیش چەند مانگیك کورەکەی و هاوسەری کورەکەی لە لایەن برادەری مندالیانەوە لە ناو دوکانەکەی خۆیاندا گولەباران کران، دەرۆات بۆ دوکانی قەساوەکەی سەر شەقامەکە، ئەوەی پیش چەند رۆژیك لە لایەن دوو کەسەوە بەر لیدان کەوت وقاسە پارەکەیان دزی؛ هەموو رۆژیك ئەم کارە دەکات تەنها بۆ یارمەتیدان ونەك بۆ نان دەرکردن"چی بکات لە مالەوە؟ تەسبیحی قەزوانی سەد ویەکیشی نییە تەسبیحاتی پی بکات"

ـ تۆ باسی چی دەکەی کابرا؟ بۆچی لەویش دەمانچە وکوشتن و دزی و لیدان هەیە؟

ـ هاوسیی خۆمن و دەیانناسم، خۆیان باسیان دەکرد ، هەروا کستینی ناسیاوم کە زۆر بە باشی ئینگلیزی و فەرەنسی دەزانی،پاش تەواوکردنی دبلۆمەکەی، کاریکی باشی دەسکەوت، مەبەستم ئەوەیە ئافرەتیکی زیرەك بوو، کەچی رۆژیکیان گوایە دایکی بە دوایدا بیت، بەلام نەهاتبوو؛ کستینیش سواری شەمەندنەفەریکی تر ببوو ولە ویستگاکەی کویلن چوو بوو بۆ سەر ئاودەست ولەوی گیانی لە دەستدا؛ دوور نیە هیرۆئینی بەکار هینابی!

ئولریکەی دەنگ خۆش وگیتار ژەن؛ ئۆریکەی چالاك ئەتگوت گولی بەهارە، بۆ سەر خانوو بەرزەکەی (ئیدۆنە)سەرکەوت وخۆیی هەلدایە خوارەوە؛ بە هەمان شیوە کچە نازدار وئازاکەی بارە کۆلەکتیڤەکەی کەبالە لە خانوویەکی بەرز خۆیی هەلدایە خوارەوە؛ دەیانگۆ"ئەمانە مەبەستیان خۆکوشتن نەبووە؛ حەزیان لە فرین بووە،چونکی بالیان هیشتا دەرنەکردبوو، کەوتنە خوارەوە و گیانیان لە دەستدا"

بۆچونی وایش هەبوو گوایە"ئەمانە زەمینیان لی تال کرابوو، ویستبوویان رووەو ئەستیرەیەکی تر بفرن، بەلام هەولەکەیان سەری نەگرت"؛ ئەمانە نە لە دوور نە لە نزیکەوە پەیوەندیان بەو کچ وکورە شارستانیانەوە نەبووە کە جلوبەرگیان لەبەر کردبوو و پیلاویان لە پی کردبوو،لەسەر جیگاکەی خۆیان راکشابوون و بە کۆمەل خۆیان ژەهر خوارد کردبوو، گوایە گەشتیەکی ئاسمانی بە دوایان دیت وبۆ ئەستیرەیەکی تر دەیانبات!

کەسانی تر وتیان" ئەمانە بە مۆچکەی دایەیان نەکردووە؛ بالندە بەو تەمەنە ناتوانیت بفریت، دەبوایە چاوەروانیان بکردایە، بەلام جیقلدانیان نەبووە، بۆیە فەوتان"!
هەر ئەلیی ئەم بەیانییە گەیشتوون بە بریارەکەیان؛ لەلایەنی کەمەوە کاتی بریاردانەکەیان لەم بەیانییە چووە

ئافرەتە نان فرۆشە شۆخ وشەنگ و عەیارەکەش، کە دەیبینم، ئەو ئافرەتە حەفتا سالییەم بە بیر دەخاتەوە کە پیش یازدە سال لە ویستگایەکی ناو هانۆڤەر بینیم؛ تازە لە لای ئارایشگاوە هاتبوو، دووریش نەبوو هەر خۆی سوور و سپیاویکی وەستایانەی کردبوو؛ شەفقەیەکی سووری لەسەربوو وکراسیکی سپی لە بەردا بوو وپیلاویکی سووری لە پیکردبوو، هەموو نەفەرەکان تەماشایان دەکرد وهەندیکیان پیکەنینیان پیدەهات، هیچ خۆیی تیك نەدەدا؛ لەویشدا ئافرەتان هیشتا لە ئەوەلی پەنجاکاندان، کراسیکی رەش یا کەوی تۆخ لە بەر دەکەن؛ سەرپۆشەکەی بۆ لەسەر دەنین، ئەگەر پیشتر نویژیان نەکردبی، دەس بە نویژکردن دەکەن، وچاوەروانی مەرگ دەبن، هەر ئەلیی ئەم بەیانییە دەمرن!! ئاخر نە وا و نە وایش"نە شیش بسوزید، نە کەواو"؛ وەك هەر بەیانیەك لە گەل کچەکەیدا نانفرۆشی خۆیان دەکەن؛ رۆژباش و بەخیر بچنەکەیان ئەلیی تۆمارکراوە؛ هیچ پەیوەندی بە گەرمی دلەوە نیە؛ هەر نانەکەیان گەرمە! هەر ئاگاشیان لی نییە؛ ئەوە نزیکەی پازدە سالە لە هەمان کات وشویندا هەمان ئەو کارە دەکەن!
پیاوە بیدەنگ وهیمن و قژکورتەکەی خانوو ژمارە حەوتیش کە بە دەگمەن لە مالەوە دەردەچیت،لە بالندەیەك دەچیت مالی کرابیت؛ ئەلیی دەیخۆن ئەگەر بۆ دەرەوە بروات! دووریش نیە بیزی نەیەت بەو ناوە هاتوچۆ بکات؛ دەزانیت شتیکی دلخۆشکەرەوەی لی نییە؛ مالەکان لە قەبر دەچن؛ ئاخر بلی ئەو کابرایە بۆچی (هوندرت ڤەسەر)ی دروستکرد؟ زۆر کەس پییان وایە بۆ ئەوەی خەلك بۆ تەماشاکردنی بین و بەس؛ راستیکەیشی: بۆ ئەوە دروستی کردبوو، هەر کەسیك بە ئارەزوو وبەگویرەی فەنتازیای خۆی مالەکەی لەم بەرو لەو بەری ئەلوەندا بەو جۆرە جوان یا جوانتر وسەرنج راکیشتر دروستبکات؛ ژوورەکانیش مەرج نییە سپی رەنگ بن یا چوار سوچەیی دروست بکرین؛ دەکریت بە قەد رەنگی گولەکان بە شیوەی جۆراوجۆر دروست بکرین؛ کابرا کە نازانم ناوی چییە، وەك هەموو رۆژیك بە مل لاریەکەوە بۆ سەموون کرینەکەی دەروات؛ بەیانی باشی خۆی دەکات وگرنگیش نییە بەلایەوە ولامی بدریتەوە یا نە!
پیاوە یوگسلاڤیە قەلەبالەغەکەی خانووی ژمارە یەك بە زنجیرە ئالتونیەکەی دەست و ملیەوە، لە گەل مندالەکەی بۆ پیاسە دەرۆن، بە زمانیکی سەقەتەوە دەلیت" ژن کار، من وە مال"بە بی ئەوەی هیچ خزمیکی لە شاری مەنەلی هەبیت؛ هاوسەرە کەلەگەتەکەی زوو لەخەو هەلدەستیت و بەپاسی ژمارە یەك بۆ سەر کار دەروات؛"حەوت برا"یش بۆ ڤین سەفەری کردووە،لەوی هەر خەریکی خواردنەوەو بوخت وبوختان دەبیت؛کەلە گایەکە لەو ناوە؛حەز لە ژیانی کۆلەکتیڤ دەکات،بەلام دەست بۆ هیچ کاریکی ناو مال نابات، ئەگەر جاریکیش بۆ سویند شتیك بکات، هەزار دەهۆلی بۆ دەدات، براکەی بە کەلی بانگی دەکات

بەراستی شتیکی وا سەرنج راکیش یا دەگمەن رووندادات لەم سوچە لە بیرکراوەیەدا؛ بۆیە ئەگەر وتەی"هیچ شتیکی نوی لە ژیر رۆژ بەدی ناکریت" راست بیت، ئەوا بۆ ئەم بەیانییە راستە ودەگونجیت؛ئاسمانیکی مۆن ودل کوشندە وەك میژووەکەیان؛ میژووی بالا دەستەکانیان؛ ئەلیی دەقەی ماتەمینە؛ بەس نیە لە میژووەکەماندا شەرمان بە کەس نەفرۆشتووە؛ بەس نیە داگیرکەرنەبوین؛ لەشکرکیشیمان نەکردووە؛ مرۆڤمان کۆت وزنجیر نەکردووە ؛ هیچ تەلاریکمان نیە وەکو تەلارەکانی بەرلین، لەندەن،روم و پاریس و ئەسین هتد... هەر چەپۆك بەسەر بووین؛ بەلام ماسۆخیست نەبووین؛ هەمیشە بەرگریمان کردووە؛ ئەوەی لە ناو مالەکانماندا لیی داوین؛ لیمان داوە؛"ئەوەی گوومان بەسەر بکات،گووی بەسەر دەکەین"خۆشحال بەخۆمان؛ خۆشحال بەم سەروەت و سامانەی وا بۆمان بە جی ماوەتەوە؛ ئەمەیە سەروەت وسامان؛ دەستی ماندوی یارانمان خۆش!
ئەم بۆچونە ئەوە ناگەیەنیت خوینریژ وناکەس بەچە وچاش وخۆفرۆش و پۆلیسمان نەبووە؛ نازانم کام سمیل زلی تەرەس بەناوی منەوە ئازەری کوشتووە، لەبەر ئەوەی ئازەری بوون؛ کە ناوی ئەرمەن دیت؛ هەست بە سەرشۆری دەکەم؛ ئەلیی هەموو ئەم دنیایە گالتەم پی دەکەن؛ کام ئالچاخ بە ناوی منەوە ئەم شەرمەزاری وتاوانەی کردووە؟ حاشایان لی دەکەم!

-" کورە بانیدە با بۆنی نەیەت"

- نەخێر، من ئەم کارە ناکەم، ئەگەر بان ئەمە بدرێت، بان شتی تریش دەدرێت، ئەلوەن راستە وراستی دەوێت؛ من ئازەر وئەرمەنە سەربراوەکانم؛ هەندی کەس هەن بۆ عەبرەتکردنی ئەلوەن، بە شانازییەوە دەلێن: پاشا کوڕ تفەنگ سازی هەبووە، وتۆپیان دروست کردووە"؛ ئەمەیان هەر درۆیەکی پەتییە، کەس بەم قسە ئابروبەرەیە بروا نەکات! ئەلوەن و چەك دروستکردن؟ ئەم کارە پیلانیکی پۆخەلە دژ بە ئەلوەن! بە دووری نازانم چەکیان هەبوبیت، ئەوەش لە دەستی سەربازەکانی شەوە رفاندوویانە!

- هۆ برا،هۆ خوشکی خۆم،بۆ نازانی ئیمە بکوژ نین؟ نازانیت ئیمە هیشتا خواکانی ناو ئەفسانەکان خۆیان دەکەن بە پیلاو بۆ پیی ئەلوەنیکان؟

من ئەلوەنیم برا ئەلوەنی؛ ئەلوەنییەکی جەرگ سوتاو"جامی پر بووی لی رشی"!

ئەلوەن وتی:"هەژار و ژێردەستەکان بیجگە لە رۆژی شاییەکەیان نابی قەد زۆرداری بکەن؛ ئەگەر هات وکەسانیك بە چەك و تفاق هەرەشەی گەراندنەوەی دەسەلاتی شەوەیان کرد؛ بیانفەوتینن؛ داغونیان بکەن؛ کونە مشکیان لی بکەن بە قەیسەری"؛ دەرگای ئەلوەنیان وازە بۆ میوان وئەوانەی کاتی ماندوو دەبن، گۆرانی ئەچرن؛ بۆ ئەوانەی بانگەشەی"نان وئاوی هاوبەش"دەکەن، بۆ ئەوەی رەنگەکان ئەوەندەی تر رەنگا ورەنگتر بن! بەبی ئەوەی تەنها بەمە رازی بن؛ بۆ ئەوانەی پرسیاری ئەوپەری شتەکان دەکەن!

ئەو جارە محیدین وتی"ئەلوەن بۆ هەموانە"
گۆرانیش وتی:ئەمجار مەرجە تا ماوم
بە زمانی پاراوم
گۆرانی ئاشتی بلیم
ئاشتی رووناکی چاوم
منالیکم،منالیکم ئاشتی خوازا!

بەلام پەیوەندیە باوەکەی ئەم بەیانییە شەرم پی دەفرۆشیت، بەر لووتیان گرتووم وبە بی دەنگی خۆیان مات داوە، بی دەنگی بلاودەکەنەوەو بە زەبر و تیرۆر ژوورەکەمیان پر کردووە لە بی دەنگی!

- من دەمەویت پی بکەنم -

- ...

- من دەمەویت بیگرم بە باوەش

- ...

- من دەمەویت بە بلویرەکەی رەحیم ئاوازی"ئاخەرین شەری،شەری ئیمەیە" لی بدەم -

...-

- من دەمەویت خۆر ببینم،کوا چاوەکانم؟

- ...

ـ من دەمەویت بدەوم، کوا قاچەکانم؟

ـ...

ـ دەمەویت هاوار بکەم، کوا دەنگم؟

ـ ...

ـ دلم بووە بە دوژمن، بۆ لیدەدات؟

ـ ...

ـ کوری گەواد باوکەکان رایگرن

ـ ئیمە مۆدیرنیییییین پۆۆۆۆۆست پۆسسسسسسسسست مۆدیرن مەدەنییەەەەەەەت هەی سەگە خویری،مافی مرۆڤ،بای،ئـاوف ڤیدە زیهن!

(٤)

هەندی کەس دەلین"تەنهایی بۆ خودا و سویدی هاتووە" ئەمانە لە بیریان چووە ناوی من وئەم گەرەکە بخەنە ناو رستەکەیان؛ چونکە من لە ئەزەلەوە ئەم بەشەیەم بۆ براوەتەوە ولەوەتی هەیە بە ریگای خۆم دەرۆم"ئەوەی بلیی قیر رەشە"من پی دەلیم، نەخیر سپییە" ئەستیرەناسەکان ناوم بە"لە عالەم بەدەر"ناو دەبەن، دەلین"بورجی بەران" هەر وا بوون وهەر وا دەمیننەوە، جا کابرایەك ئەوەندە کەلە شەق بیت چۆن بروا بەمانە دەکات؛ هەیشە دەلین"ئەستیرەکان چاوە گەشەکانی ئەلوەنن، بەمانەی وا ناوی خۆیان ناوە ئەستیرەناس،ناناسرینەوە"؛ بەلام مرۆڤ دەبی قسەیەکیش بۆ دز بکات"کاتی تەمەنم پینج شەش سالیك بووە؛ لە گەل دایکم بۆ سەر قەبران رۆیشتم؛لەو کاتەی ئەوان بەسەر گۆری ناسیاویك واوەیلایان دەکرد و فرمیسکیان بۆ دەرشت؛ من خەریکی جولاندنەوەی بەردیکی گەورە بووم؛ زۆر گەورە؛ دەمویست بیجولینم؛ بەلام بەردەکە گل بووەوە خوارەوە و پەنجەیەکم لەژیر مایەوە؛ ئیستایش جیی بەردەکە ماوەتەوە؛ ئەلیی بۆ تەمی کردن ماوەتەوە"بەردیك هەلمەگرە نەتوانی هەلی بدەی"!
لەوە دەچیت ئەم هیمایە بە دریژایی ریگاکەم شان بەشانم بروات؛ نە دەتوانیت کارم تی بکات ونە منیش دەتوانم کاری لی بکەم یا لە بیری بکەمەوە."ئەو ئەلی نیرە، من ئەلیم بیدۆشە"ئیتر ئەلیی چی، منیش مرۆڤم و مرۆڤەکان زۆر لەیەك جیاوازن!

هەیە دەلین: مرۆڤەکان بەهۆی پارە وپوول وموولکایەتی وایان بەسەر هاتووە؛ هەر وایش دەمیننەوە تا سنووریك بۆ ئەم بە نەعلەت بووە دادەنین"...

سەرەرای ئەم بەیانییە نائاسایی ودووبارەکراو وەرەسهینەرەدا، شتیك رووی دا، هیچ پەیوەندی بە لۆگیگ وماتماتیك وزەرورەتەوە نەبوو"لە خەیالی مردووەکانیش نەبووە" لە لیکدانەوەی هیچ کەسیکدا نەبوو:
پاش تیپەر بوونی پەنجا و سی سال بەسەر کۆتایی پیهاتنی رەسمی جەنگی جیهانی دووهەم، بۆمبیك لە بەردەم کلیسا مۆدیرنەکەی کاسۆلیکەکان،لە یەکەم ویستگای پاسەکانی سەر ئەو جادەیە تەقیەوە. ئەم رووداوە لە گەل بەفرانباریکی زۆر و تاریك داهاتنی پیش وەختی مانگی دیسەمبەر ریککەوت، ریك لە بەیانییەکەی٢٣/١٢/١٩٩٨رۆژی پیش ڤای ناختن و بووە هۆی بریندارکردنی ئافرەتیك وکوژانەوەی هیتەری گەرم کردنەوەی هەموو مالەکانی ئەو دەورو بەرە؛ ژوورە ساردەکەم لە مالەکانی دی زیاتر سارد و سرتر بووەوە:

مالی چۆلم مالی ساردم
مالی بی خەم خۆری رازم
بە ئومیدم رۆژیکی تر
کە هەل بیت خۆری ئاواتم
شرینم،نازداری جوان،گولی پونگە
ئیستا کە وا لەلام نیت
دلم تەنگە
شرینم گەر چی تۆ
دووری لە من
چاوانت دایم هەر وا
لە بەر چاوم
وەرە با پیکەوە هەردوو
ریبەك بگرین
دەستم لە دەست نی

**با ریگای دووری ببرین**
**بەلین بدەین،**
**کە یەکتری جی نەهیلین**
**لە تاریکی شەوە زەنگ**
**رۆژ داگرین!**

**ئەمە دەگەریتەوە بۆ ئەوەی هیتەرەکە کۆنەیە و خاوەن مالەکە دەلیت"دەبی خۆت چاکی بکەیتەوە" کاری وا لە دەرەوەی توانای هۆشیاری بی کاری، ئەوەل شەر و ئاخر شەرە،جا ئەم داماوە کە هەموو تەمەنی لە گویی گادا نوستووە؛ قەت نەیزانیوە لە گەل پارە و پوول مامەلە بکات، تازە فیریش نابیت؛ لە کوی پینج سەد مارکی هەیە بیدات بە کۆمپانیاکان!ئەو ئیوارەیەی وا کاك ریگا قیت و"فستگلاس" وەك زۆربەی ئیوارانی هاوین بۆ چا خواردنەوە ودەمەتەقە دەهات بۆ مالەوە،هەمووممان لەهەمان شویندا،لە بن دیوارە لاربووەکەدا دادەنشتین"بۆ نەروخا،خۆ پیبیزا نەبوو"؛ ەویش لەسەر هەمان مندەر دادەنیشت، ئەگەر بەریکەوت کەسیك یا مندالیك لەو شوینە دانشتبا، دەبوایە خیرا شوینەکەی بۆ ئەو چول بکردایە. مندالەکان گوییان دەگرت لە وتە وبۆچونەکانی باوك و دایك و میوانەکان"ئەم دانیشتنانە بەشیکی گرنگیان پیك دەهینا بۆ تیگەیشتن لە نهینیکانی ژیان، لە ئیوارەیەکدا باسی پارە هاتە ئاراوە و چۆن رۆلیکی چارەنووسانە لە ژیانی مرۆڤەکان دەبینیت، کاك ریگا وتی" پیاو پارەی نەبیت، قیمەتیشی نییە". هۆشیار وتی"من هیچ نرخیك بۆ پارە دانانیم، پارە چییە، پارە چلکی دەستە"! دایکی بە خەمواری ونیگەرانییەکەوە، بەدەم چا تیکردنەوەوە وتی"ئاخرنە باخ".ئەمە وەك تەمییەك بوو، بە دوو قسە براندیەوە" قسە هەزارە دووانی بە کارە" بەو دوو وشەیە وتی: کورم ئامان،من کردم تۆ مەیکە، دەس لەم ئاگرە بی ئامانە هەلبگرە، با دەستت نەسوتیت وپاشان بلیی ئای چیم بە خۆم کرد، ئەو کاتە"پاش ترەن بالەك"هیچ نایخوات وهەموو تەمەنت ناحەسییتەوە.**

**جا هۆشیار گوی لە تەمی دەگریت؛ سواری ملی خۆی ببوو،بە سیزدە و چواردە سالی پارە وپوولی بە چلکی دەست داناوە"تاریکە شەو لە ئیوارەوە دیارە"، دایکی هەر پیی دەوت" کورم لە شاری کویران دەست بگرە بە چاوت "، راستە پارە چلکی دەستە،بەلام موحتاجی بیت، رسوا دەبیت، واز بیرە لە راستیکان،بۆ هەر ئیمە ببین بە قۆچی قوربانی،بۆ هەر ئیمە بە چارەرەشی رۆژ بکەینەوە"!**
**هۆشی دەیوت"چاوی سەوز،بەرمالی نۆیژی پیغەمبەری دزیووە، چۆن بە قسەی تۆ داییخەم"؟ بەو تەمەنە هیشتا نەیزانیبوو دوو پیاوی ریشن و کەلە زلی"ئەهلی فیتنە و فەرتەنە" هەن،دەریایەك لاپەرەیان پرکردۆتەوە دەربارەی سیستیمی پارە و چۆن ئەم سیستیمە ژیانی"بەهاترین سەرمایە"و ژینکەکەی ویران کردووە؛بەبی هیچ ترسیك ملیونان مرۆڤ بۆ قازانجی فلسیکی زیاتر دەکەن بە خۆراکی جەنگ.ئەم نەزانینە بۆ هەراشیك زۆر ئاساییە؛ بیجگە لەوەش زۆر شت هەیە مرۆڤ نایزانیت، بەلام رۆژگار وەك باشترین مامۆستا فیری دەکات،وەك جوتیارە فەرەنسیەکە؛ ئەم کابرایە لە کوی بزانیت، رۆژیك دا دیت رەزەکەی دەبیت بە کاروان سەرای کوردە رەوەکراوەکان، شەوان کە گویی لە دەنگیك دەبیت هاواردەکات:کویرد؟**
**ـ بەلی!**
**خالە جوتیار: برۆن برۆن قەی ناکات، ئەو تولە ریگایە بەر مەدەن هەتا دەگەن .**

**هەندی کەس هەیە دەلین:" کە سەرکردەکان بە تیرو تەسەلی دەخۆن و دەخۆنەوە؛هەست دەکەن بەرزترین دەسەلاتیان بە دەستەوەیە،بەلام ژیانیان وەرەس و گرژە؛نە تام ونە لەزەتی هەیە لەم کاتەدا هەستدەکەن پیویستیان بە بزوینەریك هەیە واتایەك بە ژیانیان بدات؛ریگای شەروشۆر دەگرنە بەر! جەنگ دەکەن بە بەرزترین ئاستی رەوشت و زانست وبوون،کەس بۆی نییە بەرپەرچیان بداتەوە؛ ئەوەی بەرپەرچیان**

بداتەوە مافی ژیانی لـی دەسەننەوە؛ هەموو سزایەك دەرهەق بـە کەسانی سەرپیچکەر بـە رەوا دادەنیـن؛ یاسـای قەدەغـەکردنی نـان و خۆشەویستی وبا هەلمژینیان دەدەن!بەم کردارە دەیانەویت خەلك پرسیار بکات: بۆ شەر دەکـەن؟ دەیانـەویت بـیر لـە بـوون و دەسـەلاتی سەرۆك بکریت؛ سەرۆك بلیی من هەم وزیاتر لە هەموو کاتیکی تر بکەویتە سەر زاراندا؛ دەنا هەموو کەسیك دەزانیت شەر مال ویرانی دەگەیەنیت و براوەی تیدا نییە!

هەندی کەسیش هەن دەلین"سـەرۆکەکان بـە تەمـەنن، هیچیـان پـی نـاکریت؛ هـەر هیـچ غـەیری، باسـەکانی سـەر زاریـان کـە هیشـتا دەرنەچووە،بۆنی تۆپییویان لـی دیت"چۆن دەبی سەرۆك هیچی پی نەکریت"، بۆیە شەر بـەرپا دەکـەن! دەنـا بـە قسـەی یحیـا دەلی وەکـو باشکی و کەمالـەییان دەکرد: باشکی کەرە، بەلام کەمالـەیی گووەکەیـەتی! کەمالەیـەکانیش دەیـانوت:نـەخیر،کەمالـەیی کـەرە،بـەلام باشکی گووەکەیەتی! "بەبی ئەوەی خوین لە لوتی کەسیکیان بپژیت! هەروا شەری ژیر دەستەکانیش لەلایـەن لاوانـەوە بـەرپا دەکریـت، لاوانیك دلیان بۆ ئاوازی خۆشی لیدەدات؛ بە دەم بە پیکەنینەوە بەرەو رووی مـەرگ دەرۆن"بۆ نە،چیییان هەیە لە دەستی بدەن؟" ئازادانە بریاری ریگای ئازادی نان وکاریان دەدەن؛ چیش دەبیت با ببیت؛ رەنگی ژانەکانیان بە فرمیسکی مندالەکان تیکەل دەکەن؛ پـاپۆریکی کاغەزی پی دروست دەکەن؛ پری دەکەن لە گۆرانی و هیوا وپەیامـەکان؛ دەیدەن بە بەری جۆگە ئاو و رووبارەکان؛ پاش مـاوەیەك پرسـیار دەکەن: بە دەستتان گەیشت؟

ـ چاوەروان بووین بگات؛ چاوەکانمان لە سەر لیوارەکان بە جی دەهیشت، بەلام نەگەیشت،نەبوو،نەهات!

دەلین پاسەوانەکانی سنور لەت لەتیان کرد!

هەندی کەسیش هەبوون، دەیانگۆ: زۆر ناسك بوو،بەرگەی شەپۆلی دەریا دوورەکانی نـەگرد؛ لار بـووەوە؛چـی گۆرانـی و سـروود و هـۆرە هەبوو بەو ناوەدا بلاوبووەوە،پەیامـەکانیش کەوتنە بنی دەریا!

ئەمجارەیان،تەنها ئەم جارەیان،

دەبی خۆمان ببین بە شەپۆلی نۆهەم!

ئەمجارەیان دەبی خۆمـان

ببین بە پەرژینی پۆلایینی سەردەم ..

ـ بەچی؟

بە نهینی و چەك

ـ باوی نەمـاوە

ـ چەند سەدەیە، باوی نامـاوە، بەلام ئەوان دروستی دەکەن؛ هەلی دەگرن؛ پەرەی پیدەدەن؛ بازرگانی پیوە دەکەن؛ لولەکانی دەنین بە ناو سنگمان؛ وەك باغە دروستی دەکەن؛ دەیدەن بە دەست مندالەکان!یاری کاوبۆی و شەریفی پیدەکەن!

ـ برادەران یەك لە دوای یەك بە جییان هیشت!

ـ ئەوە نییە ئیستا باسی دیموکراتی ومافی مرۆڤ دەکەن! ئیستا باسی ریفەرەندوم لە ژیر بـالی نەتـەوە یـەکگرتووەکان دەکـەن؛ باسـی ریکخراوە نا حکومیکان دەکەن؛ باسی سەیر سەیر دەکەن!

ـ هەر بۆیە هەر یەکیکمان بە شیوەیەك،

بە شیـوەیەك لە شیوەکان،

بووین بە قەحپەی سەردەمـەکان !

ـ بۆ قەحپە چیتی؟

ـ منیش قەحپەم! کی قەحپە نییە؟ با دەنگ هەلبری! خوایش قەحپەیە؛ دیلی دەستی رژیمەکانین؛ لە گەل بازرگانیان بە خوین و چەك لە ژیر ناوی نەتەوە وئاین وئالا رەنگاورەنگەکانیان؛ بە ناوی دەستور و یاسا ورەوشتی باویان؛ گەوادیمان پیوەوە دەکەن؛ گەر لە نیوانی خۆیان شەر بەرپا بکەن؛ زۆر کەس هەن مەترەس لە یەکتری دەگرن! پاشان بۆ چارەرەشیان دەگرین !

بۆ نەگبەتی ئەمرۆ هۆشیار بە خواروخیچی تۆزیك لە مەش حالی بووە،بۆیە ئەوەندەی تر لە گۆمی نەبونی وون بووە؛ئەوەندە "دوا کەوتووە"ناتوانیت لیی دەربچیت،دەستەپاچەی دەستی بانق بووە"کی ماوە لە دەستیان نەنالینی،ئەمانە ئاگر خۆشکەرەوەکەن"ئەلیی بەقەد بەرازیل قەرزارە.

دەلین"لە ئۆروپا مەکینەیەك هەیە کارتیکی تیدەخەن،هەرچەند پارەت بوویت دەداتی"

بەش بە حالی خۆم من لەو مەکینەیە دەترسم،ئەگەر خۆی بە هەموو ریزیکەوە بانگم بکات،پارەم بداتی،نارۆم بە لایەوە،بە من بی ئەو شەقامەی ئەو و خاوەنەکەی لی بیت،سەروبانی بکەم بە یەك،یا پییدا نەرۆم،بەلام چۆن شەوە دەوروبەری ئەم بەرو ئەو بەری ئەلوەن مین ریژ کردووە،ئەم مردوو مراوانەش لەسەر شەقامەکاندا ئەو جۆرە مەکینانەیانە چاندووە.مرۆڤ دەبی بە گویرەی پیلانیکی زیرەکانە بۆ ناو سەنتەر بروات تا ئەو مەکینانە بەناو گیرفانەکانیدا نەتەقیتەوە،ئامان پارەی زیاتر لی دەرمەهینن؛دەنا خەوتان لی حەرام دەبیت!بە تایبەتی بۆ سبەینی:دانیشتوانەکان گوایە چاوەروانی رۆژی ئاشتی و ئاشت بونەوە دەکەن"جا بانقەکان چۆن ری بە شتی وا دەدەن" هەموویان لە دەوری داری ڤایناختن گرد دەبنەوە؛لە ژیریدا جۆرەها دیاری دادەنین و بە خۆشی پیشکەشی یەکتری دەکەن،بەلام لەراستیدا کۆمپانیەکان دەردیان بە رۆحیان داوە،دوا عانەیان لە گیرفاندا دەرکردووە " دەیاندزن بە بی ئەوەی بە خۆیان بزانن!

سبەی دریژترین رۆژی سالە بۆ ئەوانەی بی کەسن یا دۆست و ناسیاویان نیە،زۆر لە بەسال چووەکانی خانەی پەککەوتووەکان لەم رۆژەدا مالئاوایی دەکەن؛کی پرسیاریان لی دەکات،قەشە دووروەکان نەبیت کە بە خویندنەوەی چەند بابەتیکی گومانلیکراو سەریان بۆ دەپیچنەوە!

لەم رۆژەدا کەسانیکی زۆر بە حەپ یا ژەهر خۆیان لە خاچ دەدەن یا لە سەربانی مالە بەرزەکانەوە خۆیان هەلدەدەنە خوارەوە و بە کورەکەی خوا پەیوەست دەبن! یەکیکە لە دووروترین رۆژی سال! دیموکراتییەتە؛ کابرا کەیفی خۆیەتی چی بە ژیانی دەکات یا ناکات؛ بە یەکیکی تر چی؟.

لەناو گرمەی راکە راکەی خەلکدا، هۆشیار خەم و پەژارەیەکی دی هەبوو، لەبەر خۆیەوە وتی:"ئاو لە کورە رژیایە،کونە لە کورە دریایە"بەراستی من بەم بەیانییە چاوەروانی پرسیاریکی وا بەزەبر وبە تین نەبووم،پرسیاریك بوونم بخاتە ژیر پرسیارەوە،پرسیاریکی ئەوەندە هەژاندەر!

دایکم پیی وتم" کورم تۆزیك لە ناو خەیالەکانتەوە بیرە دەرەوە،ئەمەی تۆ باسی دەکەی زۆری دەویت"!

هۆشیار:هۆ دا، ئاخر پیم بلی چۆن؟

دایك: بخوینە،کورم هەتا پیت دەکریت بخوینە،با خیر بیتە سەرت!

هۆشیار: هەیە دەلین خویندنەوە پیاو شیت دەکات؛مرۆڤ لە ری دەردەکات! کەسانی وایش هەیە دەلین"خۆنستن چاو زەعیف کەد"هەیشە بە زمانە دوورەکان دەلین"بخوینەوە،خویندنەوە مرۆڤ گیل دەکات"!

عەزیزی مەلایش وتی:کی ئیسە کیتاب خۆند،وە بەلاشیش بییدەی عالەمەگە نیخۆننەی،ئەو زەمانە چوی!"

بەلام من بە قسەی ئەمانەم نەکرد و فرمایشتەکەی تۆم جیبەجی کرد!
دایك:کەیفی خۆتە،بەلام شتیك مەخوینەوە لە ریگا دەرت بکات؛هەر بەسەرە سوالکەری لە دواوەوەی عالەمەکە بە جی بمینیتەوە.

هۆشیار:هۆ دا،پیش ئەوەی لە دایك بم،هەموو"کویرەوەریکانی ژیان بۆ من ئامادەکرابوو،ئەو مالەی وا منت تیدا هینا،کۆشك و تەلار نەبوو،مالیکی لە قور دروستکرابوو،ژوورەکەیش تاریك و بچوك بە بی پەنجەرە،شایەنی حەوانەوەی مەر ومالاتیش نەبوو،وەکو زۆربەی هەرە زۆری مالەکانی بناری کەلات،ئەمجار بە ئەفسانەکانی خدری زیندە بەخیوتان کردم؛لە بیرت چوو؟ ئیواران دەمەو تاریکی،کاتیك سوالکەریکی کەواو سەلتە لەبەر،پشت چەماو، ردین سپی بەر دەرگای مالی بگرتایە،دەتگۆ:ئەوە خدری زیندەیە، یا دوور نییە ئەوە خدری زیندە بیت؛خۆیی کردووە بە سوالکەر؛نان بۆ برسییەکان کۆدەکاتەوە!
قوتابخانەکەیش ریك لەسەر ئەلوەن بوو!یەکەم وانەم،(دار دور)یا(البلبل الفتان....یگیر فی البستان)نەبوو!

یەکەم وانەم:ئەلوەن بۆ کوی دەروات؟
دووهەم وانە:قەراغەکەی لە کوییە؟
سیهەم وانە:کۆتایی هەیە؟
چوارەم وانە:بۆچی قاتە شینە زبرەکە بە من دەدەن؟
پینجەم وانە:بۆچی دەبی بەیانیان ریز بگرین؛دەبوایە سەرو دەستەسریکی خاوین بەدەستەوە بگرتایە؛ئەوەی نینۆکی نەختیك خوار یا دریژ بوایە،لە ریزەکە دەردەکرا و لە پیشی هەموو قوتابییان دارکاری دەکرا!
شەشەم وانە:بۆچی دارکاری دەکریین؟
حەوتەم وانە:بۆچی دەبی هەموومان سرودی:ولاتەکەم ولاتەکەم
ئەی جوان و پر شکۆکەم بلیین
ـ ولات پیم ناخۆشە باوکمت زیندان کردووە!
هەشتەم وانە:بۆچی باوکم زیندان کراوە؟
نۆهەم وانە:بۆچی دەبی بلیم"شرینی ناکرم،دایکم پارەی نییە قەلەمم بۆ بکریت،چاکترە بیدەم بە قەلەم"،ئەگەر زۆر حەزم لە شیرینی کرد وەك هیبیام دەکەم:هاوینان ئەکرەم یاوەر لە تەنیشت مالەکەی باجی شەفیقە ئەزبەری دەفرۆشت،هەموومان لەلای کۆ دەبوینەوە،جاریکیان هیبیامم بینی لە مالەوە دەرچوو،تەماشای هەموومانی کرد ،لەسەر خۆ نزیك بووەوە،هەردوو دەستی لە پشتەوە راگرتبوو،لەو کاتەی ئەکرەم ئەزبەری بۆ مندالیك تیدەکرد، هیبیامی دایکم چنگی تی کرد و بە جاریك قوتی دا و بۆ ناو مال رایکرد!، ئەکرەم لە جیاتی تورەیی و جویندان،بسا لە پیکەنین و وتی ئافەرین هەی دەست خۆش نوش گیاند بود،دویتیگید و ئەوەندە ئازا؛جاریکی تر ئەزبەری بۆ مندالەکەی تیکرد!بەلام من ئیستایش غیرەتی هیبیامم نییە!

ئەمجار لە گەل باوك، نەسرەدین، شاکر فیل، شوکور، حەربی،سەلاح، فایقە دەس کوچ،خەلیل شەوقی،وەلی، رفعەت، فازل،ئوستاد یحیا،ئەحمەد ، مامۆستا قادر، عەبدە و چەندین خوا نەناسی تر گەورەتان کردم؛ کەچی ئیستا من تاوانبار دەکەن، تف لە ناو چەوانم دەکەن، پیم دەلین تۆ سەگە سووریت! ئاخر من چ تاوانیکم هەیە؟ منیش تازە ناتوانم ببم بە شتیکی تر"شویشە بشکییگ،جەمەو نیوگ"ئەمە چارەنووسمە و دەبی قبوولی بکەم" هەشتە لە سەر مەشتە"!با ئەمەش بیتە سەر ئەم بیانییە قۆرە کە وا زیاتر چاوەروانی شتیکی تر بووم:لاوانەوەیەك،دل نەواییەك یا گفتوگۆیەك لەمەر بۆچون و کردارە وەنەوشەیەکان،ئەوانەی وا لە ناو سەمای رەشبەلەکی یاران دەمهیننە هەلپەرگی...

ـ ئای ئەوە چەندە سەمام نەکردوە !

دەلین: سەما لاسایی‌کردنەوەی رەوی باڵندەکانــە؛ هــەموویان پیکــەوە لــە هــەمان ئاســت و رووەو هــەمان روو دەفــرن؛چــەند دانەیــەکیان نەبیت،چەند مەتریك لە دواوەوە دەفرن؛رەنگە هیشتا بەچکە بن یا بە تەمــەن؛لــە خەونــە قەدەغــەکراوەکانیش دەچیــت؛ژن و پیــاوان تونــد دەستی یەك دەگرن،توند پی بەسەر عەرزەکە دەدەن،وەك بلیی دەیانەویت بیداری بکەنەوە:دە هەستە، بۆ هاوار ناکەی؟ بۆ؟ ئەها .. بەشان

به شان .یەك .. دوو .. سی .. تۆز ئەو ناوەی دەگرت:رابە را تۆڵەی خۆت بستینە؛ئەوە کەر بووی؟ بۆ ئەوەندە بی دەنگیت؟ تۆش قەحپەیی دەکەی؟ چۆن پیت دەکریت چاوت بەم هەموو خوین رشتن و پیسایییە بکەویت؟ چۆن قیزت نایەت؟ .. ئەها .. ئەها ئەها.. شاباش لە کیسەی ئەوانەی لە ژین بی بەشن!شاباش لە کیسەی بەتاڵ ..شاباش لە کیســەی ئەوانــەی وا بــوون بــە ئــاگری کــورەی کــار دومبگ دومبگ دومبگ لیدە، برا لیدە؛باوکەکەمی لیدە...لۆرکی ..لۆرکی .. لۆرکی .. لۆرکی ..

باوانم لۆرکی

ئەم بەر و ئەو بەر،

هەردووکی یەك بەر

خاتونم لۆرکی

لیدەەەەە با ئەوەندەی تر گەرمتر بیت؛ وە قوربانی بالاتان بم، دەی

ـ ئەم جارەیان نۆرەی منە سەر چۆپیکە بگرم!

ـ"هەی سەگە سوور،هیشتا هەر بە تەمای،ئاخر تۆ گووی تی دەکەی"!

ـ ئاخر تۆ مەحامیت؟ هەر بۆ فیتنە نانەوە لەو سەرە راوەستاوی،پاشان من بــۆ گــووی تــی دەکــەم،ئیــوە ئــەوە چــەند ســەدەیە گــووی تــی دەکەن،من دەمەویت پاکی بکەمەوە، پاك، بیکەم بە باغی گوڵ!

حەمید:ئەوەنە حەز لە هەڵپەرکی کەید،ئەرا نیچید ئەرا دیسکۆ؟ مەگە لەورە رقس نیکەن؟ ئی!دوییایی بچو بکەرەیان!
هۆشیار:چویم،چویم برا چویم،بەلام تەنیا تەماشــایان ئــەکردم،وە قــەی پەنجــەگان دەســم رەقــس کردمــە؛مــە تــام لــە چۆپــی دوینــم بــرای باوگم،لەچوپی! لەوەر یە هەست وە غەریبی کردم؛یانە گە روژ رقس کــەن،نــەك ئــەرا خۆشــی، بــەلکو ئــەرا ئــەوەی شــەکەتی و بەدبــەختی روژگاریان لە ویر بووەن، رقسەگەیان وەك رقسەگەی کەریم کەشخە و میم نەجاو نییە؛ئەرا روژگــارە خۆشــەگان لای بــاوە مــەحمید وخــدر زندەو ژن هاوردن کورەیل!وە راس تو باس کردن کردید!!بەدبەخت کردن چە،ئەرا هەرکی ئەرا خۆیە،"شار هرتە" ئــەوە یــەك دنیــا نەفــەر هەس جاری دەس پەر دەنە لی؛یانەش مینەی عاشق بوین کەن،یانەش باوش گەرم توان،کیرو میر نیتوان وەو شکلەی بەعزە کەس بیر لە لی کەد ،کورە وە قسەی فلم ڤیدیۆی گەوادەگان و مەجەلەی پلەی بۆی و فلمەگان هۆلیود مەکەن! .
حەمید:ئەی سەیارەی(بی. ئیم.دەبل یو) یا مارسیدس نەیرید؟
هۆشیار:مە دەبل قوزەلقورد دیرم ئەرا ناو چەود ،دەبل گوی دیرم ئەرا بان سەرد!
حەمید:یەعنی گە رووژ سوار یەکیگ نیوی؟
هۆشیار:مە گە رووژ خەرگ عالیاوە گرمە بان سەرم،ئەرا ئەی قسانە!
حەمید: جواب بیە!ئەرا هەر جمان دەی؟ئەی ئەرا ئیژن"بچیدە بان شارعەگان،دوو دوو دویت ئەرا مال بەیدەو"؟
هۆشیار:قسەگاند لە قسەگان قالە کەد ،لە وەر ئەوەی دویت نەکەفتە دەسی ئەوەت"دویتەگان ئەیرە هەر مینەی کیر کــەن"!منیــش وەتمــە پی"ئا راس کەید،بەیانیان وەختی چم ئەرا ناو بازار دوینم دویت شارەگە لە وەردەم قاپیگەد سرە گردنە!!ئەی کابرایە کە لیوا ئەوەت،هەر چەن ئەرا دویتەگان خونکی و زەوزەکی دیادە خەرج،فایدەی نەوی؛وە شەوان لە دیسکۆ ئەرا دیسکۆ ئەچوی،ئاخرەگەی وە دەس پــەر دایــن شکور خودا ئەکرد.هەمید توش وەکو ئەو ئیژی عەقلت وە مەکینەی خەر کار کەد ،ئەرا،توو گوش لەو قسانە گرید!!
حەمید:فرە لەوانەی تینەو قسەی عەجایب عەجایب کەن،ئیژن" دویتەکانیان،سەررەش بدوینن داچەقننەی"و هەس ئیژد"وەك مامر فــس بەنەو"

هۆشیار:ئەو کەسانە گوی سەگ بخۆن فرە خاسترە،ئەو کەسانە هەر خەریك کار گەوادی،قومار، دزی وقاچاخچیتین،یانە لەوانەس دە سالیگە لەیرەن، لکن تەنیا ژێر قۆندەرەگانیان لەیرەس نیچن وە لای زانست؛ئەگەر بدوینئەی خۆیان لە لی شارنەوە؛هەلبەت کەسانیگ هەسن خۆیان وە کار خاس خەریك کردنە یا ئازایانە بینەسە خاوەن شەهادە؛یا چن ئەرا مینزا باس ئەیە و ئەو بکەن" فلان دویتەگەی قحپەس؛فیسار ژنەگەی؛فلان دویت کەس نەما لە ولات نەکەدەی...هەر یەکیگیان وەزیریگی فوق ئەلعادەی کاروبارە گیر و کوس و قن عالەمەگەس!

ئەو رۆژە دانا،سەری لەو برادەرەی دا کە وا نزیکەی چوار سالە لە هانۆڤەر دەژی،دانا پرسیاری لە هاوریکەی کرد:هاوسەر یا دۆستت هەیە؟
شوان:دۆستی چی،هاوسەری چی؟چۆن دۆست پەیدا دەکریت؟من هەر لە مالەوەم،تەلەفزیۆنەکە هاوسەرمە!ئەو رۆژەیش جەبار غیرەتی کۆکردەوە،لە گەل ئافرەتیك بدویت،چاوەروان بوو ئافرەتەکە لە گەلیدا بروات،پی وتبو: کاتت هەیە پیکەوە قاوەیەك بخۆینەوە؟
ئافرەت:نەخیر،کاتم نییە!
جەبار:بۆ کاتت نییە؟خۆ کۆفی عەنان نیت!

هەیشە دەبن بە دۆستی قحپە خارجیکان کە مۆلەتیان پی نادریت لیرە بمیننەوە؛بەدرۆ پییان دەلین:دەتخوازم!
ئەگەر کەسیك بیانخوازیت مۆلەتی مانەوە وەردەگرن؛ئەم پیاوە بەریزانەش پارەیان لی وەردەگرن،لەسەر حیسابی نرخی تەحقیرکردنیان دەژین؛سەعاتی ئالتونی و کراسی گران بەها لە دەست و لەبەر دەکەن ...!!
لە ئەمستردام،لە بەردەم مەحەتەگە وە سی نەفەری دادەنیشن،چاوەروان کەنیشکیك دەکەن گرفتی هەبی یا لە دەم و چاوی دیار بود وەزعی خراپە، ئەو کەسانە دەچن ئەرا لایان؛وەئیشارەت وە پییان ئیژن بەو ئەرا مال!!

هەیشە بە تۆزی دۆلار و پانزە کیلو درۆ دەگەرینەوە" یەکیگ ئیژد:"مە خەریك دکتۆرام"
ئەوەگەی تر ئیژد:مە دکتۆرم
ئی یەکی تر ئیژد:من خاوەن...
ئیجار چوین ئەرا تەماتە سەندن چن،لیوا دویتیگ ئەبولشەهادە و جوان دەکرن؛دەیانهینن ئەرا ئەیرە؛نەیەکتری خۆشتواستنە ونە یەکتری خاس ناسن؛ئەگەر وە بەعزیگ لەی کەسەیلە بیژید:" ئەرا لەیرە ژن نایەرید، لەیرە دویت گشت ملەتەگان دنیا هەس!؟"بەزمانیکی سوك و رسواکەر یەکسەر ئیژن"یانە قحپەن؛پەردە نەیرن؛کلتوری تر دیرن؛هینەگان خۆمان سەرموهرن؛قاپی باغلەمەن؛پاکن؛بەعزیگیان ئیژن،باوە یانە نیزانن دۆلمە و کفتە لە لی بنەن" بۆیە کابرایەك پاش بیست سال ژیانی لە هەندەرانی سوید بۆ ژن هینان گەرابووەوە،ئافرەتیکی"دۆزیبووەوە"؛بۆ شاییەکەی ئاهەنگیکی گەورەی ریك خستبوو؛بۆ شەوەکەی دەبینی هاوسەرە"خۆشەویستەکەی" پەردەی نییە و هەنگوینەکەی لی بببوو بە ژەهر،بە کچەکەی وتبوو:من تا ئیستا لەوی ژنم نەهینا،بۆ ئەوەی لیرە کچیکی پاك و پرچی خۆمانەیی بهینم،کەچی لیرە کچی بی پەردەم توش بوو!!ئاغا شاییەکەیی بەجی هیشبوو و هەر وا بۆ سوید گەرابووەوە!
دەلین:جاسم کە کابرایەکی شوعیییە،ری لە ئازادیکچەکەی خۆی دەگریت، کچە نازدار وزیرەکەکەی ناچار کردبوو بەدزیەوە دۆستەکەی ببینیت!
دەلین:قادر هەورامی بریاری داوە بگەریتەوە!
- بۆ؟
- دەلیت کچەکەم گەورە بووە،با ناموسم نەچیت!ئەمە کەی کۆمەلگایە!
- پی بلین،کورە بەدبەخت نەك لە گەل یەك کور،لە گەل چەند کوریك بینرا! ئەمە مافی خۆیەتی،و زۆر لە باوکی بەرەوشت ترە؛باوکی ری بە خۆی دەدات،بەراست و چەپ بۆ رابواردن بگەریت،بچیت بۆ ولاتی تر بۆ ئەو مەبەستە!

دەلین:مام ئەکبەریش کچەکەی بۆ لای خۆمان ناردووەتەوە!

دەلین:خالە سمکۆ وتویەتی"من کچەکەم نادەم بەمانە،دەیدەم بە کوریکی خۆمانەیی!

دەشلین:ئەگەر سەبریە لە سەر شەقام ببینی،باسی هەرچییەکی لە گەل بکەی،ئەو هەر لە خۆیەوە باسەکە دەیهینیتەوە سەر کچەکەی:کچەکەم ئاقلە،گالتە بە کچ و کوری ئەمانە دەکات،بە خۆی نایەویت ناسیاویان لە گەل پەیدا بکات،کچەکەم دەلی" ئەمانە زۆر بی رەوشتن"!کچەکەم لە مالەوە دەچیت بۆ مەکتەب،و لە مەکتەبەوە دەگەریتەوە مالەوە هەتا سبەی دەرناچیت؛خۆی نایەویت دەربچیت!!!

کەمال:هەی رەحمەت لە خۆشناوەتی!!

ئەو جۆرە بۆچونانە هیمایەکن بۆ ئەوەی کە ئەم بەیانییە میژوو سەری لە قەبری بابی حەفتا پشتی دەنیت وکۆتایی پی دیت!
کەسانیك پاش ئەوەندە ملیون سالە هیشتا وا درندەیانە بیر بکەنەوە؛جوانی گول و بەهار و خەونەکان دەشیوینن؛ئەلوەن و ئاودەست لە یەك جیاناکەنەوە!

ئەلوەن چاوی گەشاوی ئومیدی خۆشەویستیە؛بەلام بۆچونی ئەو جۆرە کەسانە لە گازە ژەهراویە تاقیکراوەکانی سەر باکور و باشورەکەی تاقانەکەم دەچیت؛ئەوەندە کەسانی بەریزن پیم دەلین:

- جوین مەدە،جوین داین عەیبە!
- جەلادەکان خوین مەریژن!
- ئیژن:جوین مەدە،خراپت بە سەر دیت!
- گەمال باوکەکان درۆ لە گەل خەلکدا مەکەن!
- ئیژن؛بەسیەتی جوین مەدە!
- تەرەسەکان خیانەت مەکەن!
- نەچۆ ئاستی جویندان!
- پیلاوەکان دەست مەنینە دەستی شەوە!
- کورە ئاگات لە دەمت بیت،جوین مەدە!
- ئالچاخەکان لەشکرکیشی مەکەن!
- بەسیەتی ئیتر،لوتمان پر بووە لە تۆ!
- هەی خویریکان،مولکی خەلك ئاودیو مەکەن!
- دەمت زۆر شرە،دەمت دەدرین!
- کورە ناکەسەکان تاوانە وینە لە گەل شەوە بگرن!
- مافی کورد وەردەگرین!
- مافی... وەردەگرن!
- زەرەر دەکەیت!
- لە خوارەوەی زەرەر دەژیم و دەشزانم جویندان چەقۆیەکی کولە!

ئەگەر ئیوە بە راست دلتان بە چویندایین دەشکیت،بۆچی ئەو هەموو تەرەسییە دەکەن؟ دایك و باوك و خوشك و برام دەکوژن؛بی نانیان دەکەن، بازرگانیان پی دەکەن،کەچی هیشتا ئیوە قەلس دەبن،لەوەی لە داخاندا جوینی بی دەسەلاتان پی بدەم؛...خوین رشتن و جوین داین بخەنە سەر تەرازو بزانن کام لایان قورس ترە!! ئەمجار دەمتان بکەنەوە؛ خۆتان بە کەسانی ماقول دابنین؛و داوای کپ کرنی دەنگە بی دەسەلاتەکەی من بکەن؛ کاکە من نامەویت شەپرزەیی مەئیوسی ببینم؛ئەمە زۆرە؟ من تا لە ژیان بم و چەوساندنەوە هەبیت،بیدەنگ نابم!

هەر ئەلیی کاتژمیری بیست و یەکە: شەمەندنەفەرەکە گەیشتە ویسیگایەکەی پاخدیۆ لیبیۆ، کابرایەك لەولاوە بە هیمایەك پیی وتم"تۆ دەبی لە ویستگایەکە دەربچیت"لە دەرەوەش دوکان وکەفتریاکان داخراوبوون؛ نە بۆنی عەترە خۆشەکانی پاریس دەهات ونە چرا رەنگاورەنگەکان دیار بوون؛ برسیتی وسەرماوسۆلی فرمان رەوایی دەکرد، بەو جلوبەرگەی بەرم بەرگریم پی نەکرا؛ئەو شەمەندنەفەرەی بۆ شاری گرینۆبل دەروات؛بۆ لای فرانسواس، سبەی لە کاتژمیری پینج و پەنجا دەقە دەکەویتە ری،ئەمەش ماوەیەکی زۆرە؛بۆیە ناچار بووم لە بەردەم ویستگایەکە وەکو رۆژە تەلخەکانی ئەبو غریب دریژە بە ری پیوان بدەم؛ لەم کاتەدا دوو گەنج هاتن بۆ لام، داوای جگەرەیان لی کردم؛ پاش نەختیك کچیك داوای چەرخی لیکردم؛ لەولایشەوە مامە پیرەیەك هات؛دەماغی دابوو؛ قاپوتیکی ئەستوری لە بەربوو؛ بە چەماویەوە دەرۆیشت،دەستی راستی لە گیرفانە بەتالەکەی بوو وبە دەستی چەپی جانتایەکی سپی بەدوای خۆیەوە رادەکیشاو لە پال دوکانەکەی تەنیشتی ویستگاکە راوەستا؛ هەر بەراوەستاویەوە مابووەوە؛ پیدەچوو بە پیوەوە خەوی لیکەوتبی!

پیاو دەتوانیت بە پیوە میز بکات یا رۆمانیك ناوی لی بنریت(ئیمە بە پیوە دەمرین) بەلام نەمبینیوە مرۆڤ بە پیوەوە خەوی لی بکەویت؛بۆچی هەیئە خاسەیە؟

نەخیر ئەوی ویستگای پاخدیو لیبیۆ بوو و بەو شەوە کۆمەلی کریکاری جەزایەری خەریکی پاککردنەوەی بوون؛ دوو پۆلیسیش جلوبەرگی شینیان لەبەر بوو و دەمانجەکەیان لە لا قەد هەلگردبوو و سەرو کوتەکیکیان بە دەستەوە بوو وچاودیریان دەکرد؛ منیش ئارامم لی برابوو و نەمدەزانی تا کەی دەتوانم خۆم لەو دۆزەخەدا راگرم؛ چاویشم برایی نەدەدا ئەو بارودۆخە ببینم، ئەتگۆ کەسیك هەناوم هەپرون هەپرون دەکات، بە بی دەسەلاتیەکەوە لەوی راوەستابووم وبەزەبری شەق چاوم بەو شەرمەزارییەدا کەوت، بە بی ئەوەی هیچ گوناە یا هەلەیەکم کردبیت؛ بەبی ئەوەی مەبەستیکی خراپیشم هەبی لەو سەفەرە؛ئەوەی راستی بیت، برایەکی شرینم تەلەفۆنی بۆ کردم، وتی: کوری خوشکەکەم لە رۆمایە،دەتوانی بیهینی؟

منیش ئەو برادەرەمە ئەوەندە چاکەی بەسەرمەوە هەیە، پیم وت باشە، پرسیار دەکەم، بزانم قاچاخچیکان چۆن خەلك دەهینن، منیش هەول دەدەم بە هەمان شیوە بیهینم، بەلام یەك شت هەیە،وەك خۆت دەزانیت من پارەی سەفەرەکەم نییە،تۆ دەبی خەرجەکەی بگریتە ئەستۆوە !بۆیە منیش بە نەزانی ئەو ریگایەم گرتە بەر سەرباری ئەمەیش، نە دەمتوانی ببم بە مال، نە دەمتوانی دەرگای ویستگایەکە بکەمەوە؛ نەیش دەمتوانی چاوم داخەم نەکا خۆیشم خەوم لی بکەویت!!

پیمدەلین:بروانە دەرەوە

منیش دەلیم:بروانە ناوەوەم!

ئەمە چ زووخاویکە ئەلوەن، ئەی عەزیزی باوان،"گولەگەی باوە" ئەلوەن؛ ئەلوەنی یاری بی یاران ئەوا ئیستا دەمەویت لەسەر لوتکەی زەمین بە دەمەوە راکشیم و هاوار بکەم: بەسە! بەسیەتی ئیتر وا نەمام؛ یارانت وا بە چەماوییەوە لە پال دیوارەکاندا بە پیوەوە خەویان لە چاو دەکەویت! ئەویش هیچ ئاگای لە دلە پر خوین بووەکەم نەبوو؛ ئاگای لی نیە وا من ئیستایش دەمەویت بە پال زەمین غل بکەمە خوارەوە؛ تفیکیش لە رووی رۆژ بکەم، پی بلیم: بۆ هەلدییت؟ کە یارانی ئەلوەن شیوەن و رۆ رۆ بەشیان بیت، بۆ هەلدییت؛ بۆ ...بۆ ...بۆ ... بۆ؛ کە دلخۆشکەرەکەت وا لە ناو تاریکاییدا بیت، با هەموو دنیاش ببیت بە تاریکی؛ با هەموو دنیا وردوخاش بیت!

**(٥)**

**ئاخر بلین ئەلوەن بەم بەیانییە پرسیاری چی لە من دەکات؟ پاشان ئەلوەن بە بی ئەوەی پیویستی بەوە هەبیت بۆ سەر کەلات بڕوات؛ بەبی ئەوەی پیویستی بەوە هەبیت لە شوین پی هەلگریك یا لە جادووکەریك پرسیار بکات،بەو چاوە شینە ئەفساناویە دەگمەنەیەوە دەبینیت من لە کویم؛ دەزانیت من لە ژیر هەمان ئاسمان و لە سەر هەمان خاکم، تەنانەت درەختەکان بە هەمان شیوە لە بەهاری تەمەن گلای سەوز دەگرن، مندالەکان بە هەمان شیوە لە دایك دەبن،چاوەکان بە هەمان شیوە دەدرەوشینەوە وئەشك دەریژن، بە هەمان شیوە تای ئەویندارى دەیانگریت، ئەوە نەبیت لە باتی عەودال بونی ناو چیا و دەشت و دەرەکان،دەبرین بۆ نەخۆشخانە دەرونیکان؛ دلە ویرانبووەکانی پەتای خۆشەویستی وجوانی کە ناچاری تەنهایی بوون کراون، بە زەبری دەرزی و دەرمان ئەوەندەی تر ویرانیان دەکەن حەپ لە دوای حەپ؛ کاتی حەپیك کارتیکردنەکەی تەواو دەبیت، حەپیکی بەهیزتریان دەدەنی کە ئەویش سوودی نەمینیت،دەستیان دەبەستن و دەیانبەن بۆ قاوشی تاکە کەسی، بە سورگی ئەستور و کلیلی زل دەرگاکانیان دادەخەن، هەر وەکو دەرگاکانی زیندانە تاکە کەسەکانی ناو ئەبو غریب و ئاسایشەکەی باقوبەیە بەلام نەختی جیاوازی هەیە لە گەل زیندانە گشتیەکەی پۆلیسی باقوبە؛ لیرە ئەو مندالانەی وا لە گەل دایکەکانیان زیندانی کرابوون خۆیان بە شیشی دەرگا ئاسنینەکەوە رادەگرد بۆ ئەوەی چاویان بە باوك و براکانیان بکەویت وا لە بەشی پیاواندا، لە بەری ئەمبەریانەوە زیندانی کرابوون،لەو بەشەی وا پیاویکی ئیرانی بە تۆمەی جاسوسی زیندانی کرابوو،تەمەنی لە هەشتاکاندا بوو، جیگایەکیان لە تەنیشتی ئاودەسەکەوە بۆ تەرخان کردبوو، ردینیکی سپی هەبوو؛ هەموو روخساری داپۆشیبوو؛ جلوبەرگیکی شری لەبەردا بوو،هەر بە کۆمی دادەنیشت، تەنانەت پیی نەدەکرا بۆ سەر ئاودەستیش بروات، لە سەر جیگاکەی دەیکرد بە خۆیەوە،رۆژی لی کرابوو بە شەو تەنها ئەو کاتە نەبیت کە منداله شەش تا دە سالیکان لە دەورو بەری نیوەرۆ بۆ سەر ئاودەست دەهاتن،بە حال سەری هەلدەبری و بزەیەکی خەندەی بۆ دەکردن؛ مەگەر خەندەکەی ئەم لە خەندەکەی حوسین نەشعە جوانتر بیت؛ ئەتگۆ چرۆی دارە پرتەقالەکانە و دەپشکویت؛ جوانترین خەندەی سەدەی بیستەم؛زۆر بە ماناتر لە خەندەکەی زۆربا! "تۆ بلییت بیری منالی خۆیی کردبیت؟ یا حەزی کردبیت ژیانی سەر لە نوی وەك مندالیك دەست پی بکاتەوە؟ دەتگۆ برا بە پیری کەژاوەوە دەروات! بەلام ترسی ئەوەیشم هەبوو،تیزی بە ژیاندا هاتبیت ولە دلیەوە وتبیتی"هەی قورتان بەسەر، مندالیتان وا بیت، دوارۆژتان چۆن دەبیت"ئەلیی بزەی لیوی مندالی ساوا بوو!مندالەکانیش کوتومت لە منداله بارزانیکانی ناو زیندانی پۆلیسی هەولیر دەچوون، هەر ئەتگۆ سیویکن کراون بە دوو کەرت"روخساریان لە روخساری ئەلوەن دەچوو" ئەوە نەبیت مندالیتیان لی زەوتکرا بوو، پرۆتیستۆشیان بکرایە دوا هەناسەیان لی زەوتدەکرا، بەلام لیرە ئەوەی پرۆتیستۆش بکات، دەرزی خەوتن یا دەرزی "هیمنکەرەوەی"لی دەدەن؛ گرفتی زۆربەیان بریتیە لە پیویستیان بە پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانەوە !**

**عادل وتی"ئەو نەخۆشخانەیەی کارم تیدا دەکرد،پر بوو پر، جیگای کەسیکی تری تیدا نەمابوو". هەروا دەلین گوایە د. غازی لە نەخۆشخانەیەکی وا کار دەکات، ئیستا ئەمیش وەکو نەخۆشەکانی لی هاتووە،دوریش نییە ئەمە پروپاگەندەی ناحەزانی بیت،هەرچەند ئەگەر وایشی لی هاتبیت مەسەلەیەکی زۆر ئاساییە، جا مرۆڤ بەو هەموو نەزاکەت وخۆشەویستیەوە چۆن بەرگەی شتی وا کارەساتاوی دەگریت؟ هەندی کەس دەگیرنەوە کوایە" ئەم جیگایە بە هۆی تینەگەیشتنیکی بەریکەوت و نالەبار هاتووەتە ئاراوە، بۆیە بووە هۆی ئەوەی لە پەنجەی خاوەن دەسەلاتدارەکانیانەوە خوینی ملیونان مرۆڤ چۆرە بکات؛ جی پەنجەی دەستیان لە باکوری ئەلوەنیش دیارە و باکیشیان پیوە نییە"**

**حەمید:تۆ نمەك حەرامی، بوختانیان بۆ هەلدەبەستی ئەم قسانەی تۆ،بۆنی دەعایەی شوعیکانی لی دیت!**
**هۆشیار:خەرەگە مەمرە وەهارە ...خەرەگە مەمرە وەهارە!**

**ئەی من لیرە چی ئەکەم؟ ئەی هاوار کی منی بۆ ئیرە هیناوە، بە خەویش نیازی جیگای وام نەبووە،دەلین"بەرد لە جیگای خۆی قورسە"**

بەلام من نە بەردم ونە جیگاشم هەبووە؛ تەنها دوو دەستی ماندووم هەیە؛ هەست و سۆز و ویستەکانم هیچ بایەخیکی بۆ دانانریت... نەخیر ئەمە من نیم،پیم وا بیت من ون بووم؛ ئەری ئیوە خەلکینە لەو ریگاوبانە منتان نەبینیوە؟ من یەکیکم لەوانەی وا لە گەل دابەشکردنی مولکایەتی؛ لە گەل ئەوەی ژیانم وا بەو شیوەیەی بەریوەوەم دەبرد لییان زەوت کردم و هەتا ئیستا سوخرەکاریم پیدەکەن، لە ناموییدا دەژیم؛ بەروبوم نەما بەبەرهەمی نەهینم، خاك نەما بە گاسن داینەروشینم، شەقام و خانوو وکارگا نەما بە منی دروست نەکەن، کورە ئەوەی بەرچاوتان دەکەویت بە ئارەقی ناوچەوانی من بەرهەم هاتووە و بەرهەم دی؛ من وا ئیستاش لە پیستی خۆمدا نەماوم،من نازانم کیم،هەر جاریك بە ئارەزوی خۆیان ناسنامەیەك بە ژمارە وئیمزایەکی نویم بۆ چاك دەکەن، منیش هەر ئەوەندە دەزانم دوو دەستی کارم پیوەیە، بەلام لە بواریکدا بەکاریان دەهینم، بواری من نییە؛ ناو لەپم بە هیچ ناو لەپ خوینیك ناخویندریتەوە، جا چی بۆ خویندن بدۆزنەوە؟ هەر توشی سەر ئیشە دەبن؛ هەر هیلیکی بەرەو لایەك سەری ناوە، دوور نیە کابرا خۆی بدۆزیتەوە ریکەوت نییە ئەگەر بلیم هەمان شت رووبەرووی شوین پی هەلگریش دەبیت، ئەمیش لە ناو ئەو ریگا و بانانەی پیدارۆیشتوم ویل و سەرگەردان ئەبی، مەگە قەرەچەکان یا حەوت خوشك و براکەی ئەم بەر و ئەو بەر، ریگای گەرانەوەی بۆ مالەوە پیشان بدەن،کەچی ئەوان کۆت و زنجیرم دەکەن، دەمسوتینن،لە زیندانم دەئاخنن وقەنارەم بۆ دادەمەزرینن؛ دەلین شتیکیان داهیناوە لەش دەبریت،گولە بەنی هیچ شیخ و مەشایەخیك ریی لی ناگریت؛ هەروا دەلین ئیستا زۆر مۆدیرنتر بیردەکەنەوە؛ لە بری دەرکرنی چەند کەسیك لە سەر کار، ئیستا فیربوون بە کۆمەل کریکار دەردەکەن" دەزانن کریکار حەزی لە کرداری کۆلەکتیڤانەیە"لە سەنتەری شارستانیەت ناویان لی ناوە سەردەمی پۆست مۆدیرن، گوایە زۆر بەزەییان بە مرۆڤ دیتەوە، بە دیتنی خۆین، دەرژینەوە،بە بیستنی هاواروداد قەلس دەبن، بۆیە بۆمبی لە ناوبردنی بە کۆمەلیان داهیناوە، بە جۆرەها چۆنایەتی، هەموو زاناکانیان بەلین دەدەن و سویند دەخۆن کە بۆمباکانیان هیچ ئازاریك ناگەیەنیت، ئەوەی بەری کەویت یا هەلی مژیت وەکو مندال خەوی لی دەکەویت، بە هەمان شیوەش دلی تاقە کەسیشیان نەشکاندووە"تاقە کەس و مولکەکەی بوونیکی پیرۆزە" ، زۆر بە مەعریفەتن، ئەی چۆن، مرۆڤیان شەرمەزار کردووە، دەبی هەموو کەسیك لە جیگای خۆیەوە ستایشیان بۆ بکات؛ بە زبانی خۆیان بلیت: براڤۆ، زیر گود ، دانکە،فیلن دانك!!

لانکەی شارستانییەت دەرزی ژەهراوی بەبەهایان هیناوەتە ئاراوە،لەمە باشتر هەر نییە، پیش ئەوەی لە کەسەکەی بدەن، دەیبەن بۆ ژووریکی چوار گۆشەیی سپی رەنگ،لە ناوراستەکەیدا جیگایەکی تایبەت بە مەراسیمی بەریکردنی هەتاهەتایی ریکخستووە، ناخۆشیکەی هەر ئەوەندەیە هەتا دەستەکان بە دیوی خۆیان بە قایش توند دەبەستن و قاچەکان لە تەنیشتی یەکەوە بە هەمان شیوە توند دەکەن، هەر ئەلیی فیستیڤالی لە خاچ دانە،لەم چرکەیەدا مرۆڤ دەمریت،ئەوەی لەپاشاندا دیت ختوکەیەکی بچوکە وهیچی تر،هەموشمان دەزانین ختوکەدان چەند خۆشە خت خت خت خت بەبە گیان پیبکەنە بۆم رۆلە گیان وا رۆژ هەلهات بۆ ئەلوەن بەلکو ببی بە باوان بۆ منالانی گشت جیهان خت خت ها ها ها ها !

تۆ بلییت ئیرە ئەستیرەیەکی تر نەبیت؟ ئامان برا ئامان،لەم ناوە چی روونادات؟ دایك وباوك گەوادی بە سەر ساوای ناو قومات دەکەن !!

لۆژیکی چەك دروستکردن وبازرگانی ریگا بۆ ئەو جۆرە درندەییەش خۆش دەکات، لە پشتیانەوە خواوەندی قازانج راوەستاوە و فرمانرەوایی دەکات؛ بووە بە هۆی ئەو رەوە ملیونیەی وا مرۆڤەکان لە باشوری ئەلوەنەوە رووەو باکور رییان گردەبەر و سورکیو و فەرهاد ،دووکورەکەی میمکە گولبەهار ئاشنا بوون بە کەنیشکەکەی مام سیرڤینۆ تیراپیکی دانیشتوی گەرکی فینزەویلا، بەوبەری مالی قادر چکلیتی و کەنیشکی خالۆ لەیتۆن مۆرکای،ها کاتی خۆی هاوسیی مالی حەمە لەر بوون لە تەنیشت چاخانەکەی فەرەج لە کۆلانی نیکاراگوا ،کورە باوانت شیوی چۆن نایانناسی، ئەمانە ئەلوەن زادەن، ئیستایش هەر رەنگ و بۆی ئەلوەنیان پیوەیە سەرەرای کۆچی پیش وەختی باپیرە گەورەیان لە دەوروبوری سەدەی سیهەم،دەگیرنەوە"ئەمانە ئیستاش بە رووبارو ئاو دەلین ئەلوەن"! خۆ وەکو بەکر نین بلین" کەنیشکیکم ناسی، ئیژن جاری نەتەقیاگە "یا وەکو ئامەدی و کورەکەی عەبدولملیك وعەبدلجەعفەر نین خەریکی

قاچاخچیتی بن،بە خوینی خەلك ئالتون لە دەست وملى بكەن وسویند بە كوردایەتی، بە رەنگی زەرد؛بە سەوز بخۆن، بازرگانی بە رەوەبووەكان بكەن وا ئیستاش لە سەرە ریگادان بەرەو باكور!

ئەمانە دەلین"كاكە ئیرە دیموكراتیەتە، دیموكراتیەت وە شەرت چەقو، مرۆڤ ئازادە !

دەلین: كاكی خۆم قاچاخچیتی بە خراپ دەزانی، مەیكە،ئاخر بە تۆ چی، بۆچی ناوی خەلك بە خراپی دەهینیت؟هەقت؟ حیسابت؟ چ ئیشیكت هەیە !

دەلین: جەناب بۆ ئاگاداریت، ئیمە چاكە و پیاوەتی بۆ خەلك دەكەین، كورد لەو بەدبەختیە رزگار دەكەین !

ـ یەللا، نەفەر لە ئۆكرانیاوە بۆ ئەلمانیا بە دوو هەزار دۆلار"پارەكەی لەوی تحویلی ژمارەی برادەریك دەكەن، ئەو تەنها پیاوەتی دەكات!

ـ ئەری تەنها پیاوەتی، كوریكی زۆر دلسۆزە بۆ كورد ،هەقی بە كاری قاچاخچیتیەوە نییە!

ـ لە یونانەوە بۆ ئەلمانیا بە سی هەزار دۆلار!

دەلین: ریگاكە سەختتر بووە، كۆنترۆل زۆر بووە"لە ئەلمانیاوە بۆ سوید بە ١٥٠٠ دۆلار بە نرخی كرینی لە بانق !

ـ بە ئۆرۆ نابیت؟!

ـ من بۆ كۆنكان دەچم تەقیم !

ـ شەللا هەلا هەلا بیت.

ـ قاچاخچییەكیان وتی: ئەم كارە،كاری گەوادی و بی ناموسییە !بەلام زیرە،زیر!

لەولایشەوە هەر پینج ماركی دەخریتە ناو جیهازی یاری قوماركردنەكەوە، كابرا بە هەموو میشكیەوە دەیەویت تەقلە بە كۆمپانیاكانی جیهازی قوماركردن بدات"

ـ بۆ دەنیمارك بە ١٢٠٠، كاكە ئەگەر پەیمانی ماستریشت نەبوایە، وەللاهی بە سەر هەردوو چاوم بە نیوەی ئەو نرخە برا كوردەكانم ئاودیو دەكرد، بەلام ئەلیی چی هەی كەر لە قوزی داكی ماستئەحمەد و ماستهەولیرو سلیمانی!

ـ برام ئەوەی بگیریت ٢٠٠ دۆلاری دەدریتەوە!!

هۆشیاری داماویش سەر دەهینی وسەر دەبات ئەلوەنی هەیە،ئەمیش بە قەد بالاجووی لی هاتووە و دەستە قلیشاوەكان شاهی شاهانیتی،لەبەر خۆیەوە وتی "پە كووود،ئیجا بەو ئەی خەرە لەی خەرگاوە دەركە،قەرزاریشم دەكەن، برا بویشنە پیم،نەفر بە چەن ئەوەن بۆ دەربەندی هرمز لە پیش و پاش رزگاركردنی؟"

دەلین ئەمانە میز بەسەروچاوی ئەلوەندا دەكەن وپاشان بەردی تیدەگرن و بە خەیالیشیان نایەت!لە هاویناندا مندالەكانی ئەم بەر وئەو بەر بۆ سەر ئەلوەن دەچوون ولە گەلیدا یاریان دەكرد، بەردی پانیان دەدۆزیەوە ویەك بە یەك هەلیاندەدا، بزانن بەردی كی زیاتر ماچی رومەتی دەكات، یەكەم ماچ زۆر خیرا بوو،لە دوا ماچدا بەردەكە وئەلوەن یەكتریان لە ئامیزدەگرت، براوە ئەو كەسە بوو بەردەكەی ماچیكی زیاتری بكردایە!

بەلام لیرە بەردی پان دەست ناكەویت ونامۆن بە ترادتسیونی ئەم یاریە، كورە تیلا هەمویشی هەبیت، ئەلوەن دیار نییە؛ لە ناو گلینەی چاوە، كە دەیهینی، سەردەكەویت بەسەر چیا هەزار بە هەزارەكانی ئەلپ ودەشت ودەرەكاندا تا دەگات بە كەناری خۆی، بۆ ئەو جیگایەی وا جاران محیدین راوە ماسی دەكرد؛ لەویدا دەبی بە تەنافیك بۆ جلوبەرگ بە ناهەق ماندوو وخویناویكانی هەرسۆگۆڤینا وئەلبان وسرب وكروات وكورد وعەرەب و تورك وفارس؛ لە پاش نیوەروانەكاندا دانیشتوی مالە قورەكەی سەر سوچی ریكای قاچاخجیە پاسكیل سوارەكانی ریگای تۆلەفرۆش ویوسف بەگ، قاتیان دەكرد ودەیانخستە ناو ئەو بوخچانەی وا (عەمە) جۆرەها وینەی رەنگاورەنگی كەلەشیر وكچی جوان وفریشتەو ئەستیرەی لەسەر چنیبوو؛لە مالەكەی سەر ریگای حەمامی پیاوان و ژنان؛ دیواری سەر بانەكەی وەك زۆربەی خانووەكانی شارەكە زۆر نەوی بوو،ژوورەكەی پیشەوەیان دوو تاقی بچوكی شوشەیی پیوەبوو،هەموو ریگاكە تادەگات بە چایخانەكان لییەوە دیار بوو؛ لە ناوەراستیدا دارەخورمایەكی بەبەر هەبوو؛ نزیكەی بیست و دوو كەسی تیدا دەژیا؛سی خیزان و نەنكیكی بە تەمەنی هەر سی خیزانەكە؛ هەموویان لەناو شەش ژووری بچوك وتارادەیەك تاریك جیگایان دەبووەوە؛ كەچی جاریكیان

**لیرە دوو ناسیاوم بە میوانی هاتن، کرستینا خان وتی: من ئەسراحەتم لی براوە، جیگام نییە تیدانیشم!مالەکەش پینج ژوور وموبەق وباخچەیەکی گەورەی هەبوو! لەبەر ئەوەی ئەدیبە بە بەرگدووری تا رادەیەك ژیانی شەش کەسی مسۆگەر دەکرد، مالەکە بەبەردەوام قەلەبالەغ بوو، بیجگە لە میوان و هەراوهوریای سیزدە مندال!**

(٦)

دەلین گوایە من یەکیکم لەوانەی وا لەم جیهانە کاولکراو وپان وبەرینەدا بۆ خۆیان دەگـەرین"مـن بـۆ نـاتوانم بـە شـیوەیەکی ئاسایی بژیم؟ بۆچی ناتوانم رۆژیك لە خەو هەستم و بە رووخۆشـیەکەوە پـەیمانی ئاشـتی لـە گـەل گـەردوون ببەسـتم؟ ئـەم گەرانـە هـەتا کەی،ئەلیی سەگی پا سوتاوم!؟ بۆچی دەبی بۆ ئەلوەنی گلچۆم بگەریم؟بۆ ئەلوەنیك نە قبول دەکات فەرمانرەوایەکی لە سەرەوە بیت،ونە فەرمانرەوایی بەسەر کەسیکەوە بکات!

ئەم پرسیارانە وای کردووە بکەومە گومانیکی زیاتر"خەلکی ئیرەش بە هەمان شیوە لوت وگوی وبرژانگیان هەیە"بۆچی ئیرە کوییە؟چ تایبەتمەندییەکی جوانی هەیە تا ببیت بە ئاوات یا وەك دەلین بە پەناگا؟هەر بەراستی سوارە بۆ ئیرە هاتووە؟ لیرەیـە؟ یـا لەوییـە ومـن خۆمم لە لای ئەو حەشار داوە؟" ئەگەر ئەمن و پۆلیسەکان پی بزانـن،هـەم ئـەو دەگـرن وهـەم قـوری (دیمـادن) بـە سـەرم دەکریـت؛ بـە قاچاخچیم لە قەلەم دەدەن و دوو سالی تر زیندانیم دەکەن؛ بە ناردنی نامە لە دوای نامە رۆحم دەردەکەن، هەمـویشـی نامـەی سـزادانە، بەلام ئەوەندە بەریزەوە دەینووسن پیاو خەجالەت دەکەن:جەنابی زۆر بەریز و لە کۆتاییدا دەنووسن لە گەل باشترین سەلاو! لە نیوان ئەو پیشەکی و کۆتاییەدا قازوخیکیان تاشیووە و دەبی مرۆڤ بە خۆیشی، بە هەموو ریزیکەوە وەریبکریت!
لـەناو ئـەم دەرد وسەرشـیواویەدا، دەبینـم سـوارە لـە حەیبـەتاندا حەپەسـاوە ونـازانیت چـی بەسـەر هـاتووە، لـەوە دەچیـت بـۆ ولامیـك، روونکردنەوەیـەك بگـەریت منیـش بـە بـی ئـەوەی بـە خـۆم بـزانم، لـە سـوچی تەنیشـت تەلەفۆنەکـەوە دانیشـتم وەك بلیـــی چـاوەروانی تەلەفۆنیکم؛چاوم لەسەر گویگرەکە بوو و بە پەنجەکانم دەمدا بـە سـەریدا کلاودیـا خیراکـە دەی؛ بـۆ ژمارەکـەم لی نـادەی، چـاوەروانم تەلەفۆنم بۆ بکەی! ماوەیەکە دەنگت نییە، منیش بیرت دەکەم، هەرچەند دەزانم تۆ یەکسەر بە گلەیی وباسە درامیکان دامدەگریت!

لە وەتی دەیناسم پیم دەلیت: "من تەنهاییم زۆر کیشاوە،چیتر نامەویت بە تەنها بم، تۆ نازانیت تەنهایی چییە"!
ئەری ئەم کابرایە چی دەلیت؟ هەی قور بە ئەقلی،من کەی بە تەنها نەبووم،ئەی لەوە !
ئەوان رەش بین بوون لە هەنگاونان بۆ پیشەوە،رازین بە بەسەرهاتەکەیان، تا پییان بکریت لە گەل رۆژگار جۆر دەبن، نارازیش بن، هەر بە پاسیف روو بە رووی دەبنەوە! بەلام من بە هیچ رازی نەبووم و نابم، هەر بە هیچ،دووریش نییە ئەمە هۆی هەموو تەنگوچەلەمەکانم بیت؛ هۆی لۆژیکی یاخیبوونی بەردەوامم؛ دۆراندنی بەردەوامم لە کیشە جیاجیاکاندا کە هەر هـەموویان بـە یەکـەوە بەسـتراونەتەوە و رەنگـە رۆژیك لە رۆژان گرەوەکە بباتەوە!

کلاودیا:من بە بی تۆ ناتوانم بژیم، من تەنها لە باوەشی تۆ بم، تەنها بۆنی تۆ بکەم، لە تەنیشتی تۆدا بنووم هیچی ترم ناویت، من تۆم خۆش دەویت، ئەمەش گەورەترین و بەهاترین ئەکتە لە ژیانم
پییدەچیت لە من تینەگەیشـتووە، مـن لـە گـەل تەنـهایی راهـاتووم؛ هـەردوکمان یـەك واتـا دەبەخشـین، هیچـم نـاویت غـەیری جیـهان وهیواکانی ئەلوەن! ئەو منی خۆش دەویت؛ منیش وری ئەلوەنم! ئەمە بەمنەوە دیارە، هەر وا خۆیشم نە دەمەویت بیشارمەوە ونەیش پیم دەکریت بیشارمەوە !

- کی بۆی هەیە لە ئەلوەن بخواتەوە؟
- هەموو کەسیك،هەموو مەلیك،هەموو دەشت وچیا و دەریك!
- کی بۆی هەیە لە تەنیشتیەوە دابنشیت؟
- هەموو کەسیك؛ هەموو سروشت؛ هەر دەربەدەریك!!
- ئەلوەن لە کوی کۆتایی پی دیت؟

ـ کۆتایی نییە، بەناو هەموو مالیك دەچیت، لە هەموو جیهان ولە ئاسماندایە؛ دەبی بە باران وبەدەستە ئاویەکەیەوە بەهار بۆ دنیا دەهینیت؛ هەتا چاو بر دەکات سەوزایی، سەوزایی، سەوزایی دەبەخشیت!

دارو درەختەکان بە هۆی ئەلوەنەوە دەتوانن راوەستن و سیبەر بە مرۆڤەکان بدەن، ومەلەکان لە سەریدا لانە بکەن ! تەنانەت لە هەرکوی ئاگر لە مالی کەسیك بەربیت، پەنا بۆ ئەلوەن دەهینن؛ ئەو ئاگرە بی ئامانە دەکوژینیتەوە! هەموو هیز وتوانا وسۆزی بۆ ئەوەیە وا ئەلوەن لە چاوەکانیدا خورە دەکات!

ـ ئەلوەن مولکی کییە؟

ـ مولکی هەموو کەسیکە؛هەموو گیان لەبەریك و شتی ئەم زەمینە کە وا بە دەست دروستکەری شەوەوە بە شیوەیەکی چاوچنۆکانە دابەش ولەت لەت کراوە!

ئەو منی خۆش دەویت، منیش، منیش،سۆز و هیمنی وشری و دەستەپاچە بوونەکەیم خۆش دەویت، بەلام کە دەلیم، من گیرۆدەی دەستی ئەم بەیانییەم، ئەو لە من تی ناگات ئەزانی چی، ئەم جارە، تەنها ئەم جارە پی بگەم، وەکو ئەسپ سوار، سواری قامیشیك دەبم ولەم سەریەوە بۆ ئەو سەر؛ لەو سەریەوە بۆ ئەم سەر رادەکەم، ئەگەر نەخۆشیش کەوتم، دەچم بۆ لای مەلا حەمە، ئەگەر ئەمیش هیچی پی نەکرا، دەچم بۆ لای قاسم ئەفرەو حەکیمی گەورەی شارەکە، یا ژیر پیالەیەك لە ئاوەکەی ئەلوەن دەهینم ولەبەر خۆمەوە دەلیم"بە ناوی ئەلوەن، بە ناوی ئەم بەر وئەو بەر"ئیدی یەکاویەکە، تەنها ئەم جارە دەستم پی بگات، لە بەیانیاندا پیش ئەوەی بۆ سەر کار برۆم، یەکەم جار چاو و دلم بە ئاوەکەی ئەلوەن رۆشن دەکەم

ـ کلاودیا، ئی،چاوەروانی چی دەکەی،دەوەرە!

من هەرچەند پیم وتووە لیم گەری لی، من نامەویت پەیوەندیم هەبیت، زۆر توشی گیچەری بوگم؛ دەمەویت بۆ ماوەیەك بە تەنها بمینمەوە !

کلاودیا: دەتکوژم ئەگەر لە گەل کچیکی تر بتبینم، تا من دۆستیکی نوی نەدۆزمەوە، تۆ نابیت لە گەل ئافرەتیکی تر بیت

ـ ئەری بۆچی ئەم ئافرەتە بیر لە کوشتن دەکات، قسەی قۆر! ئەمە گوایە بە ئازادی بیرورا گۆشەگیرکراوە، پاشان ئەو مافی هەرەشەکردنی وای نییە؛ دووریش نییە لە بەر ترس لە تەنهایی وا دەلیت؛ ئاخ!بەراستی نییە!

ئەو لە گرفتی هەست بە نامۆیی من ناگات منیش نازانم بۆچی ئیستا لە قسەکانی خۆم پەشیمان بووگم؛ نەخیر پەشیمان نەبووگم، بابلیم خۆشم دەویت، بەلام پەیوەندی و خیزان؛مندال دروستکردنم ناویت،هەزار و یەك جار پیم وت، ئۆبالی کەم وکۆریکان بە گەردەنی خۆت، من نامەویت بە کارت بهینم؛ من هەموو ویست و نیازەکانم وەك خایە پاك کردۆتەوە، تۆیش بە ئارەزووی خۆت بکە، بەلام ئەو رکنە ولە من ناگەریت؛دوو مندالم هەیە لیبیان زەوت کردووم، کە چی ئافرەتیکی شارستانی وەك ئۆلی خانی پوری مندالەکان کە نزیکەی چل سال دەرسی بە مندال وتووە؛ موی سەری هەمووی سپی بووە،دەلیت"ئیلیزابیت! کچی وریا بە،ئەم کابرا رۆژهەلاتییە مندالەکان دەدزیت وبۆ ولاتی خۆی رادەکات"!

ـ رۆژهەلات زۆر گەورەیە وفرە رەنگە! لەبەر من هەموو رۆژهەلات خراپ مەکەن !مرۆڤەکانی ئەویش وەك ئیرە زۆر جیاوازن!من مەبەستم ئەوە نییە، بلیم بۆچونەکەی ئۆلی راستتانەیە، نەخیر!بۆ چی وتووە؟ بۆچونەکەی زۆر ئاساییە وهەموو رۆژیك بە سورەوکراوی؛ بە برژاوی؛ بە کولاوی گویم لی دەبیت!

هەروا نەك تەنها ئەم خانمە خاوەن شکۆیە، زۆر کەس بە پال پشت وبە گویرەی یاسا وبیری باوی کۆمەلگای ئیرە تەماشای مندال دەکەن وەك چۆن تەماشای کالا دەکەن !

دایکان دەلین: مندالەکان هی منن!

باوکان دەلین: مندالەکان هی منن!

بە دەگمەن گوی لە مندال دەگیریت، بە نەفام و بوکە شوشە دادەنرین، کەس لییان ناپرسیتەوە ئیلا کاتی تەمەنیان گەورە دەبیت باشتر نیە گوی لە ویستی مندالەکان بگرن؟مندال هەمو شتیك تیدەگات، کەسایەتیەکی تەواوە ودەبی ریز لە بیروراکانیان بگیریت، کۆمەلگا دەبی لە حالەتی مەترسی لە گەشەنەکردنی خولقینەریان دەخالەت بکات، هەروا دایك وباوکیکی زۆریش هەن دزی لە مندالەکانی خۆیان دەکەن، ئەو یارمەتیە کەمەی بە مندال دەدریت بۆ مندال خەرج ناکریت؛ دەدریت بە قومار وفیزکردن، راستە مندالەکان لیرەن، بەلام بەداب ونەریتی ئەوی هەلسوکەوتیان لە گەل دەکەن، بە تایبەتی لە گەل کچەکان، مرۆڤیکی بەرز وەك سیروان نەبیت بە ریزەوە لە گەل کچەکەی هەلسوکەوت دەکات، هەندی کەسانی خویری نەبیت لە دواوەوە قسە بەتالەکانیان دەرژینەوە. بە کلاودیا خان دەلیم پیکەوە ژیانم ناویت، بارودۆخی ئیرە ئەوە هەلناگریت؛ بە ئاشکرا وبە دزیەوە زۆر لە هاوسەرەکان"بە رەش"دەرۆن؛ بە دەگمەن دانی پی دەنین؛ ئەوەش گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە، لە چرکەیەکدا ژنەکە یا پیاوەکە خۆزگە بۆ کەسیکی تر دەخوازیت؛ هەیشە دەلین"لە دەرەوە هەوەس کۆبکەرەوە ولە مالەوە لە گەل هاوسەرەکەت بەکاری بهینە" بەلام ئیستا من وا بەم بەیانییە خۆزگە دەخوازم کلاودیا تەلەفۆنم بۆ بکات،ئای گەر بزانیت ئیستا وا هەمو بەدبەختیکان بە جاریك بە سەرم دەبارین وشپرزەم دەکەن،لە خۆشیاندا بەفرین بۆ لام دیت، خواخوایەتی نوزەیەکم لیوە دەرچیت بۆ حالی پەریشانم، دەستم بەسەردا دەهینی، تیرتیر بە لیوە سوورە ئەستورەکەیەوە ماچم دەکات، ماچی دەکەم،هەتا لە ناو یەکدا دەتوییینەوە، ئەوسا هیچم لە بیر نامینی ئەوە نەبیت دەنگیك لە ناخمەوە بەرزدەبیتەوە، و دەمباتەوە بۆ لای ئەو: نەدەکرا لە لای ئەو بمابام؟ کام نەحسی؟ کام دەرد ، کام چاوی پیس بەهاری ئەوینمی دایە بەر چەقۆ؟

بۆچی وا ریك نەکەوت، پیکەوە لە گەل ئەو"لامەسەبە"هەمووکەلە شەقیکانمان بکردایە؟بە سنگیکی پر هیواوە بە رووی مەرگدا بچین؛ بەرووی رەهیل وشەوەزەنگ؛ بەرووی سنورەکان؛ بەرووی شەوە و زیندانەکان؟ کاتیك لە دورەوە یەکترمان دەبینی چاومان دەگەشایەوە، لە خۆشیانەوە هەر پیدەکەنین، بە دلەوە پیدەکەنین، ئەوا ئیستاش بزەی لیوم دیت،چ سۆزیکی سەرشیتانەیە ئیستا ئەو سۆزە بووە بە شتیکی تر، پیاهەلدانی ناکریت هەر ئەوەندە دەزانم کە فایەق پرسیاری ئەوم لی دەکات:ئەوین چۆنە؟

دەلیم:باشە باشە باش، بووە بە پەری دەریاکان ومنیش دەریاوان بایەکی فینك و سازگارە لە دەشتاییە بەرینەکانی باکورەوە هەلدیت منیش رۆژباشی لی دەکەم، لە یادمە،ئەوینی دابەش دەکرد بەسەر رەگ و ریشە بی کۆتاییەکانی دارە بەرزەکانی کەلکەند. گولەکان لە لیوی سووری ئەوینەکەم رەنگیان سوور دەبووەوە" ئەوەندە سوور دەبووەوە،هەتا خوا بیژی"ئەمجار نمە بارانی ئاسمانە دوورەکان دەباری، با بلیم ئاسمانیش ماچی دەکردین!باران، هەر ئەو بارانە بوو چیتر نەباری!

ـ چۆن؟ بروا ناکەم، لە کوی شتی وا هەیە؟چەندین خۆشەویستی کەیشت هەبوو،هەر جاریکیش دەگۆ: خۆشیم دەویت!

هەموویانم بە خۆشەویستیەوە لەئامیز دەگرت؛ ماچ دەکرد ، بەلام لە گەل هەر هەموویان"خیانەتم"دەکرد و دەیکەم:لە خۆشەویستی ئەوەوە یارەکانی تر خۆشدەویست؛ هەموویان دەیناسن، رەنگە لەسەر شەقام بروات،بیناسنەوە،و چۆنی و چاکەی لە گەل بکەن!!لە خۆشەویستی لە ئامیزگرتنی ئەوەوە هەر شۆخیکی تر لە ئامیز دەگرم!یەکەم جار ئەو بوو، ئافرەتیك لە خەیال ومەستی! پاش رۆیشتنەکەی، سەلاو لە هەر وەنەوشەیەکی دلدار!

بۆچی دەبیت بەم بەیانییەدا دەستە ماندووەکەم بە بان سەرم دابنیم وچاوم دابخەمەوە وهاواریك قورگم بگری ؟ ..

هیچم لە بیر نەماوەتەوە، شەقەی بالی کۆترە تەقلەبازەکانی ئاسمانی ئەم بەر وئەو بەر نەبیت وچۆن لە خۆشیاندا لە ئاسمانی سەر لانەکەیان تەقلە لە دوای تەقلەیان لیدەدا ، کە دادەنیشتنەوە لە ئاوەکەی ئەلوەنیان دەخواردەوە !

ئاخر تۆ کەی لانەت هەیە، هەی بی لانە، زەمانیکە لانەکەت شیواوە؛ عەزیز ویاران لە شارە دوورەکاندا تەفروتونا بوون؛ کەلاوە شرکەی باوانت روخا کلاودیای خۆشەویست شەوی تۆش باش .

تۆ بلییت لە قەراغی ئەلوەن دانشتبیتم؟ تۆ بلییت جی گۆرکییەك رووی دابیت بە خۆم نەزانیبیت؟

ئەوەی منی لال کردووە و پەکی خستوم ئەوەیە بۆچی ئەلوەن ریك لەم بەیانییە شومەدا ئەو پرسیارە پر زەبرەم لی دەکات؟ ئەی ئەو بۆمبایە بۆچی بەم بەیانییە تەقیەوە؟ ئەی سوارە بۆچی بەم بەیانییە لەسەرم حازر بووە؟ من لە کوی؛ ئەو لە کوی؛ هەموو پرسیارەکانیش لە گەل تەقینەوەی بۆمباکە، یەك لە دوای یەك تەقینەوە!

ـ من خۆزگە بەوی دەخوازم؛ ئەویش بۆ ئیرە هاتووە!

من ئەلیم: ئەمرۆ لە کاتژمیری و دەقە لە چرکەی کاتی گەرانەوە هاتگە!

سوارە: لە هەمان کاتژمیر خەلك بە لیشاو دەلین"لەم کاتەدا، کاتی رووەو هەندەران هاتگە"، دەشت و دەرەکان پرن؛ لەشکریك بە نهینی لەسەرە ریگایە بەرەو باکور

من دەلیم: رۆژ باش

سوارە: کەمال وەت" شەوە روژمان کردییە وە شەو!

من دەلیم:

سوارە:

پاشان ئەگەر بە سوارە بلیم ئەمرۆ بۆمبیکی کۆنی فرۆکەکانی لەشکری سوور لەسەر شەقامەکەی تەنیشتمان تەقیوەتەوە، بروام پی دەکات؟ نەخیر، چۆن بروام پیدەکات، یەکسەر لە دلی خۆیدا دەلیت"هۆشیار دەمترسینیت؛ نایەویت لە لای بمینمەوە تۆ بلییت لیم بیزار نەبوبی ! ئەی ئەگەر پیی بلیم کاکە کە تەلەفۆن دەکەی باسی قاچاخ ودۆلار و تەزویرکردنی دوکومینت مەکە،لیرە کۆنترۆلەیەکی بی وینە هەیە؛ گوییان لی دەبیت"دیوار مویش دیرد، مویش گوش دیرد "بەبی سی و دوو بە چاوی گومانەوە چاو هەلدەبریت و دەلیت"باوە توو لە کورە خەفتیدە،ئیرە ولاتیگی دیموکراتیە، ئەرا وەکو لای خۆمانە،لەیرە هەرگی ئەرا خۆیە، کەس حەقی نییە وە یەکی تر...یا مویش، یا دیوار"!

من وای بە باش دەزانم، ئەوەی سوارە دەیلیت، بیکەم، دەنا هەزار و یەك گلەییم بەسەر دیت.ناچارم باسی ئەم جۆرە بابەتانە نەکەم ودەمی خۆم بگرم، دەنا پیم دەوت"تەلەفۆن کۆمپیوتەر دیرد، کومپیوتەریش تەسجیل ئۆتۆماتیگی دیرد"بەلام وەك دەزانن میوان عەزیزی ئەلوەنە، هەتا ئەو رۆژە ئۆغر دەکات،هەرچییەك بلیت، دەلیم:فەرمایشتە، من دەزانم لە دوواییدا هەر پیاوخراپ دەبم، بۆیە دروشمی"دەمت بگرە،سەرت سەلامەتە"م هەلگرتووە

ئەوەی خیر بیت لەوی چنگ دەکەویت، ئەمانەش لیرە سەرو جزمەیەکی سەربازی پروسیان لە ناو میشکدایە"چەند شارستانین ئەم حەشاماتانە، شار ولادیکانیان پرن لە پەیگەر و گۆرستانی تۆپیووەکانیان لە جەنگی جیهانی یەکەم و دووهەم؛ هەموو سالیك رۆژی خەمباری گەل ریکدەخەن ئەوەندە زمان پیسن،ئەوەی"خوینی خۆیانی"نەبیت پیدەلین: بیگانە"بۆچی رەنگی خوینەکەیان چ رەنگیکی هەیە؟" بیگانە بۆ دەرەوە، بیگانە! ئاخر وا نییە، کی دەلی من بیگانم؟ من بۆ بە بی بیگان ناوم دەهینن، سەیری ئەم تۆمەتە بکەن،هەر لە خۆیانەوە تفەنگ بە تاریکیەوە دەنین!

ئەری وشەی بیگانە چی دەگەیەنیت؟ بیگانە کلکی هەیە؟یا گویی زۆر دریژە؟ کەسیك ئەگەر خۆی حەوت شۆر بکات هەر پیی دەلین فلان بیگانە های های، بە من دەلین بیگانە بیگانەکان دزی دەکەن،مرۆڤ دەکوژن؛دەلین: خارجیکان هیرۆئین فرۆشن؛فۆندەمەینتالیستن"دەستە رۆنینەکەیان بە گیانی من دەساون، خۆیان لە یەك جەنگدا خوینی٠٠٠ ٠٠٠ ٥٠ ملیون نەفەریان خواردۆتەوە"

ئەی هاوار کاری خراپە لە کوی ناسنامەی ناسیۆنالیستی هەیە؟ کەی ولاتی هەیە؟ چما کریکار یا بورژوا ولاتی هەیە! ئایا هەموویان وا دەکەن؟ پاشان گریمان وایە، بۆچی هۆکانی لە ناو نابەن؟ بە من دەلین تۆ بیگانی من ئەلوەنیم، ئەلوەنیش هەموو جیهانە؛ هەموو مالیك بە مالی خۆی دەزانیت؛ کەچی لیرەدا زۆربەی هەرە زۆری دەرگاکان بەروومدا داخراون؛ ئەو وشە نامۆیەش دمترسینیت کی لەو شارە بە صویحب و دایە عەرەب وتووە بیگانە؟ کی؟ "ئەلوەنیان مرۆڤەکان وە بان دەست هەلدەگرن"ئەلوەنیان، ئەلوەنیان دارە توو

شرینەکانی قەسریباخن؛ هەمو باڵندەیەك لەسەریدا دادەنیشنەوە، هەندی جاریش مار! ئەوە نەبیت ئەو جارە کە لاوانیان بۆ بەرەی خوینرشتن مل کیش کرد، لەبەر دەرگای تەجنید راوەستابوون، لەو کاتەدا"قازیك"بە ئۆتومبیلەکەی لەویوەدا تیپەری،عەگالەکەی سەریان داکەند وبۆ ئاسمان هەڵیاندا؛ وینە گەورەکەی شەوەیان شکاند؛ بوو بە یەکیك لەو رۆژانەی وا تامەزرۆیی دەکریت! ئەوانیش تانك ومودەرەعە بۆ سەر شەقامەکانیان داگردو رەش بگیر بلاوبووەوە،ئیستاش کەس نازانیت چییان بەسەر هاتووە

یەکیکیان پیم دەڵیت شەر  مەکە! ئاخر تۆ کیی هەتا شتی وا بلییت؛ ئیوە خۆتان شەرکەرن، خۆتان شەرفرۆشن وبەرپای دەکەن،ئاخر کەی رۆژیك لە رۆژان ئەلوەن زادەکان بروایان بە شەرکردن هەبووە؟ یا هەر وا بە گۆترە ولە خۆرایی شەریان کردووە؟ ئەوە چەند ساڵە کابرایەکی قومارچی، کە کۆمپلیکسی دونیبەتی هەیە، بووە بە دەهۆل لیدەری کارە دزیو ودرندەکەی بە چکەکانی شەوە" گوایە رەفیق ودۆستە ئەلوەنیکەی جارانی لە رۆژنامە رەشیکیان شتی بلاوکردووەتەوە "، ئەو جارە کە دکتۆر حەسەن هاتبوو بۆ ئیرە، بەو بەیانییە کە هیشتا خیر وشەر دابەش نەکرابوو، بە بی هیچ پیویستیەك وتبووی: دکتۆر ئەو ئەلوەنیە وای کردووە   "ئافرەتیکی بویر دەمکووتی کردبوو ودکتۆریش کناری بی دەنگی نەگرتبوو. ئەوەندە بی ئاستە پروپاگەندە بۆ نیاز  پیسی شەوە دەکات، بە وەسیلەیەکی وا سوك وئاسان هەلخەلەتا، دەشیویت دەربەندی هورمزیش رزگار بکات، خۆی باش دەزانیت،  بەلام ئەوەندە گیلە چاو لە ئاستی راستیکان دەنوقینیت، سەرباری ئەمەوەش کابرا  ئەلوەنیکە نە تەنها بیدەنگە وبە بی دەنگی دەمینیتەوە، بەلکو تەرحی داوەتی بۆ هەموو جوینەکانی کە پیی دەیدا بۆ بیست ساڵی داهاتوو؛ حەز دەکا چی لۆری کۆمپانیای مرسیدس هەیە بەجوین و قسەی سووك پر بکات وبۆی بنیریت، بە دل وبە گیان پسۆلی وەرگرتنیان ئیمزا دەکات؛ دەڵیت:منیش سوپاس   بۆ نەو؟.
هەر لەبەر ئەوەی دەڵین"نان و ئاوی یەکسان؛  زەمین و ژیانیان لی کردوین بە دۆزەخ   ..هەندی کەس هەن دەڵین"مەگەر پیغەمبەری ئەرمەنیکان بە ئەسپەکەیەوە لە کونی چیاکەوە بیتەدەر وتۆش بە سواری ئەسپەکەی ئەو بگەی بە ئەلوەن؛ بەلام ئەو کابرایە لەوساوەوە لە دەستی نەیارەکانی رای کردووە وگوایە هیشتا هەر ئەلوەن دالدەی داوە!دەڵین محیدین وتویەتی" ئەوەی ئەلوەن دالدەی بدات، هەرگیز بەجیی ناهیلیت، هەتا هەتایە لەوی دەمینیتەوە؛ لە گەل مندالە کراس پیسەکانی کۆلانە تەنگەبەرەکان یاری چاوشارکی دەکات، شەوانیش لە ژیر چرای کۆلانەکان چیرۆك بۆ یەکتر دەگیرنەوە؛ یا بەریز گۆرانی دەڵین؛ زوو زوور نابرین بۆ ناو جیگا! کی ژیان یاری دەبیت لە پال بەهەشتی ون بوو چاو بکاتەوە؛ کی؟ ئەوە ئەلوەنیکانن؛ جۆلانەی مندال ونوری یارانی بە جەفا و ئاوازە دوورەکانن !

**(٧)**

**ئەی ئەم سوارە ناوە لیرە چی دەکات؟**
**مونیر ئەو جارە وتی:"خۆت باش دەزانی راستی هەموو جاریك هەنگوین نیە و پرسیارکردن مــافیکی ســەرەتایی گشــت لایەکمانــە؛ تــۆ دەبی پرسیار بکەیت، شەرابیش، بەتایبەت شەرابە شاراوەکانی ناو ژێرخانەکانی کلیسا کۆنەکان، پرسیار لە دوای پرسیار ئاراستەی لیوە وشکەکان دەکەن، ئەو لیوانەی وا هەر لــە نــاو گیــژاوەی گــەران بــە دوای ولامیکــی گونجــاو سەرمەســت دەبــن وخــەویان لــی دەکــەویت. ئەلوەنزادە سەرمەستەکان کە وا لــی گەراون پرسیار لە شەراب بکەن، دەلین"شەرابی سوور رەهائیە؛ رەهائیەکی تایبەتمەندە بە ئیــوارەی شەوی خەون بینینە دلخۆشکەرەکەی قەتی"!**

**ئەی گەورەترین نهینی بفرە، با شەقەی بالەکانت بیت، بەرز هەلفرە،وا تاریکی خەریکە بەر رۆژ بگریت، فریاکەوە،وا داخۆ پرسیارەکەی ئەلوەن بەم بەیانییە پەیوەندی بە هاتنە چاوەروان نەکراوەکەی سوارەوە نیە؟**

**بەش بەحالی خۆم نازانم ئیمرۆ چی روویداوە؛ کەی دەستی پیکرد؛ رۆژهەلهات یا نا؛لە بیریشم نایەت کەی مال ئاوایی لــی کردیــن؛ مــن هەر ئەوەندە دەزانم لە چرکەیەکدا ژیانم کەوتە مەترسی! نەخیر، نەخیر ئەوە من نیم! شەرم ئاوەر نیــە کەســیك بترســیت، بــەلام مــن کــەی ترساوم؟**
**هەر جاریك باسی ئازایەتی و ترسنۆکی بهاتبایە ئاراوە، مونیر دەیوت: هەندی جار لەترساندا دەبووی بە مشك، بۆچی دان بە ترسەکانت نانیی؟ تۆ کەی لە ناو ترسدا نەژیاوی؟**
**هۆشیار: ترس لەوەی ئەلوەن وشك بکەنەوە یا لە داخاندا وشك ببیتەوە؛ ترس لەوەی رۆژی ئازادبوونمان درەنگتر هەلبیت؛ ترس لەوەی نانم ببریت؛ ترس لەوەی لە ناوەختاندا لە دەرگام بدریت؛ ترس لەوەی پی بزانریت دولبەرم هەیە؛ ترس لە بیکاری؛ لە کار دەرکردن؛ لەهەوالی جەرگ تەزین؛ لەوەی قەرزەکان زیاتر ببی ترس ترس تــرس! چــی بــوو ئــەم ترســە بەنەعلــەت بــووە بــەرۆکم بــەرنادات، وەك قــەناص لەدەستیك لە درزی کونیکەوە بۆسەی بۆ داناوم یا وەك ناحەزیك خوین بەرچاوی گرتبی، لە پشت دەرگاکە بۆم راوەستاوە،دلی بیمارم لە کوتان بخات!**
**جاران،لەم بەر ولەو بەر ترس نەیدەتوانی روو لە مالان بکات؛ مرۆڤ لە گازیوەکاندا قومیك لە مەلەکوتی ئەلوەنی دەخواردەوە،هــەرچی ترس ونەحسی هەبو بەری دەدا! ئیستا من لە کوی، ئەلوەن لە کوی!؟**

**دەگیرنەوە، خەلکانیك هەن لە باکوری ئەلوەن، لە سەروی قەلای شیروانە، لە دەشت و یالە رووتاوە بە پیتەکانی چاتەرە، لــەو شــوینەی وا ئەگەر باران نەباریت، مەلاکان فاتیحایان بەسەر وردە بەردەکان دەخویند ودەیانهاویشتە نــاو بیرەکــان. ئــەو ســالەی وا زۆر نــەهات بــوو، مەلاکەی گۆبان باوەشی پرکردبوو لە بەرد،دانەیانی دەگردە دەست؛ پەیتا پەیتا فاتیحەی بەســەریاندا دەخوینــد؛ هــەلی دەدایــە نــاو بیری مزگەوتەکەوە، بۆ ئیوارەکەی رەهیلە بارانیکی وا دایگــرت چــی دەغــل و دان هــەبوو فــەوتان، چــەند خانوویــەك روخــا و ژمارەیــەك میگەل ومانگا مردن! جادووکەریك وتی"ئەمە بۆیە روویدا، چونکە مەلاکە بیست و سی بەردی فاتیحاوی زیاتری هەلداوەتە ناو بیرەکە! لەویدا، ئەگەر کەسیك نەخۆش بکەوی، کەوچکیکی چا خواردن لە خۆلی گۆرەکەی حاجی مەلا موستەفا دەخاتە ناو ژیر پیالەیەك وئاوی تیدەکان ودەیخوات، هەیشە بەبی ئاو قوتی دەدات، وەك ئافرەتە بە سالاچووەکەی ناو دەوارە شرەکەی دەشتی شارەزوور کــە گــەدەی ژانــی دەکرد!**
**ـ پوری چووگی بۆ لای دختۆر؟**
**ـ بووم وە سیقەت، بەخوا دختۆری بەغا وسلیمانی نەما نەچم بۆ لای!**
**یەك عەلاگەی پر دەرمانی پیشاندام و وتی"هیچیان بۆ نەکردم".**

ـ ئەی لە خۆڵەکەی حاجیت خوارد؟

پوری هەستایە سەر پێ و تورەکەیەکی تری هێنا و وتی: کورم بە خوا ئەمە دووهەم تورەکەیە دەیخۆم !.

کە ئەو جارە چاوم بە گۆڕەکەی حاجی کەوت، بینیم هەر دەمێکە پاشماوەی ئێسقانەکەیشی نەماوە،بە پڕی چوار گەلابە خۆڵیان لێ دەرکردبوو!

تۆ بڵێیت حاجی زەلامێکی ئەوەندە گەورە بوبێت؟ کە پرسیار کرا بۆچی تەنها لە گۆڕی ئەم پیاوە دەخۆن؟

وتیان:"کاکە حاجی موبارەکە، ڕۆحم وە قوروانی بێت، حەوت جار بە سواری قامیش حەجی کردووە!"

هۆشیار:جا ئەوە چییە،زۆران ونەسرەدین شەو ورۆژ بە دەوری ئەلوەن گەراون، برادەراتیان لە گەڵ خدری زیندە هەبووە؛ئەم کابرا ئارام لێبراوە کە ناوی سوارەی لەخۆ ناوە و وا شەو و ڕۆژ بەرامبەری گرتووم، بەنهێنی لەو بەرەوە دەرچووە و وا لەلای من سەری دەرکردووە! ئەگەر بەسەرهاتەکەی بۆ زیرەك ترین دادپەروەر بگێریتەوە، بروای پێ ناکات ودووریش نیە سنورداشیشی بکەن: نزیکەی پازدە کەس بووین لە گەڵ قاچاخچی ڕێککەوتین، لە هەڵەبجەوە گەیشتمە مەریوان ولەویشەوە شار بە شار ودێ بە دێ؛ جاری بە پێ وجاریك بە ئۆتۆمبیل بە شەو وبە ڕۆژ تا گەیشتینە دێهاتەکانی سەر سنوری تورکیا و لەویشەوە بە هەمان شێوە جاریك بە پێ وجاریك بە ئۆتۆمبیل دێ بە دێ و شار بە شار؛ بە شەو وبە ڕۆژ تا گەیشتینە ئەستەنبول؛ هەر لە هەڵەبجەوە تا ناو ئەستەنبول یەك زنجیرە قاچاخچی بوون؛ پارەکەمان لەوی تەسلیم کرد؛ ئەمجار لێرە ماوەیەك ماینەوە وگەراین بە دوای قاچاخچی ڕێگای تورکیا ویونان؛ جانتای کۆڵ وخواردنی هەفتەیەکمان کری؛ لێرەشدا گەورەم هەتا سەر ئاوە ترسناکە کە چەندین گەنج و ژن ومنداڵ لە ناویدا خنکان؛ بە ئۆتۆمبیل سەفەرمان کرد ولەویشەوە جاریك بە مەلەوانی وجاریك بە بەلەم تا ناو زەوی یونان ڕۆیشتین؛ بەڕۆژ لە ناو ڕەز وکەلاوەکانی سەر ڕێگا یا لە ژێر درکەکان دەخەوتین هەتا تاریکایی دەهات، ئەمجار بە پێ ڕێگای دەشت ودەر وشاخەکان و بەناو تونێلە ترسناکەکەوە گرتەبەر تا ناو شاریك و پاشان بە ئۆتۆمبیل گەیشتینە ئەسین وماوەیەکیش لەوی ماینەوە؛ پارەمان پێ نەما؛هەندێکمان یارمەتی لە خزمانیانەوە بە دەست گەیشت؛ وهەندێکمان کاری هەرزانیان دەست کەوت وهەندێکیش کە هیچ ئومێدیکیان نەبوو وبۆ ئەوەی لەتە نانێکیان دەست بکەوێت وکرێی ماڵ بدەن، ناچار کران سواری ئەحفادە بە تەمەنە دەوڵەمەندەکانی ئەفلاتۆن وئەریستۆتالیس وخوا بە ناوبانگەکانی یۆنان بن؛ لێرەشدا گەراین بۆ قاچاخچیکانی ڕێگای یونان ـ ئیتالیا؛ یونان ـ ئەلمانیا؛ یونان ـ سوید؛ جاریکیان سواری تریلەیەك کراین و پێیان وتین پاش پێنج سەعات دەگەنە ڕۆما ودەتوان دابەزن؛ بەڵام گەورەم پێنج سەعات ڕۆی دە سەعات بەسەر چوو بیست سەعات ملی شکاند سی سەعات بە دزیەوە لە ناو تاریکایی تریلەی ناو گەشتییەك بە بێ دەنگی خۆمانمان ماتدا نەکا کەسێك پێمان بزانێت وبە زگی برسییەوە لە تەمەنمان بەسەر چوو وهەر ڕانەوەستا؛ بوو بە سی و یەك سەعات ڕاوەستا؛ ئۆخەیمان کرد؛ با و بۆنی جوانی دیموکراتییەت و مافی مرۆڤ هات بە ناو لوتماندا؛ کە ویستمان دابەزین، پۆلیسە دیموکراتە ئازاکانی بەرەی ڕۆژئاوا چاویان بە ئێمە کەوت ونەیانهێشت دابەزین؛ تریلەکە لەناو گەشتیکە مایەوە و بەهەمان ڕێگا بەرەو یونان بەری خرا؛ کە پرسیارمان کرد ئێرە کوییە؟"وتیان بەندەرێکی فەرەنسیە"؛سی و یەك سەعاتی تر لە تەمەنی بار بە سەر بومانەوە ڕۆشت؛ ژن و سی منداڵەکانم دەبێ سی و یەك سەعات زیاتر چاوەڕوانی هەواڵ وچارەنووسی من بکەن؛ گەورەم دەزانن چاوەڕوانی چەند ناخۆشە، بە تایبەتی لە هەڵهاتنێکی وادا؛گەورەم،بە هەر حاڵ با سەرت نەئێشێنم،ئێمە هەر بە زگماکی وا فرە بێژین، ئەمجارەیان سەر لە نوێ سواری تریلەیەکی تر کراین بەرەو ئیتالیا؛ گەیشتینە ڕۆما وهەر یەکێك ڕێگایەکی گرتە بەر؛ من و برادەرە ساحێرەکەم کە وا زۆر حەز لە نوستن دەکات، گەراین بۆ شەمەندنەفەرەی ڕێگای ئەلمانیا؛لێرەدا چوین بۆ لای ناسیاوەکەی موینشن" هیچی پێ نەکرا"؛ چوین بۆ لای ناسیاوەکەی هامبۆرگ"هیچی پێ نەکرا"؛ چوین بۆ لای ناسیاویکم سێزدە ساڵە لەوی دەژیت؛ جاری هەندی قسەی کرد نیوەی خەونەکانمی لە گۆڕ نا، دوو مانگ لە لای مامەوە"ئەمیش هیچی بۆ نەکردم"؛ قاچاخچیە ئاڵتون لەدەست وملەکان هەر ئیمرۆ وسبەنیان پێ دەکردم و درۆ لە دوای درۆ هەتا یەکێکی تر کە زۆر ئەمرۆ و سبەی بە خەڵك ناکات بەرەو سوید بەریی‌کردم بەڵام لەسەر سنوری سوید گیرام وبۆ دەنیمارك سنورداش کرام؛ وا لەبەردەمتان دانیشتووم و چاوەڕوانی بڕیاری جەنابتانم وەکو پەنابەرێکی سیاسی قبولم بکەن؛ هەڵبەت لە باسەکانمدا باسی ئازار وگریان ومەترسی مەرگ و زیندان و سنورداشکرن بە دەستی پاسەوانەکانی خودا وئەتاتورك و یونان و

دیموکراتییەت لە ئەلمانیام نەکرد؛ هەتا پیمکرا بەسەرهاتەکەم بەکورتی گیرایەوە؛ دەنا بەراستی گەورەم دە بەقەد ئەمە پەت پەتی وقوربەسەریم بینی!

پیی دەلین:"تۆ چیرۆکی هەزارو یەك شەومان بۆ دەگیریتەوە"بۆیە سوارە دەبی درۆیان بۆ بکات،درۆیەك لە راستی بچیت:"لە  زاخۆ بە مەلەوانی لە رووباری (زاب)مدا وگەیشتم بە زەوی تورکیا.لە سلۆپییەوە سواری پاس بووم هەتا گەیشتم بە ئەستەنبول، لەویشەوە بە جەوازیکی مزەوەر بە سواری فرۆکە هاتم بۆ ئیرە!من سی هەزار دۆلارم بە قاچاخچیکە دا   نەخیر ناوی نازانم   ؛ ئەوها بە کورتی.ئەوەی راستی بیت دەبی هەر وای لی بکریت، دەنا دەبی بۆ هەر پەنابەریك مانگیك زیاتر بۆ بەسەرهاتەکانی ریگا وبانەکان تەرخان بکەن، بیجگە لە وەلامی پرسیاری: تۆ بۆچی لە رۆژی   مانگی   سالی   سنوری ولاتەکەت بەجی هیشت؟ کە رەنگە ئەگەر هەموو راستییەکان وەکو خۆی بگیردریتەوە چەند مانگیك دەخایەنی؛ جا کی ئەوەندە کات تەرخان دەکات گوی لە هۆکانی پەنابەریتی بگریت؟ پیویستیشیان پی نییە؛دەنا تەنها ریگا برینەکە شایەنی دان نانە بە مافی پەنابەریتی ئەو کەسانە؛ بەلام ئەلیی چی،ئەوەی راستی بیت"ئەمانە خۆیان دەنووسن ودەلین: مرۆڤ ئازادە لە هەلبژاردنی جیگا وشوینی خۆی، کەس بۆی نییە دەخالەت بکات"کەچی بە گویی قسەکانی خۆیان ناکەن؛ وای دابنین کابرا نەك بۆ داوای مافی پەنابەریتی؛دەیەویت مال بگویزیتەوە؛ ئەویی بە دل نییە؛ئیسلەندی بە دلە؛ بە وان چی؟ خۆیان وکالاکانیان بۆ هەر کوی بیانەویت بە بی ڤیزە دەرۆن؛ بەلام بۆ خەلکی تر دەیان یاسایان دەرکردووە؛ هەزار تەشقەلە بە خەلك دەکەن...

خاوەنەکانی شارستانیەت خەلك فیری درۆ دەکەن؛چۆن ئەلوەن هەناسەی ئەم بەر وئەو بەرە؛ درۆکردنیش بۆ ئیرە وایە"کورە هەی ریامە قەور باوگەگەی باوگ دروزن" دەنا بۆ نایەلن هەر کەسیك باسی راستیکەی خۆی بکات؟ مەگەر نالین مرۆڤ ئازادە؟" کورە ئازادی چی؟مرۆڤ ئازادە بکریت بە سوالکەر؛ بە بیکار؛ بە کریگرتەی هەرزان"وەقسە قەویگانیان قور خستنەسە سەر عالەمەگە،شیت وهار عالەم کردنە؛ هەر ئیژید ئینتصاراتەکان گورگەگەی عوجەس!"

بەتایبەتی لەلای"برا"کوردەکانی خاوەن پیتزا و ریستۆرانت؛ کە پەنابەریکی تازە دەگات،چەند هەزار مارکیك قەرزارە یا هاوسەر ومندالی هەیە، دەیەویت بە زووترین کات بۆ ئیرە بیانهینیت، ئەمەش پارەیەکی زۆری دەویت، بۆیە ناچارن بە زووترین کات بەدوای کار بگەرین بەبی ئەوەی فیری زمان بن، ئەم بارودۆخە ناچاریان دەکات توشی ئەو برایانە بن !

فەرهاد : کاك شەرەف ئەلدین دەتوانم بۆ چەند سەعاتیك لەلات کار بکەم؟

شەرەف ئەلدین: بەسەر هەردوو چاو، بەلام جەنابتان کار نازانن! دەبی یەکەم جار فیری کارەکە بن!

فەرهاد :کاکە قاپ شۆردن وپاککردنەوەم پی دەکریت !

شەرەف ئەلدین: بەراستی من حەز دەکەم برا کوردیکم لە لا کار بکات، بۆچی کابرایەکی روس یا سیریلانکی یا یوگسلافی سەگ باب بهینم، ئیمە باشتر لە یەکتر تیدەگەین!

فەرهاد : بیمەی کارم هەیە؟

شەرەف ئەلدین: ئەمە کی فیری کردی؟ کاکی مالی مامە دەیدا!

فەرهاد : ئەگەر نەخۆش کەوتم، کریی کار وەردەگرم؟

شەرەف ئەلدین: چۆن پارەت بدەمی بەبی ئەوەی کار بکەی؟

فەرهاد : ئەی ئیجازەم هەیە؟

شەرەف ئەلدین: رۆژانی تەعتیل و پینج شەمە وهەینی نەبیت، دەتوانیت مەرەخەسی وەربگریت !

فەرهاد : کریشم دەدەیتی؟

شەرەف ئەلدین: مالی مامە پارەی هەمووی دەدا ،مەگە لەوی پارە وەرناگریت؟

فەرهاد :با

شەرەف ئەلدین:ئی!! ئیتر چیت دەویت؟

فەرهاد: ئەری خەلکینە، کاك شەرەف ئەلدینی بی شەرەف هەقی چییە من لە جیگایەکی تر پارە وەردەگرم یا وەرناگرم؟ بە ئەو چی؟ ئەلیی لە گیرفانی باوکی دەردەچیت! برا دایبنین پیش کارەکەم دزی دەکەم، بەرتیل لە خەلك وەردەگرم، کاریکی تر دەکەم، بە ئەو چی؟؟!من رۆژی حەوت سەعات قاپی بۆ دەشۆرم زەوی بۆ پاك دەکەمەوە وچەند کاری تریشی بۆ چی بە جی دەکەم،ئاخر بە ئەو چی؟؟!

شەرەف ئەلدین:چۆن بە من چی؟ ئەگەر بە دلت نییە، برۆ لە جیگایەکی تر کار بکە!ئەوە چەند زمان دریژی دەکەن! وەللا کابرایەکی روس یا سریلانکی بهینم بە نیوەی ئەو پارەیە رازییە و زۆریش مەمنونە، وئەوەندە چەقەچەنەییش ناکات!

فەرهاد: کاك شەرەف ئەلدین، کەی پارەکەم بۆ زیاد دەکەیت؟

شەرەف ئەلدین: برا بە کوردستان، بە گۆری شەهیدان پارەکەم بۆ زیاد دەکردیت، بەلام وەك خۆت دەزانیت: کرییەکی زۆر دەدەم، مەواد گرانە، کار کەمە،بیمەیەکی زۆر بە حکومەت دەدەم، قەرزارم، هاوینم لەبەردەمدایە، هەتد..

فەرهاد:کەی کریکەم دەدەی؟

شەرەف ئەلدین: سبەی یا دوو سبەی کار هەبوو، پیج سەد مارکت دەدەمی، باقیکەیشی دوایی، من پارەی کەس ناخۆم!

فەرهاد: ئاخر پیویستیم بە هەمووی هەیە، دەمەویت

شەرەف ئەلدین: کابرا تۆ زۆر سەیریت، من پی‌یت دەلیم نیمە! برا بە کوردستان نیمە، وەرە بمکوژە!عەیب وشورەیی!

ئەم پیاوە بە کەرامەت وماقولانە ئەلیی تفیان کردووەتە ناو دەمی یەکتر، هەموویان بەیەك زمان قسەدەکەن، خوام کردبیت خاوەن کارەکە خەلکی چواردە ئەستیرەی پاش خۆر بیت! مرۆڤ شەرمەزار دەکەن ئەوەندە(مەقتەلی ئیمام حوسین دەخوینن)! لەم دە سالە دواییەدا، نرخی پیداویستەکانی ژیان چەند جاریك بەرزکراونەتەوە، بەلام یەك نرخ هەیە هەر وەکو خۆی ماوەتەوە و دەمینی: نرخی کریی کار لە لای ئەمسالی کاك شەرەف ئەلدین!

شەرەف ئەلدین: کاك قاسم بە خیر بییت

قاسم: خۆشبیت، تۆ چۆنیت؟

شەرەف ئەلدین: وەللا برا باش نیم!

قاسم: خیرە کاکە!

شەرەف ئەلدین: وەرە چاکە بۆ کورد بکە، ئەو خویریەم خستووەتە کار، هیشتا ئەو دیت داوای حەق وحقوق لە من دەکات! ئەمە هەلەی خۆمە، نەمهیشت خویری خویری شەقامەکان بپیویت، تا نرخی خزمەتچیتیکەی بزانیت!..

ئەوا منیش بەم بەیانییە توشی ئەم گومان وئازارە بووم وهەر چرکەیەکی زیاترو زیاتر دەمخنکینیت، بۆچی گومان نەکەم؟ لەوەتی میشکم بە شتەکان دەشکیت، دەزانم مامۆستا وەلید مامۆستای وانەی هونەر بووە، دەرسی وینەکیشانی بەخۆم وتووە، کەچی سوارە هاتووە ودرۆی ئەوەم بۆ دەگیریتەوە گوایە وەلید ئیستا "شوفیری تەکسیە"!لەوە دەترسم سوارە ئەفەندی خۆی بەسەر من بە درۆ رادەهینیت! کاکی برا "خۆ من دادپەروەرەکەت نیم" وەلید چی هیناویەتی بەسەر شوفیری؟ پەنجەکانی بۆ سوکان گرتن دروست نەبووە؛پەنجەکانی هەر لە ئەزەلەوە بۆ وینەکیشان دروست بووە !دەلیت"شارەکە کی مایە لە ناوی،چۆل و هۆل بیە"! هەی قور وە ئەقلت بەدبەخت بۆ خۆت وقسە بەتالەکانت"هەی زوانت بورن پدەر سەگ" شەرم لە خۆی ناکات؛ قسەی خۆی نازانیت، بەبی ئەوەی قسەکەی بجوی، دەری دەکات، ئەمەیە مەسەلەکە !

ئەو نازانیت ئەم باسانە چی بە سەر من دەهینن!نازانیت چاوەکانم ئەگەر کویر نەبن بە جیم دەهیلن؛ نازانیت ئەگەر قاچەکانم ئەفلیج نەبن وەکو ئەسپەکەی ئیباو سەر هەلدەگرن؛ دەستەکانم گۆج دەبن!

قسەکانی ئەم کابرایە بۆنی خوینی لیوە دیت؛ بەراستی کابرایەکی کەم ئەقلە   ئەوە شەوە بەو هەموو دەسەلاتەیەوە،سالەهای سالە دەکوژیت ودەبری، خانوو دەروخینیت، باخ لە ناو دەبات، بە زۆر خەلك لە شارەکە دەردەکات، لاوەکانی دوچاری کۆچکردن کردووە، بەلام شارەکە بە هیزو سۆزی ئەلوەن وپردە قارەمان هەر وەکو خۆیەتی، ئەلوەن دەیچینی وسەوزی دەکات ولەو لاوە ئەلوەن زادەکان گۆرانی :

لە خانەقین کردنمە دارا

وە زەنجیر وە قەی دیوارا

دەن لە لیم وە خۆم نیزانم
روژ وە روژ زیای بوگ ئیمانم!
لە خانەقین تا کەرادە
خوینمان رژیایە لە جادە
دەن لە لیم وە خۆم نیزانم
روژ وە روژ زیاد بوگ ئیمانم! دەلین

لەم کاتەشدا ئەلوەنیش سنگ بەرز دەکــات ودەنگــی تاڤەکــەی جــۆش وخرۆشــتر دەبیــت! ئــەو تاڤــەی وا هیشــتی خــوداداد عــەلی" ئــەی ئەلوەنم،ئەی ئەلوەنم" بلیت وجەعفەر حەسەنی فیر گۆرانی وتن کرد؛کەچی ئیستا سوارە هاتووە و دەلیت:"ئیسە باوگ ودایگــەگان حــەز لە منـالەگانیـان نیکەن، نیزانن چە وە پییان بکەن؛ مـالەگان فرەی نە سەلاجە ونە غەســالەیان مایــە؛ گــە چشــتیگ فروشــتنە؛ مـالــەگان فرەیان تەنیا بەرە ها تی...!
ـ راستیکان لە کوی خۆیانیان قایم کردووە؟ تۆ بلیت ئەم باسانە راست بن؟
بەدوری نازانم، بەلام بۆ پیشتر گویم لییان نەبووە؟ من بۆ گویم لییان بیت؟ بۆ چی مـن لە کویم؟ کی پیم دەلیت"چیم لـی هاتووە"؟
ـ تۆ هیچت لـی نەهاتووە،مـەگەر یوسف پیی نەوتی:"ئەلبی ئەم دە سالە لە دۆلی بالیسان بووی" وجەماعـەتیش دەســتیان بــە ســنگەوە گرت ئیتر بۆچی گومـان لە خۆت دەکەی؟ مـەسەلەکە زیاتر ئەم بەیانییە قیزئاوەرەیە وئەم کابرایەیە کە ناوی خۆی ناوە سوارە و تەقینەوەی بۆمباکە وئەم رۆژە دووروووە ویرانکەرەیە !

ئەمـە مـن نیم، نەخیر، نکولی لەم بوونە دەکەم گەر خۆیشم بم، ئەمـە مـن نیم .. ئەمـە کەسیکی ترە ترس دایگرتووە! ئەوە سوارەی مـال شیواوە،سوارەی کراو بە ژمـارەیەك؛بە رەزا قورسیك لەلای کارمـەندانی کاروباری"بیگانەکان"

هەرچەند سەرەنج لە سەروسیمای سوارە دەدەم،سوارە کوریکی سەلاربوو و هەر وەها بە سالاریکەی مـاوەتــەوە: هــەمـان رەنگــە گەنمیەکــەی جاران، هەمـان رۆیشتنە هیمنەکەی، بەرسمیلی گرتووە و پرچە کورتەکەی وەکــو جـاران بــۆ ســەرەوە شـانەکردووە، کراســیکی ئوتوکـراوی لەبەرە کە رەنگە بۆ شایییەکەی لەبەری کردبیت؛ پیلاویکی بریقەداری قاوە رەنگی لە پییە، بەگشتی لەوە ئەچیت بۆ دەرس وتنەوە یا بـۆ بەردەم چایخانەکەی کرندی بروات، لەوی لە گەل مـامۆستا برادەرەکانی دەمـەتەقە وباسە بی کۆتاییەکان دەکەن.هەمـوو سالیك ولە هەمـوو مـانگ ورۆژیکی هاوین وپایز لــە هــەمـان کـات وشـویندا هــەمـان کەســەکان کۆدەبنــەوە؛ لـە پشـتەوە چایخانەکــەی مــەدهوش ودوکـانی فیتەرچییــەك هــەبوو کــەمـال وبراکــەی لــەلای کاریــان دەکــرد ، کــە بــەرەو ســینەمـای (خــەزرا)دەچــوی ریــك لــە ســوچەکە،دوکــانی حەکیم(دۆلدرمە)فرۆش بوو، ئەو شوینەی وا سالەهای سال ئۆتۆمبیلی کریکارەکانی نەوتی لـی رادەوەستا؛ ئۆتۆمبیلیکی سەوز رەنگ، جیبی دانشتنکەی لە تەختە دروست کرابوو؛ سەرەکەی بە چادر گیرابوو. لە ناوەراستدا فلکەی کریکـاران بـوو،بـەیانیان دەیـان کریکـاری بیناسازی بۆ دەرکردنی نانی رۆژانەیان لەوی رادەوەستان، لە هاوینـاندا، لەکاتی پشـودانی گشـتی قوتابخانـەکان، ژمـارەی کریکارەکـان زیاتر دەبوون"کریکــاری چــی، منــال وردگــە بــوون"زۆر لــە منــدال وتــازە پیگەیشــتووی دنیــای مەینــەتی بنەمالــە هــەژارەکان، لــەبری سەفەرکردن وپشودان، زووتر لە خەو هەلدەستان، بەریگاوە لە لای خالو وارانــی(باوکــە هیمــن وبەریزەکــەی مــەحمود؛ ئــەو مــەحمودەی وا ئیستاش کەس نازانیت بۆچی کاتیك لەریزی ئاوەلەکانی بە ســەرچەمـاندن وچـاو بەســتراویەوە بــۆ دادگـا فالتۆکــەی هەیئــە ئەلخاســەکەی کەرکوك دەبران، میخیك بە ناو پییدا چەقی وتیدا چەمـایەوە!
هەندی کەس هەبوو دەیانووت"میخەکە زانیبوی مـەحمود دارتاشە"!!
هەندیکیش دەیانووت:"قسەی قۆر، پیاوکوژەکان میخەکەیان بە ئەنقەست لەسەر ریگاکــە بەشــیوەیەکی وا دانـابوو بــە پیــی ئەســیرەکان بچەقیت)مـاستیان دەکری وخیرا خیرا دەچوون بۆ چایخانەکەی تەنیشــتی یـا لــە چایخانەکــەی بەرامبــەری لــە تەنیشــت کــەباب خانەکــەی

مەنسور کەبابچی، بە نانەوە لە گەل چای دەیانخوارد وەدەچوون بۆ لای فلکەکە؛ ئەگەر بەختیان هەبوایە یا ئۆستایەکی ناسیاو بهاتبایە دەبران بۆ سەرکار"چەندین هاوین لەوی رۆژم کردەوە"؛ ئەوەی بۆ سەرکار نەبرایە بە خۆیری ناو دەبرا، توشی جۆرەها قسەی سوك دەبوو و پیی پیدەکەنین هەندی خاوەن کار هەبوو بەفیز وکەشخەییەکەوە دەهاتن بۆ کرینی هیزی بازوو؛ تەنانەت هەندی جار جمینشیان دەدا؛ هەموو هیزفرۆشەکان لییان کۆدەبونەوە"ئەتگۆ کۆرەپانی مەشقکردنی سەربازیە"، هەمویان بە پیوەوە رادەوەستان، دەبی راوەستن، جا کی کریکاریکی دانشتوو بۆ سەر کار دەبات، هاواریان دەکرد"من بووە،تو خودا من بووە، گیان کورەگەد، باوگد نەمرد من بووە خودا منالەگاند بیلد"؛ ئەوانەی نەدەبران سەبریان بە خۆ دەدا، هەتا دەوروبەری کاتژمیری هەشت ونیو لەوی رادەوەستان"بەلکو گەلابەیەکی خشت هات"، کە رۆژەکە هەر نەهات بیوایە، بە مەلولیەوە ریگای مالەوەیان دەگردە بەر؛ ئەتوت حەوت برایان کوژراوە؛ بەر چاویان رەش دەبوو" چەقۆیانت لی دابا خوینیان لی نەدەهاتە دەر"...!

ئەو رۆژە هاوینەی وا ئەحولە بەنا، هۆشیاری پازدە سالی بۆ سەرکار برد، بۆ (حەی ئەلعەسکەری) یەکەمجار ئاوی دەخستە ناو خەباتەکە، بەلام کاتیك یاسین خەلیفەی موقاول هات،لە جیگایەکی بەرزەوە هاواری کرد:"عەمالەگان بان ئەرا ئیرە"هەموو کریکارەکان لە دەوروبەری کۆبونەوە، وتی: "ئەی کیسە چەمەنتوانە گشتی بووەن ئەرا ئەورە "!

هەلبەت هۆشیاریش کریکارە وەدەبی کیسە چەمەنتو هەلگریت، بەلام بەو لاوازیەوە چۆن ئەوەی پیدەکریت؟یەکەم جار چاوی پر ئەسر بوو،دەترسا نەتوانیت کیسەکان هەلبگریت ورسوا ببیت،جاریکی تر بۆ سەر کار نەبریت؛هەتا پیی کرا هیزی بە خۆی دا، کیسەکەی هەتا بان ئەژنۆی هەلگرت وبە خشکە خشك گەیاند بە شوینە دیاریکراوەکە. ئەمەیە سەرکەوتن، کام پالەوانی کرماشان وقەسر شیرین ئەمەی پی دەکریت؟ دەموچاوی گەشایەوە، دەتگۆ رۆژە و هەلدیت؛ ئەلوەنە وقورگی شەوەی گرتووە! خەوی پیدەبینی،بە شانازیەوە بۆ هەر مالیك برۆیشتبایە باسی دەکرد"ئەزانن چی،من "هەتا رۆژیکیان مەحەمەد پیی وت:"دە بەسە، چمان قن تەیارە صونع کردیدە" هۆشیار نەیزانی لەوەودوا بە شەق بۆ سەر کار دەینیرن، ئەگەر بلیت"ناتوانم کار بکەم، یا ئەمرۆ ناچم بۆ کار"تازە خوینی کەوتە کاسەوە، ناتوانی چی،شەر ومرافەی دنیا دەبوو ئەگەر بۆ کارکردن نەرۆیشتبا،دایکی پیدەوت"کورم دەزانیت موچەی باوکت بەشمان ناکات"!

هۆشیار ئەم کارە مەزنەی ئەنجام دا کەچی هەر کرییەکی کەمتری پیدەدرا، لەلای تەها بەنا نەبیت،کریی کاری ئاسایی بازاری کاری پیدەدا، کاتیك تەها خەریکی دروستکردنی دیواری هوتیلەکەی تەنیشت پردە سەوزە ئاسنینەکە بوو، لە سەروی دیی کاریز بەرەو ریگای پالاوتنی ئەلوەن(مصفی الوند) بوو، پیش ئاوایی دارا کە وا بەچکە شەوەکان خشتیان بەسەر خشتەوە نەهیشت؛ هۆشیار خشتی بۆ بەردەستی دەهینا، براکەی تەهایش چەمەنتوی دەهینا، رۆژیکیان براکەی ویستی دەسەلاتی خۆی بە من پیشان بدات"تو بچو چەمەنتۆگە بار"ئۆستا تەها براکەیی دایە بەر خشت ووتی"خۆت ئەرا نیچید باریدەی"

تەها چەند بە خۆشەویستی وبەحورمەت لە گەل کریکارەکان هەلسوکەوتی دەکرد، ئەوەندەی تر لە لای من خۆشەویست تر بوو

وتیان"برا تۆ کابرایەکی کەمالەیی، دانت لە گەل دانی ئەم شارستانییەتە مەزنەدا ناکولیت، برۆ، لە کویوەوە هاتوویت بۆ ئەوی بگەریرەوە، تۆ بە ئیمە دەستەموو نابیت، برۆ بۆ بناری ئەلوەنەکەت، برۆ بۆ رونی، بۆ لای دەنگی هۆرەکەی حاجی عەبدوللا، هەی کیوی!!تۆ هەر باسی ئەوی دەکەیت!!

هۆشیار: بەلام چۆن؟ تازە من ئیستا خۆم لەناو دوریانیکدا دەبینمەوە،نە لەوی ونە لیرە لە من تی دەگەن، منیش هەندی جار ترسم هەیە لەوان تینەگەم، نە دەتوانم مل بۆ ئەوی کەچ بکەم،ونە بۆ ئیرەی کەچی دەکەم، هیشتا بە ریگا دژوارەکەی خۆمدا دەرۆم، زمانیشم یاخی وپاخی تر بووە، ئەی چ بکەم؟ من هەر دەبی بۆ هەلهاتنی رۆژی خۆم بژیم

دەلین: کار مرۆڤی دروست کردووە!

کو؟ ئەوە لەم شارستانیەتەشدا کار کراوە بە کورەخانەی مرۆڤ سوتاندن وەدەبی سوپاسیش بیت، ئەوە نییە کابرایەك بە ناو سوارەوە، بە پیی خۆی هەزاران کیلومەتری پر مەترسی بریگە !

ئەم کابرایە سوارەی ئەلوانزادە نییە !!نەخیر، من سوارە دەناسم، با با، چۆن ئەلوەن دەناسم ئەوها سوارە دەناسم،ئەو کاتی گویی دەگرت، نە لیوی بە یەکەوە دەنوساند نە ناو چەوانی گرژ دەکردەوە نە چاوی زەق دەکردەوە ونەیش پرچ و ریشی سپی بوو، بە هەموو تەمەنم بە چاوی پر ئەسرین نەمدیوە

ـ بۆچی فرمیسک دەریژیت؟ ئەو فرمیسکانە بۆ چارەرەشی منە یا بۆ حالی خۆیەتی؟

ئەوجا چۆن نەگری؟ بۆ یەکەم جارە دولبەر وسی مندالەکەی بۆ ماوەیەکی ئەوەندە زۆر بەجی هیشتووە"شەو و رۆژ لە زکر وفکریان غافل نیە".

هۆشیار گومانەکە لە میشکدا دەرناچیت وسەر لە نوی لە خۆی پرسیار دەکات:" ئەم کابرایە کییە؟ تۆ بلیی خدر زیندە نەبیت؟

ئەمە چ گیژاوەیەکە ریشی گرتووم؟ نەخیر گیژاوە نیە زیاتر گومانە لەم کابرایە کە ناوی سوارەی لە خۆ ناوە. گومان لە بونیکی ئاشنا دەکەم، لە هەمان کاتدا بە نابەجیی دەزانم بلیم"جا سوارە کییە؟

نەخیر ئەوە من نیم؛ پاکانە دەدەم لەم پرسیارە گەورەم (لەبەر خۆمەوە وتم) هەرچەند ئەو گویی لە هیچ وشەیەك نەبووە بەلام داوای لیبوردنی لی دەکەم، خایش میکونم ئاغا !

من ری بە خۆم نادەم پرسیاریکی وا پوچ لەم کابرا بەریز و سالارە بکەم. تازە کار لە کار ترازاوە ودەبی وەك پرسیارەکەی ئەلوەن بینۆشم!جا چی بنۆشم؟

نەخیر من بە هیچ شیوەیەك باسی نۆشینم نەکردووە، کاك سوارە ریك لە بەرامبەرمدا دادەنیشیت،کە هەلدەستم،ئەویش لە گەلدا هەلدەستیت، ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر ئاساییە وهەموو رۆژیك بە شیوەیەك لە شیوەکان لە هەموو شوینیکدا دوبارە وملیون بارە دەبیتەوە ومنیش ئەوە نیم خوا نەخواستا بلیم" ئەمە یەکەم جارە رووبەرووی یەکتر بینینیکی وا نائاسایی بومەتەوە. ببورن ئەوە من نیم، یەکتر بینینی ئاشنایەك بە نائاسایی دابنیم، نەخیر حاشا دەکەم، جا بۆ نائاساییە؟

پیم وا بی مەسەلەکە چاوپیکەوتنی نائاسایی ئاشناکەم نیە،هەرگیز، مەسەلەکە زیاتر ئەم بیانییە سیس ورەنگ زەردەیە وجیگای یەکتر بینینەکەیە،دووریش نییە ئاوازی تانگۆکە بیت؛نەخیر من هەرچییەك روو بدات ئۆبالەکەی دەخەمە سەر ئەوەکانی دی؛ئەمە کاریکی ئاسانە و بە هەموو کەسیك دەکریت؛مەسەلەکە خۆمم،خۆم،بەلام بەکەس مەلین؛بە کەس مەلین کەوا دلیکی ویران بووم پیوەیە!

ئا ئەوە کاری خەونە دورەکانە؛دەزانم،دەزانم بەم زووانە منیش دەرۆم و چاوم پی ناکەویت؛بستیك خاکم بۆ تەرخان دەکریت و رۆژیك لە رۆژان ئاسەواریشم نامینیتەوە وەکو هەر چۆلەکەیەك؛هەر گلایەکی پایز؛هەر هەژاریکی لی قەوماوی ئەم بەر و ئەو بەر"کە کەسیك ریگای ویلی لەبەردەم بیت،ئیتر ئەوەکەی تر ئاساییە،ئاسەواری چی،بەسوودی چی دیت"؛بەلام داخی گرانم هەر دەمینیتەوە:پیلاوەکان قومار و سەوداکاری بە چارەنووسی نان لی براوەکان دەکەن؛ژەهرەکانیان دەخەنە ناو میشك؛دەیانبەن شەریان پی دەکەن؛دنیایەکی دەویت هەتا درکی پی دەکەن،ئەوسایش دلم هەر بۆ دلە حەپەساوەکان؛بۆ چاوەروانی مندالەکانیان دەقرچیت!

جا ئەوە چ سوودیکی دەبیت؟ هیچ،ئەوە نەبیت منیش وەکو ئەوان گۆرانی بە بالای ئاواتە ئەویندارە بە جی ماوەکانی میژوو دەلیمەوە"بەرز بیت ئەو دەنگە،بەرز!هاوری!ئەو دەنگە دەناسمەوە،ئەوە دەنگی خۆمە؛مەسەلەی خۆمە،لە گۆریشدا بم گویم لی بیت ژیانم دیتە بەر!نەخیر،ئەوە هیچ پەیوەندی بە سوارەوە نیە؛ئەگەر سوارەیش نەبوایە و نەبیت من خۆم سوارەیەکم بە هەموو کەموکۆریەکانیەوە .

مەسەلەکە هەرچییەك بیت یا نەبیت،ئەم بارودۆخە هیچ لەو راستیە ناگۆری کەوا من هەست بە نائارامیەکی نائاسایی دەکەم

بە دەستی راستەوە جگەرە بە جگەرە دادەگیرسینم و بەدەستی چەپم سەرم دەخورینم؛خیرا خیرا میزدەکەم؛قوری و کتری بە پیچەوانەوە چای تیدەکەم چونکە قوریکە بچوکە و بەرگەی چای خواردنەوەکەمان ناگریت؛بەدریژایی رۆژەکە چای لی دەنیم،و هیچ یەکیکمان بایەخ بە ساردی و گەرمی چایەکە نادین،چونکە خاوەن مالەکە لەوی تیدەپەریت؛دەبینیت پەنجەرەی موبەقەکە بە هۆی هەلمی چای کولان یا

**هەلمی چیشت لینان تەماویە؛ لەترسی خانم شوتە دەبی بەبەردەوام یەکیکمان پەنجەرەکە بسریت،وای لی هاتووە رقم هەستیت لە خۆراکی گەرم**

**کاتیك پرسیاری لی دەکەم:"ئی ئەحوالت چوینە،خاسی؟"ئەو لە ولامدا دەلیت"خۆشبیت حەیاتەگەم،تەلەفۆن کردید؟کە رۆژ باشی لی دەکەم. لە ولامدا دەلیت"خۆشبیت حەیاتەگەم وە سەیارە بەنەمان؟**

**کاك سوارە شەو باش.**

**لە ولامدا"خۆشبیت کاکەوە قەتار چم خاسترە؟نەنەمە ناوی؟**

**(٨)**

دەبی ئەم کابرایە وا ناوی سوارەی ئاشنامی لە خۆی ناوە کی بیت؟ بۆچی وای لە خۆی کردووە؟ سەرلــی شـیواو وگیـژ؟ بۆچی ئەوەندە درۆی زل زڵم بۆ دەکات، شەرت بیت زمانی ببرم هیشتا ئۆخەی ناکەم

ئاخ گەر میوان نەبوایە!

دەلی:بەچکە شەوەکان لە تۆلەی سەرهەلگردنی دارەکانی کەلات،دارە زلەکەی ناوەراسـتی فلکەکـەی مەسـفا ئـەلوەندیان سـەربریوە تـا خەلکی شارەکە لە سیبەرەکەی بی بەشی بکەن؛ئاخر بلی هەی نامەردەکان،بۆچی حەسادەتان لە سۆزی دارەکەمان دیت؟خۆی باوەشی بۆ بی چارەکان کردۆتەوە و لە ئامیزیان دەگریت؛دلیان بە یەکتری دەکریتەوە؛ بەسەرهاتەکانیان بۆ یەکتری دەگیرنـەوە،ئـەلیی ئۆرکیسـترای ماسی فوریلەی شوبەرتن.هەروا باسی فرۆشتنی لولەو ئامرازەکانی نەوتەکە دەکات؛باسی تالان کردنی کویدی و رووخاندنی ویسـتگای شەمەندنەفەرەکە"خەرە مردیگە"دەکات؛ئەی خەلك بە چی بچن بۆ جەلەولا"حەسیبە دەیوت: جەلەولەو"؛ئەو هەمـوو مـەر و مریشکانە بە چی بۆ شارەکە بهینن؟

هیچ دوور نییە ئەم کابرایە مـن بە گیلە پیاو بزانیت،هووو،جـا کـی دەزانیـت ئـەم کابرایـە چـۆن بیردەکاتـەوە؟ پرسـیارەکانی سەرسـامی کردووم،هەروا عـەیبیش نییە دان بە ترسەکانم بنیم ئاخر سەیارەی چی؟ قەتاری چی؟ نەنەمە ناوی چی؟

ئەم بەیانییە بۆ گومـان کردن لە دایك بووە؛ بۆیە مـنیش هەتا دیت گومـانەکەم قولتر دەبی!اتازە ناشتوانم بەشیوەیەکی تر بیر بکەمـەوە" ئاویگ برژییگ گردەو نیوگ"!

گومـان لە هەمـوو شتیك دەکەم:شەو بوو،لە پاریسەوە بۆ ئەمستردام بەقەتار سەفەرم دەکرد،ئافرەتیك بــە فەرەنسـی ئیـوارە بـاش کـرد و رستەیەکی وت،بە ئەنگلیزیەکی شرەوە پیموت زمـانەکەت تیناگەم،ئەمجا ئەویش بە ئینگلیزیەکی شر وبە دەست قاچ وتـی:تـۆ لـە دەسـت سەددام هەلهاتووی؟

هۆشیار:نەخیر!!!

ئەی لەم چارەیە!بڕینم کەمە،ئەمیش هاتووە ئەوەندەی تر برینەکانم دەکولینیتەوە،مـن لە کوی دەتوانم بەرگەی ئەم هەمـوو برینانە بگرم؟

ئافرەت:قاوە دەخۆیتەوە؟

هۆشیار:بەلی

ئافرەتەکە قاوە و کۆلا و ئاوی دامی لە گەل سەمـوون و گۆشت!!و وتی"بیرە ناخۆیتەوە؟

هۆشیار:نەخیر

هۆشیار:تۆ خەلکی کویی؟

ئافرەت:خەلکی تائیتی.

هۆشیار:خەلکی هائیتی؟

ئافرەت:نەخیر خەلکی تائیتی،لە پاسیفیکە،هائیتیکان رەنگی پیستیان رەشە،ئیمە رەنگمـان وەك دەبینیت ئەسمەرە؛بەروویـەکی خۆشـەوە وتی"من جوتەم لە زکدایە!"بای!

هۆشیار چی پارەی خوردەی هەبوو خستیە ناو گیرفانی و سەفەریکی خۆشی بۆ خواست!

بۆچی ئەو ئافرەتە بەو شەوە لەناو ئەو قەتارە ئەو پرسیارە ئاراستەی مـن دەکات،بەبی ئەوەی وشەیەك لە گەل یەکدا بلیین؟

ـ هەر ئەلیی کۆترە سپیکەیە!

ەوەتی لەو مـالە دەژیم هیچ کۆتریك لە تەنیشت پەنجەرەی مـالەکە دانەنیشتۆتەوە؛بەلام ئەو رۆژە لە بــەردەم تەلەفزیۆنەکـەی(حـەوت بـرا) تەمـاشای هەوالەکانمان دەکرد:فرۆکەکانی ئەمریکا بۆمـبابارانی عـیراقی دەکرد،لـەم کاتـەدا کۆتریکـی سـپی جـوان لەبـەردەم پەنجەرەکـە نیشتەوە؛ ئیمەیش لەو ناوەراستەدا گیژ ببوین.

فەرهاد :ها ئەو کۆترە سپییە!

هۆشیار:جەنگە،جەنگ،تۆ چی دەکەی لیرە؟

کۆنتراستیکی دەگمەن دەسەلاتداریتی کرد؛چاویکمان لە تەلەفزیۆنەکە بوو وچاویکمان لە کۆتری ئاشتی،تەماشای دەکردین،سەیر ئەوە بوو لیی نزیك دەکەوتینەوە،نەدەفری،زەق زەق چاوی بە چاومان دەنا"دوور نیە گالتەی بە ئیمە هاتبی:ئاشتیتان دەویت؟

ـ فەرموون ئەوە جەنگ!!

کارتان دەویت؟

ـ ئەوە بی کاری یا خزمەچیتی!

پیکەنینتان دەویت؟

ـ فەرموون ئەوە جەرگ سوتاندن!!

سورکیو وتی"لەوەیە بەو نیگایانەوە پیمان دەلیت"دنیا وا نییە کە ئیوە بیری لـی دەکەنـەوە؛کویلایەتیـە؛ئیـوە کویلـەن؛ئـازادی لـەبری کویلایەتی بەکار دەهینریت:زیرەك ئەو کەسەیە لەمە تی بگات"!

سورکیو وتی"نشتنەوەی ئەم کۆترە سپییە لەم کاتەدا لە تەنیشت پەنجەرەکە هیمایەکە بـۆ نیازەکـانی ئیمـە؛ئیمـە نـە جـەنگی شـەوەمان دەویت و نە جەنگی شارستانییەکان؛ئەم جۆرە شەرانە،شەری ئیمە نین؛دوو قەلە رەشەکەن و بە یەکتری دەلین:"رووت رەش"؛دووریـش نیـە ویستبیتی پیمان بلیت:" لەوەتی زەمین زەمینە؛هەروا بە دەست دەسەلاتدارەکانەوە دەسوتینریت؛بەلام دنیا هەر ئەوە نیـە؛تەماشـای مـن بکەن؛دنیا هەر شەر نییە؛خۆشەویستی و جوانیشە!خەم مەخۆن ئەمە تەنها چارەنووسی ئیوە نییە؛ئەمە چارەنووسی ملیونان مرۆڤە!

بۆیە" دل هەر یەکیکەو سەوزە بردگەسەی"!

لەم لایشەوە کابرایەك بە ناوی مام سوارە تەوقەم لە گەل دەکات!

تـۆ بلییـت شـتیکی نائاسـایی روویدابیـت؟جـا ئـەو شـتە چییـە وا رووی داوە؟ هیـچ دوور نیـە ئـەم کابرایـە ریبواریکـە ریگاکـەی وون کردبیت،دووریش نییە هەر ئاگای لە ئامانجی ری گرتنەبەرەکەشی نەبیت،هەر وا بە هەوەس ریگەی گردووەتە بەر" کی دەلیت ئەم کابرایە ریبوارە"هەمان ئەم پرسیارانە لە خۆم دەکەم"جا کی دەلیت من منم؟؟

تەماشای دەورو بەری خۆم دەکەم، دەبینم ژوورەکەم جیاوازیـەکی وای نییـە لـە گـەل ژووریکـی ئاسـایی نـاو مـالیکی هـەژاری قـەراخی ئەلوەن،هیچ بەلگەیەك نییە کە ئەم ژوورە بەشیکە لە جیگایەکی ناسراو بە شارستانییەت؛سەر دیوارەکان بە تابلۆی رەنگاورەنگە جوان و پرماناکانی شیرین و ژیان رازاوەتەوە لە گەل وینەیەکی گەورەی ئافرەتیکی بەسالا چوو،چاوە پر پرسیارەکانی پیم دەلین:"تـۆ لـیرە چـی دەکەی؟ پیت وا بوو لیرە رزگارت دەبیت؟ پیت وا بوو لیرە شەروشـۆر کۆتـایی پـی دیـت وبـە ئاسـوودەیی رۆژگـاری داهـاتووت بەسـەر دەبەی؟روخسارە گرژولۆچاویەکەی وینەی رەنج و ماندوبوونیکی بی وینە دەردەبری،هەندی جار خۆم پرسیار دەکەم"بۆچی ئەم وینەیـە لـە ناو ژوورەکەم هەلواسراوە؟"بەلام ولامیکی وام پی نییە وهەر ئەوەندە دەزانم هیزیکی زۆرم پیدەدات.

هەندی جار دەلیم"هەر ئەلیی میم حوسنی یە،نەخیر دەقاودەق خۆیەتی.بروانە ناوچـەوانی،بروانـە چـۆن گـەرمی بـەردە سـپیکانی چەمـە وشـك بووەکـە رەنگـی پیسـتی قـاوەیی کـردووە؛سـەرپیچەکەی سـەری لـە هـەمان ئـەو سـەرپیچە دەچیـت وا عـەزیز بۆیـی هینابوو"؛کتیبخانەیەکی بچوك، ناسیاریك پیشکەشی کردم،کتیبەکان بە پەرش و بلاوی لە سەر یەك دانراون و لە سوچەکانی ژوورەکە رۆژنامە، کتیب و پەرەی بە کەلك و بی کەلك بلاوبوونەتەوە؛تەپلەی جگەرەکـە لـە جیگـا خۆشەویسـتەکەی خۆیـدا بـەریزەوە جیـی خـۆی گرتووە،منیش بە هەمان ریزەوە ئەوەی خۆی بیەویت دەیدەمی، سوتکە جگەرە و پاشماوەی جگەرە کیشراو و نەکیشراوەکانی تـی دەکـەم، بەراستی هارمۆنیەکی لە بەرچاو لە نیوانماندایە؛جیی نوستنیك کاتی خۆی یاد وسوعاد پیشکەشیان کردم؛بۆ من وەکو جیگای نوستنی رەزا شایە،هەر ئەلیی باشترین دارتاشی دنیا بە شیوەیەکی تایبەت بۆ منـی دروست کردووە.کاتیك لە سەریدا پال دەکـەوم شـا بـە گـونم

نازانم هەروا میزیکی نووسین کاتی خۆی جەبار پیشکەشی کردم.میزی نوسینەکەم کە گابریەلا سەردینی کاتی خۆی پیشکەشی کردم،جەبار بردی بۆ ئەتەلی بە بایەخ و بە هاکەی؛فەرشەکەش یەکیك لە دوورەوە بیبینی ئەلی فەرشی کاشانە،ئەمەش دانشتووی پیشووی ئەم ژوورە پی... ش کە شی کردم!ئەوەی بۆنی شارستانییەتی پیوە بیت تەلەفۆن و فاکسەکەیە،کەچی ئەمەش بووە بە ئاگر و دەمسوتینیت کاتیك زەنگ لیدەدات بەترس و لەرزیکەوە دەستی بۆ دەبەم، چونکە هەر جاریك ئەرکیکی زیاترم بەسەر دیت؛ئەرك لە دوای ئەرك؛ جاریك داوای چەند هەزار گلایەکم لی دەکەن،منیش تەنها گلای پایزم لەلادا دەست دەکەویت!پییان وایە لە سەر بانق دانشتووم یا بۆ لە چاپ دانی دە بۆ پازدە لاپەرەیەك وچەندین ئەرکی تر کە بە دل و بە گیان جی بە جیم دەکرد ئەگەر کات وپارەیەکی کەمم هەبوایە!.

مونیر سەرلەنوی دووبارەی پرسیارەکەی دەکات کە رەنگە پینج سەد هەزار جار لیی کردبیتم:بۆچی هیچت نیە،ئەی ئەو هەموو سالە چیت کردووە؟"

هۆشیار:تەنها قاچاخچیتیو دزی و جەردەیی و گەوادی و جاسوسیتی و ماستاوکردنم نەکردووە،دەنا هەر لە کریکاری بیناسازی و کەناسی و دەواجن و وەرگیری و پیتزاکردن وقاپ شۆردن وزەلاتە دروست کردن هەتا فەرمانبەری و کەلنەری ومامۆستایەتی و چەندین کاری ترم کردووە؛میراتی باوکمە بۆ من ماوەتەوە،کتومت لە باوکم دەچم، نەك تەنها بە رەنگ و شیوە بەلکو لە بواری کارکردنیشدا،کۆپییەکی ئەوم، ئەو لە خوا یاخی بووە رۆژی کریکاری نەوت سازی بووە،رۆژی برین پیچی لەشکر،بارهەلگر،پاسەوانی بیناسازی،شاگرد فیتەر و فەرمانبەری شەرکەتی بیمە،خاوەن حەوت سەنعەتە و هیچی لە گیرفاندا نییە!

مونیر:کارەکانی لە یەك ناچن!

هۆشیار:پیش ئەوەی بەرنامە ئابووریەکانی تاتشەر و ریغان بەسەر جیهان بسەپیت،لە سەر باوکم تاقیکرایەوە،پاش سەرگردنی ئیستا وا بەسەر منی دەسەپینن!

مونیر:ئەی بە چی دەژییت؟

هۆشیار:بە هیوا!

مونیر:کیلوی بە چەند دەفرۆشیت ؟

هۆشیار:من سەر لە کرین و فرۆشتن دەرناکەم،وەك پیم وتی،زۆر کۆلەوارم، ئەگەر کەسیك لە هیواکانمی بویت،باقیشی دەدەمەوە!

مونیر:جا بانکرۆت دەبیت،بە بی هیوایی دەمینیتەوە،ئەوجا چی دەکەی؟

هۆشیار:هەتا ئەلوەن بە ریوە بیت،هیوام دەبیت!

هەتا ئەم بەرو ئەوبەری هەبیت،
منیش بەقەد بالاکەیان هیوام دەبیت
هەتا بۆنی چاترەیەك، هەناسەی ئەلوەنزادەیەك،
کەلاتیك،خەندەی سەر لیوی مندالیك مابیت
منیش لە گەلیاندا هیوام دەبیت!

مونیر:هیواکانت باسی چی دەکەن؟

هۆشیار:بالای مرۆڤ ئەوەندە بەرزبیت،رۆژ بخەنە بن دەستی راست،مانگ بخەنە بن دەستی چەپ،پییەکیان لەم بەر ئەلوەن بیت و پییەکیان لەوبەر، ئەستیرەکانیش لە دەوریاندا گۆرانی"وەی لە من یاخی،تۆ گولی ناو باخی" بلین!

مونیر:بۆیە قەرەچەکانیش لەوەتی ئەلوەن ئەلوەنە بەرەو ئاواتەکانیان بەریگاوەوەن!هیشتا بی تاقەت نەبوون لە چرینی گۆرانی:

ئیمە دوورین،ئەوان دوورن،
هیواکانمان هیشتا دوورن
دوورن،دوورین

بەلام ئیمە لەسەر ریگاین
رۆژیك دادیت
هەر رۆژیك بیت
هەر بە هیواکانمان دەگەین هەر پییان دەگەین
بەلام ئەمە هەر ناکریت!!وەهمە وەهم!
هۆشیار:دەبی هەتا پیمان بکریت گەشە بە خەیال و خەونەکانیشمان بدەین! ئەی سمبۆلەکەی سەدەی بیستەم،نەیوت"با ریالیست بین،ئیمە هەولی ناگونجاو دەدەین!"

سەرباری هەموو ئەم بارودۆخە بیفەرە،کابرایەك هاتووە بەناوی سوارە ولە دەرگام دەدات!
راستە هەندی کەس هەن ئەوەندە شارستانییانە هەلسوکەوت دەکەن،دەرگا لە هەندی ریبوار ناکەنەوە،مرۆڤ دەبی یەکەم جار تەلەفۆنیان بۆ بکات؛بە هەموو ریزیکەوە پرسیار بکات"کاتتان هەیە جەنابتان کاتتان دەبیت بۆ یەکتر بینین؟ دەتوانم سەردانیکتان بکەم؟بەلام هۆشیاریك خەلکی شاریك بیت لە دیرزەمانەوە کاروان سەرا بوبیت،چۆن دەرگا ناکاتەوە؟

ئەلوەن وتی:ئەوە بیست و چوار بلیۆن سالە دەرگام بە رووی کەس دانەخستووە ئیوەش،ئەی ئەوانەی وا بە رووتی لە دایك دەبن،دەرگاکانتان بە رووی‌کەس دامەخەن.دەرگا تەنها بەرووی شەوە و بەچکەکانی دابخەن، سەنگەریان بۆ دابمەزرینن، راویان بکەن ر ..ا..و.ی..ا ن بکەن! هەر بۆیە دەرگا بۆ میوان لەسەر پشتە،مال مالی میوانە،بەلام هەی رووی پارە وپوول رەش بیت وا بەم شیوەیە رەنگی زەرد کردووم!
بە هەمان شیوەیش دەلین:ئەوە نزیکەی سەدەیەکە،بگرە زیاتر،ئەوەی روو لە مالەکانی قەرەئەنگوی وقومرغان و قەلەم پاشا و یاغسەمەر و مالومە و گاپیلۆن و ئولاغلو و دەوروبەریان بنی،پرسیار بکات:پوری میوان رادەگرن؟
پوری:میوان بەخیر بیت،وەی بەخیربین بەسەر چاوان کوری خۆم.

بەلام ئەم کابرایە بەراست میوانی منە؟ یا من میوانی ئەوم؟
رەنگە هەردوکمان میوانی ئەلوەن بین؟ هیچ دووریش نیە ئەلوەن بیت خۆیی لیم کردبیت بە سوارە بۆ ئەوەی هەوالی بە ماسی بوونی مامۆستا محیدین، ریاز، وەرگی،ئیسماعیل خانمە پی بگەیەنیت و چۆن هەموویان خەنیون بە گەیشتنی محیدینی ئەلوەنزادە و چۆن وەکو جاران بی دەنگ و هیمن نییە، هەست بە ئازادی و ئاسودەیی دەکات، گۆرانی ئەچری و هەموو دانیشتوانی بنەکەی هیناوەتە دوان،پرسیار لە دوای پرسیار دەربارەی ئەم بەرو ئەو بەری لی دەکەن،ئەمیش بە دەنگی بەرز،بە زبانە شرینەکەی،جوان بۆیان دەگیریتەوە،ئەلیی ئەوە چەند سەدەیەکە لە هەوال و مەرگەساتی ئەم بەر و ئەوبەر ئاگادار نین،هەر وا وتی"لەوە ئەچیت زۆر دەمیکە چاوەروانی محیدینن،ئەوا بە یەك شادبوونەوە".

لە ناو ئەم بەسەرهاتەدا بووم، چاوم بە حەسۆ و باوکی هیلانە کەوت، چاوپیکەوتنیکی ئاسایی وەکو جارەکانی تر،هیچ هیمایەکم بەدی نەکرد بۆ هەوالیکی شوم،هەوالیك بەو رادەیە کز و کەساسم بکات،ئەوە نەبیت کاتی پیم وت ئەمرۆ ناتوانم بیم،هاتنەکەم درەنگ دەکات،با بۆ سبەی بمینیتەوە . ئەو وتی"قەی ناکات،ناخەوم ئەگەر نەیەیت!پرسیاریکم لە خۆم کرد"بۆچی باوکی هیلانە وام پی دەلیت؟" تومەز هەوالی مەرگی لە خوا یاخیکەیان پییە.
هۆشیار:کەی؟
حەسۆ:رۆژی هەینی رابردوو!

واتە ئەو رۆژەی وا کورە گەورەکەی گوڵبەهار،کەوا پیکەوە لە ئەبو غریب هەتا سەردەشت و تاران و جوهەروم جۆرەها شەقی دنیامان خوارد؛بە مەرگی باوکم زانیبوی بۆیە کراس و پانتۆلە رەشەکەی پیشکەش کردم؛ئامادەی کردم بۆ بیستنی هەواڵی کوژانەوەی ئاگریکی کورەی کار؛مەرگی دوژمنی پارە و یەکیك لە ئائارام ترین لە خوا یاخی ولاوترین بە سالاچوی شارە ویرانکراوەکەی ئەم بەر و ئەو بەر تۆ بلییت مەرگە پر ئەشکەنجەکەی شرینی شرینەکان لە ناوەوە داینەرزاندبیت؟دویر نیە وەڵ مجیدینەو مەوعدی بیە!! دوریش نییە شەرمی لە لاوازی وبی هیزیکەی هاتبیت؛چونکە نەیتوانی وەکو جاری جاران بە پۆستالە سەربازیەکەیەوە کەلەی سەری بەچکە شەوەکان شەق بکات،چۆن بە شەوافەکانی کرد.من ئاشکرای دەکەم بۆ هەموو لایەك کەوا دوا پالەوانی گریان بۆ مەهداوی سەری نایەوە!
کە مانگی گەلاویژ دەهات،وەکو مندال پەلپی دەگرت،بن ژوورە تاریکەکەی دەگرت و لەسەر تاقە قەنەفەی مالەکە هەلادەژیا و فزەی لیوەوە نەدەهاتەدەر؛بۆ چایخانەش نەدەرۆیشت!

- باوکە با نان بخۆین!
- لە یادت چوو؟"ئەمرۆ دلم نان نابات"

زۆر جار باسی نەبەردی سەربازی شوعی حەسەن سەریعی دەکرد؛" هاواری کرد!بەرەو بەرگری!بەرەو بەرگری!ئەفسەرە شوعیکان وتیان"هیچمان پی ناکریت"؛نەهاتن بە دەنگیەوە!نەهاتن بە دەنگیەوە!نەهاتن بە دەنگی سەربازە هەژارەکەی سەربازگەی رەشید؛کە بریك لە راستیکانی لە گەل فیشەکەکان خستبوە ناو شانەی چەکەکەی،تەنها خۆی و پەلەکەی مانەوە؛ ئەمجار خۆیانیان نەدا بەدەستەوە...
لە گەل هاواری بەرگری!
بەرگری،
بەرگری،
مرۆڤکوژەکان سەریان بری!
ئەو هەموو رەنجەی دەدا کەچی هەر بە هەژاری دەمایەوە؛دوو عانەی زیادیشی لە گیرفاندا هەبوایە مالەکەی شلوق دەکرد؛پەنجا فلسی دەدا بە ئەم،بیست فلسی دەدا بە ئەو،کراسیك بۆ کچە گەورەکەی،پیلاویك بۆ کچەکەی تری؛قەد لە دلی نەهات ئەلوەن بە جی بهیلیت؛بە دەگمەن سەفەری دەکرد؛هەتا شار بەدەر کرا؛یەك جار چاوی بە سلیمانی کەوت، ئەوەش بە دیلی!

نەخیر،بروا ناکەم،چونکە بە خۆشییەوە پیشکەشی کردم،بی گومان ئەمە تەنها ریککەوتە وەك هەر ریکەوتیکی تر کە لە ریگای مرۆڤ دیتە پیش، هەفتەیەك پاش هەر بەخۆی سەرەخۆشی لی کردم و وتی" تۆ هەفتەی رابردوو باست کرد،بۆچی نەتوت سەری هەلگردووە؟. . .

نەمدەویست بروا بکەم،هەر وا بۆ من ئیستاش دەژیت؛لەلای من نەمردووە؛ هەر ئەوەندەیە وەك رۆژانی رابردوو گویم لی نابیت ونایبینم،تەنانەت پرسەیشم بۆ دانەنا؛بۆچی دایبنیم؟ زۆر کەس دین فاتیحای لەسەر بخوینن، بەلام ئەو خۆی هیچ بروایەکی بە فاتیحا نەبوو،هەندیکیش بەناوی فاتیحا خویندنەوە هەتا بیست ویەك دەیژمیرن؛منیش پیویستیم بە هیچ یەکیکیان نییە؛ئازارەکانیش لەبن نەهاتوون،هیچ شتیکیش تەسکینم ناکات:

وای چە دەست یاران،
وای چە دەست یاران
دل بی وە نەرگس
سال کەم واران... ئەلوەن نەبیت، ئەمیش لە ژیر چەپۆکی شەوە چاوی کز بۆتەوە:
هەی ئەلوەنەکەی چەم وە عەسرەوە
چەند جار واتم مەشاخنە وە دەو
گەل گەل نازداران بیدار مۆ نە خەو

داخم تۆ چەنیم هەر چە ڤینەنی

پەری بەخت من تۆ چە شینەنی

لە ناخمدا دەنگیك بەرزدەبیتەوە"کە سیا چەمانەی ئەم بەر وئەو بەر بە شەوان پاسەوانیم دەکات"ئەوە چەنیکە وا کە هەمیشە پاسەوانیم دەکات؛پاسەوانی دەکەم"بۆچی ریك دوینی شەو خەو لە چاوی کەوت؟

ئەوە وا دوینیش شەو بەسەر هات؛شەویك؛شەوانی دریژ؛بە دریژایی میژووی زەوت کردنی مرۆڤ بووئمان

ئەوا سەر لە نوی شەو هات!!

کە دەیزانی ئەم بەیانییە میژوو کۆتایی پی دیت،بۆچی هەر بەتاریکی کۆتایی پی نەهات؟ لەو کاتەدا کە گەردوون پشو دەدات،بۆچی هەر بە جاریك نەبوو بە دوا پشوودانی؟ رۆژی داماو بۆچی ئەم ئەزیەتە بەبەر خۆی دەدات؟

ئەو لە خۆشی مرۆڤ هەلدیت،کەچی مرۆڤ داری دراوەتە رۆحی!بەراستی ئەمە کار نییە دەیکات؛...نەخیر؛نەخیر؛نەخیر وەرە؛وەرە؛ژوورەکەم پربکە لە تیشکە ئالتونیکەت؛نایەلن بیی؛چی؟ نایەلن بیی؟

**(٩)**

**هەرچەند دەیهینم و دەیبەم،ئەم بەیانییە،تەنها بەیانییەك نییە؛بیست وچوار سەعاتە؛هەموو رۆژیکـە؛هـەموو بـاری ژیـانی ئەمرۆی زۆربەی مرۆڤەکانە؛گاڵتە بەخۆم دەکەم،ئەگەر بلیم"هەر من بەم شیوەیە دەژیم و بیردەکەمەوە" نەخیر هەر من نییم،بە تاقی تەنها لەم سوچە بە دەستی ئەو هیزانەوە گیرم خواردووە کە مرۆڤ بوونم زەوت دەکەن!هەر وا هەر من نییم کـە ناچـاری تاوانبـاریم دەکـەن؛مـن نامەویت تاوان بکەم!من دەمەویت بە بی گیروگرفت و ناحەزی و دوژمن کاری هەناسە بکیشم؛ نامەویت بۆ لەتە نانیك رسوا بکریـم؛چـی زۆرە؟ نان زۆر!کورە چی زۆرە؟ بەرد و ئاسن؛ئاو و قور و کەرەستەی زۆر و زەبەن بۆ ماڵ دروستکردن!چی زۆرە؟ هەستی دلداری و عەشق!**

**جەمیل:تـۆ کـەی واز لـەم قسـە قۆرانـە دەهینـی؟ میشـکت بردیـن،دە بیـبڕەوە مـالت ئـاوەدان نـەبیت،ئـەم هـەموو فـرە بیژیـە فلسـیك ناکات،بەراستی من خولقی چەقەچناوەیی تۆم نەماوە!**

**شاخەوان:جەمیل بروانە،بروانە ئەوانە چۆن لە گەل یەکتر دەدوویـن؛بـە پەنجـە یـەکتری حـالی دەکـەن؛دەمیـان دەجولینـنـەوە بـەلام زۆر جـار دەنگیان لە دەست داوە،دەنگ دەرناکەن،هەندی جار تەنها هاوار دەکەن؛لە چرکەیەکدا دوو کەس دەبیتە خاوەن پارە و هەزاران و ملیونان کەس برسی و ویران دەبن! بە هیمای چەنجەیەکیان نرخی خۆراك بەرز و نزم دەبیت!لەسەر ئاستی دنیا بە کۆمپیوتەر لە گەل یەك دەدوین و یەکتری دەناسن بەبی ئەوەی رۆژیك لە رۆژان چایەکیان پیکەوە خواردبیت!**

**ئەمانە و خاوەن مۆنۆپۆلە زل هیزەکان موو ناچیت بە بەینیانەوە،ئەمانە سەری مارەکەن،دەبی دەسەلاتی ئەمانە پان بکریتەوە!**

**جەمیل:جا ئەمانە هەقیان چییە؟**

**شاخەوان:چۆن هەقیان نییە!ئەمانە، ئەمانە ناچارم دەکەن دەستم بە خۆینەکـەیان سـوور بکـەم؛دووچـاری دەسـریژکردنم دەکـەن؛سـنگیان هەلتەکینم؛ وای لەم رۆژە ترسناکە؛وای لە فرمیسکی دایکان و رەش پۆشەکان!**

**جەمیل:من هەقم نییە بەم بەزمەوە،من لەربی خۆم دیم و دەچم،برواش ناکەم ئەوان کاریان بە منەوە هەبیت**

**شاخەوان:ئەی بۆچی دوینی نرخی کیلۆیەکی برنجی شارەزوور لە سەنجا فلسەوە بوو بە دوو سەد دینار؟**

**جەمیل:برا شارەزوریکان هەر وا گران جان بوونە!**

**کەمال:جەمیل،باسی شارەزوور بە خراپەیی مەکە،ئەوان هەقیان چییە!ئەو قوربەسەرانە دەبی باریك پارە بەدن بە بانزین و نەوت و جگەرە و پوشاك!**

**شاخەوان:جەمیل دەبی هیرش ببەی!تاوان بکەی،تا سستیمی تـاوان و رەگبارەکانیـان بخەیتـە نـاو مۆزەخانـەی بەربەریـەت،بیانکـەیت بـە پەن!چیتر کەس شانازی بە چەکی سەر شانی نەکات!**

**کەمال:ریگایەکی تر نییە؟**

**شاخەوان:نەخیر؛چەکفرۆش ئاشـتی بـۆ چییـە؟ئاشـتی ئیمـەی نایـەویت و لـە هـەرکوی دەنگـی ئاشـتی بەرزبیتـەوە،ئـەوان لـە ژیـر پیـی دادەنین!گیلە پیاویك بروای بە قسە زلەکانی ئەمانەی کرد ،هات بۆ ئیرە ،پیبانی گۆ:من هاتوم بۆ ئاشتی!**

**ئەمانیش هــەموو قسـەکانی خۆیانیـان لـە بـیر چـووەوە،کاریکیـان کـرد ،یەکسـەر کەلەپچـەی بکـەن و بـە نامـەردی ناردیـان بـۆ ژووری هەلواسین؛نرخی گیلایەتیکەی دا!ئاخر جەنەراڵ و چەك فرۆش و ئاشتیان وتووە؟لەوەیش سـەیر تـر،چـی ئـەندازیار و پزیشـك ومامۆسـتا هەیە،بە هەموو ئەقلیانەوە نامەیەکیان بۆ نەتەوە یەك نەگرتووەکان و ریکخراوی مافی مرۆڤ و شەش و حەوتقراتیکانیان نارد!**

**جەمیل:چاکیان کرد ،ئەی چی بکەن؟**

**شاخەوان:گۆرانی:هەی ریوی ریوی .. هەی**

**ریوی بی ئیمان ...هەی بلین!**

**ئەمە وەك ئەوە وایە،داوا لە جوتیاریك بکەی،زەویکەی نەکیلیت،بەبی ئەوەی پوولی بدەیتی یا نان و بەرگ!ئەی بە چی بژیت؟؟یـا داوا لـە کریکاریك بکەی چیتر کار نەکات،بەبی ئەوەی بیژینیت!ئاخر دەمریت!!کی گیلایەتی وا دەکات؟**

تی گەیشتن؟ جاریکی تر زاتی هەنگاونانی وا دەکەن؟؟ بروا ناکەم !کورە نەتەوە یەکگرتووەکانی چی مافی تەرەماشی چی،کورە چەك فرۆش؛ (زەمبیل فرۆش) نییە!!

دەبی چەك فرۆش وجەنەرالەکان و پەرلەمانەکەیان لە ناو مەترەپۆلەکانیاندا سەریان پان بکریتەوە؛ئینستیتوتەکانیان هەلتەکینریت!

جەمیل:وەللا ئەم هەمموو سەرپانکردنەوەیە بە مـن نـاکریت!داوای لیبـوردن دەکـەم!تـۆ هـەمـوو کاتەکـە باسـی خۆشەویسـتی و ئاشـتی دەکەی،کەچی تۆیش وەکو ئەوانی تر لە سەرپانکردنەوە مرۆڤ نایەیتە خوارەوە!نەخیر!بەراست، بۆ شارستانیکان چەکفرۆشیش دەکەن؟

کەمال:نەخیر!!ئەوە پروپاگەندەی کەسە دواکەوتووەکانە!ئەمانە گول فرۆشی دەکەن!!! مام جەمیل،ئەوانە مرۆڤ نین،ڤیرۆسی ترسـناکی دژ بە مرۆڤن! مرۆڤ ئەو کەسەیە هیچ جۆریکی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە قبوول نەکات؛ئەوەی بە پیچەوانـە رفتـار دەکـات مرۆڤ بوونی لە دەست دەدات؛مەسەلەکەیش بە پەلەی یەکەم سستیمی چەوساندنەوەیە و ئەوانەی کە دەیپاریزن و لە سەر لاشەی ملیونان مرۆڤ بەریوەی دەبەن!

جەمیل:ئەها!ئەوە گالتەیشم پی دەکەیت؟ئەی بۆ دەلین ئەمانە پیشکەوتوون وئەقلدارن؟

شـاخەوان:ئـەقلی چـی؟ ئەمانـە تەنـها ئـەقل و هۆشـی پـارە،بۆرسـە،راسـت چـەپ کریـن فرۆشـتن راسـت چەپ دۆلار مارك راست چەپ قازانج زەرەر راست چەپ جـەنگ ئاشـتی راسـت چـەپیان هەیـە،چـەکی پۆسـت مۆدیرنیان هەیە!"بۆ ئاشتی پاراستن و تەبایی لە نیوان گەلان"چەکە مۆدیرنەکەشـیان بـەو خـوارە دەفرۆشـن،هـەندی جـار پیشکەشـیان دەکەن!

جەمیل:ئەی ئەگەر پییان بوتریت"مرۆڤ گوناهە،خوا بۆ قوربەسەری خەلقی نەکردووە،بۆچی جلوبەرگی خاکی لەبەر بکریت،بەیانیان زوو بۆ مەشقکردنی راست چەپ راست چەپ لە خەو هەستن"

شاخەوان:ئەوە سەر لە نوی هاتە سەر !خوای چی،ئەگەر هەشبیت یا خوایەکی خوینخوار و سادیستە،یا بە جیی هیشتووین!ئاخر ئەگەر هەبیت، چۆن ئەم هەمموو ویران کاری و قەتلوعامە قبوول دەکات؟ ئەکەر شتی وایان پی بلییت بەشیت لە قەلەم دەدەن!

کەمال:ئەی ئەگەر پییان بوتریت"بوونی پاشا و سەرۆك زۆر بی سوودە و هیچ لە ژیان ناگۆریت؟

شاخەوان:ئەوە چی ئەلیی؟ لە هۆلەندا لە ژیر وینەی پاشا ژنە بەربوکەکەیان حوکمیان دام!

جەمیل:چۆن؟

شاخەوان:چاك،زیندانە تاقە نەفەریکەی دینهاك لە ئاودەست دەچوو!

جەمیل:هەی رۆ بۆ لەویش زیندان هەیە!

شاخەوان:ئاااااا،پاشان دادوەری حکومەتی پایە بەرزی هۆلەندا ئەوەندە عەدالەت دۆست بوو،ئەوەندە مرۆڤدۆست بوو،تاوانی دزیکردنیان خستە ئۆبالم!گوایە مـن بۆ دزیکردن لە ئەلمانیاوە چوومە بۆ بالویزخانەی عیراق لە لاهای!

کەمال:دزی چی؟ئەمە دەعایەیە دەیکەی،خۆ یەکجاری ئەوەندە کەر نین!

شاخەوان:کورە ئەمانە کەری پۆست مۆدیرنن،بە ئاشکەرایی جوتە ناوەشینن!کە ناوی ئاشتیان هینـا،بزانـە مەبەسـتیان جەنگـە،سـەرۆکی ناتۆ،کە بکوژ و ببری دنیایە،تاج و ئەستیرەی جۆراوجۆر هەلناگریت،بە پیچەوانەوە، خۆی ودار و دەستەکەی قات لە بەر دەکەن وکەرەوات دەبەستن وهەر بەو شیوەیەش شەر بەرپا دەکەن،ئەمە ملیتاریزمی پۆست مۆدیرنە!خۆ وەك کەر و ولاخەکانی لای خۆمان نین کە هیشـتا لە قۆناغی مۆدیرنن؛شانازی بە ئەستیرەکەی سەر شانیان دەکەن! ئەو رۆژە کابرایەکی"رۆشنبر" کە دەزگایەکی گەورەی لە ژیر دەستە،بە ئاشکرایی،بە رۆحیکی زۆر دیموکراتییانەوە لە تەلەفزیۆنەکەیاندا(لە ئەوەلەکانی مانگی سی) وتـی:" دەبـی نووسـین بـە گویـرەی یاسـا پەیرەو بکریت،ئەوەی سنوری یاسا بشکینیت،دەبی بە قورسترین شیوە سزا بدریت"!

- ئاخر نووسەر و یاسایان گوتووە؟

- ئازادی نووسین چەند پەرەگرافی یاسایی دەکات؟

ئەم کابرایە لە سەر وتاری رۆژنامەکەیاندا ئاماژە  بـۆ قـازە سـەیرەکەی کـرد ، هیـچ نـەمابوو حزبیکـی بـی وەی بـە قـران بـدات،لـە بـەر بلاوکردنەوەی چیرۆکی قازە سەیرەکە کە بە روسی بۆ منداڵان نووسراوە وبە هیچ شـیوەیەك پـەیوەندی بـە بـاری رامیـاری لای خۆمانـەوە نەبوو، چیرۆکیك بوو کە تەنها یەك تاقە مەبەست زۆر بە باشی دەپپکیت:خۆ پەرەستی شتیکی نابەجییە!

جەمیل:عەجایب!

کەمال:ئەی چینی پرۆلیتاریا چی دەلین،چی دەکەن؟ ئەحوالیان چۆنە؟ شوکر باشن؟

شاخەوان:دەستەکانت ماچ دەکـەن،سـەلاوی ئینتەرناسـیۆنالییان هەیـە،زۆر ئـەحوالی ئیـوە دەپرسـن،بـەیانیان زوو لەسـەرە ریگایـان بـۆ فرۆشتنی ژیان و تەمەنیان،رۆژنامەی (بیلد) دەکرن،لەکاتی پشودانی بەیانیاندا ،زگیان تیردەکـەن،و بـە رۆژنامـەی بیلـد میشـکیان؛لـە کاتی پشودانی نیوەروان لە خویندنەوەی تەواو دەبن!رۆژانە نزیکەی دوو ملیون دانـەی لـی دەفرۆشـدریت؛بـووە بـە سـەرچاوەی سـەرەکی پەروەردەی سیاسی و کۆمەلایەتی هۆشی پرۆلیتاریای ئەلمانی،یەکەم لاپەرەکەی هەمیشـە بـە ئـافرەتیکی رووت رازاوەتـەوە و لـە ژیـری وینەکەش بۆ نموونە،هەر جاریك وتەیەکی پۆست مۆدیرن نووسراوە:ئەم کیژۆلەیە زۆر حەزی لـی دەکـات ومـاندوو نـابیت،بـە شـەو و رۆژ ئامادەیە،حەز لـە سـەفەر دەکـات بـۆ ولاتـەکانی کـاریبی!لـە ناوەراستیشـی وینەیـەکی تـر و وتـە زەردیکـی تـر ...!کابینـەی جلوبـەرگ گۆرینەکەیان بە وینەی ئافرەتی رووت رازاندۆتەوە!

جەمیل:ئەی بەرپاکردنی شۆرشی کۆمەلایەتی؟ یەکسانی؟

شاخەوان:باشەکەیان چلکاوی سۆسیال دیموکراتەکان دەخۆنەوە!

جەمیل:ئەی نەقابەکەیان ؟

شاخەوان:چلکاوخۆری دەستی یەکیتی خاوەن کارەکانن!دەسگایەکی بیروکراتیە دژی بەرژەوەندیە راستیکانی چینی کریکار،بۆ نموونـە،لـە یاسای ژمارە یازدەی نەقابەی بیناسازی نووسراوە:   ئەوەی لە ریکخستنیکدا کاربکات دژی  سیسـتیمی دیموکراتـی و ئـازادی یـا دژی دەستور یا بۆ بەرژەوەندیاندا چالاك بیت دەردەکریت!ئەمە بە پلەی یەکەم شوعیکان دەگریتەوە!

جەمیل:ئەی هاوری شوعیکان ؟

شـاخەوان:بـە حـال دەنگیـان دەبیسـتریت!ئـەمانیش گوایـە هیشـتا بـە شـینەیی خـەریکی پیـلان دانـان و ریکخسـتنی شۆرشـن بـۆ دوا رۆژ،نابینن،با بلیم دەبینن رژیمەکانی ئیرە،لەم دوورەوە،هەموو رۆژیك هەزاران هەزار کەس لـە ولاتـەکانی ئـەو خـوارە دەکـوژن و برسـی دەکەن!لە خۆپیشاندانەکاندا وینەی گیڤارا هەلدەگرن،بەلام کاریان بە چەکەکەیەوە نییە؛ئەوە  بڤەیـە!هـەندی لییـان دەلیـن:هیشـتا کـاتی نەهاتووە!ئەگەر لیی بپرسیت:بەخیر کەی کاتی دیت؟ پیدەکەنن!!

کەمال:واتە لەوی تیئۆری و پراکسیس لە یەکتر دوورن!

عـادل:پیش چەند سالیك کۆمەلیك هەبوو بە کردەوەش رفتاریان دژی ئەم خوینخۆرانە دەکرد؛بەلام لەبری ئەوەی هیرش بەسەر سـترکتورە ئابوری و بنکە جاسوسیکان و بەرهەمهینەرەکانی چەك و تفاقەکانی بکەن،دەچون بەرازیکیان لـی دەتۆپاند!بەریوبـەری بـانقی ئـەلمانی هیرهاوزنیان کوشت، هەی دەستەکانیان خۆش،بەلام بەرازی پۆست مۆدیرن وەك ناو براو زۆرن! دەبوایە بنکەکەیان بتەقاندایەتەوە!

کە ئەم ئەستیرە سوورانە،درك بە هەلەکانیان کرد ،بانگەشی ئاشبەتالیان کرد!

شاخەوان:من بیستومە،کە ریکخستنیك هەست بە هەلەکانی دەکات،هەول دەدات بە ئاشکرایی رخنـەیان لی بکریـت؛چارەسـەری بکـات ودریژە بە خەباتەکەی بدات! کەچی ئەمانەش وتیان:"کار من تمام شود"!

کورە بیکەن بە خاتری عەول،بیکەن بە خاتری هەژارکراوەکانی ئەندەنوسیا؛ قوربانییەکانی ناو بالویزخانەکـەی یابـان لـە پـیرۆ؛کریکـارە موچە پینەدراوەکانی سیبریا و ئۆکرانیا؛کورە بیکەن بە خاتری قوربانیکانی چیاپاس و بی کارەکانی فەرەنسا و کریکارە  دەرکراوەکـانی بیشۆفە رۆدە،غاین هاوزن و ڤولکان؛بیکەن بە خاتری کریکارە مانگرتووەکانی فۆلکس فاگن لە مەکسیك و کریکارە  مانگرتووەکـانی لە تورکیا یا قوربانییەکانی کوردستان؛کریکارەکانی کۆریای خوارو! هیچ سوودی نەبوو، هەزار نەقیزەشیان لـی بدەی،هـەر هیـچ! هـەر ئەلیی ئیسترەکەی ریگای قەلەم پاشان:حەفتا خودایش بهاتبایـە خـوارەوە، پییـان بگۆتایـە" باوکەکـەم،براکـەم بکـەوە ری،هـەر سـوودی

نەبوو"، تازە پشتی گوێی ئەفەندی ئارەقەی کردووە!بەخۆم چەند جارم پێگوو"برا گیان وا تاریکایی دادی،خۆلقی گورگ و جاش و کەمتارم نییە!نزیکەی سەعات ونیویك لە جیگاکەی وشك ببوەوە و نەدەجولا ،پاشان هەر بە قسەی خۆیی کرد!

جەمیل:ئەمە کەی؟

شاخەوان:لە سەردەمی لیبرالیزمی نوی،لە ترسناکترین قۆناغی نویی مرۆڤایەتی!

جەمیل:ئەی هاورییانی ئەنتی فاشیست؟

شاخەوان:ئەلیی بنکەی ئاگرکوژاننەوەن،کە تاوانیك روو دەدات،پۆلیس ئامادە دەبیت،پاشان ئەوان دەگەن،نەختیك هات وهاوار دەکەن و بلاوەی لـی دەکەنەوە و دەچن بۆ بارەکانیان!

جەمیل:ئەی تەکبیر؟

شاخەوان:لەوە دەچیت سەردەمی راپەرینی گشتییە لە ولاتەکانی خوارەوە، هەلە کۆنەکان دووبارە دەکریتەوە،واتە شکستی نوی!

جەمیل:کە وابیت،دەبی کۆلی لـی بدەین،دنیایان چەند کاولکردووە،با ئەوەندەی تر کاولتری بکـەن!هیـچ بـرا هیـچ..تـازە هیـچ سـوودی نەماوە، رۆژگاری خۆم دەبەمە سەر!

شاخەوان:نەخیر،ئەمەش چارەسەر نییە!تۆش مەبە لیم بە پورە رەعنا ، ئەوەی پیی بوتایە:پوری ئەم جلوبەرگە شرە چییە لە بەر کردووە،تـۆ ئەوەندە پارەت هەیە،دوو دەستە جلوبەرگی تازە بدەی بە دوورین!

رەعنا:ئەوجا رۆلە بۆ چیمە؟ بۆ چی؟ من سبەی ئەمرم!

ـ پورە رەعنا مالەکەت لە کەلاوە دەچیت،نەختیك دەستی پی بهینە،بە دوو کیسە چەمەنتۆ دەبیتە شتیکی تر!

رەعنا:جا بۆ چیمە رۆلە،من ئەمرم!ئەمرم! ...

ئیتر،رەعنا،ئەمە بکە،لەولامدا:ئەمرم...ئەمرم...ئەمرم!

جەمیل:ئەی چی چارەسەرە؟

شاخەوان:من فەتەحفال نییم!بەلام دەبی ریکخراوە شوعیکان تەنها باسی "رۆژی حەشر" نەکەن،ئەو رۆژەی وا هەمـوو کریکارانی جیـهان لە رۆژیکدا مەسەلەکە لابەلا دەکەن،دەبی هەر ئیمرۆیش دەس بەکار بن،بەشی هیزی چەکداریان هەبیت،بەرازەکان لە هەر کوی تـاوانیك دەکەن،لەناو جەرگەیاندا بەرپەرچیان بدریتەوە!!هەولی کاریك بدریت،مرۆڤ ئەوەندە میشکی بە نان دەرکردن وخـەمخواردنی پرکردنـەوەی پیداویستی مندالەکانی سەرقال نەبیت؛ رۆلی پارەوپوول لە بەین ببریت؛دوا هەولی مرۆڤ بۆ هەرچی زۆرتری نەبیت،نەبیت بە بـەرزترین مەبەستی هەول و کۆشش!پارە چییە؟چلکی دەستە!ئـەوەی باسـی دیموکراتـی و مـافی مـرۆڤ و پەرلـەمانی کـرد،پـی بلیـی: ئـوو،ئەمـە گالتەجاریەکی کۆنە،باوی نەماوە،کاتی خۆی زۆر کەس پیی هەلخەلەتان،ئەو ئەقلە بۆ خۆت هەلبگرە،من پۆلیس و لەشکر ودەزگاکـانی ئاسایش و زانیاری و دادگایی ناو هۆلەکان و ئەو هەموو بیرۆی فەرمانبەرایەتی و هیراشیانەم ناویت،ئەو هەموو یاسانەم ناویت،کە بـەبی ئاگاداری من دەرکراوە!خۆشەویستی ببیت بە زادەی مرۆڤەکان!ئەمە بکریت بە یەکەم هەنگاو!!

جەمیل:لە کوی شتی وا هەیە؟ ئەمە خەونە!پاشان بەرازە پۆست مۆدیرنەکان هەمـوو رۆژیـك تـاوان دەکـەن،واتـە ئیمـەیش دەبـی هـەموو رۆژیك بە چەك بەرپەرچییان بدەینەوە! من هەقم نییە،و بە چەکیش هیچ ناکریت!

شاخەوان:بۆم هەیە خەون بە شتی جوان ببینم؟نەخیرخەون نییە!بەلام تۆ وای دابنی خەونە!تۆ کە خەون بە کچیك یـا دیدەنـی کەسـیك یـا فیلمیـك، جلوبـەرگیك دەبینـی،هـەولی جدی بـۆ پـی گەیشـتنی دەدەی،بـۆ ئـەو خەونـەش هـەمان هـەول بـدە!پاشـان چ هۆیـەکی رامیاری،کۆمەلایەتی،ئیدۆلۆژی، پروپاگەندەیی هەیە ریگا لەوە بگریت بنکەکانی تاوانباری لە جیـهان سـەروخوار بکریـن؟بـەلی!ئـەزانم تۆیش حەز دەکەیت ببیت بە میوانی بەشەرم،و لە پالیەوە نەختیك خەریکی ریفۆرم بیت،وئە ختیك باسی سیاسـی بـۆ کـات بردنـە سـەر بکەیت،وا نییە؟

جەمیل:نەخیر وا نییە!بەلام بە ریگای دیالۆکیش گیروگرفتەکان چارەسەر دەکریت،شتەکان یەکجاری وا لـە کۆنترۆلـەی ئـەقل و لۆجیـك دەرنەچوون!تۆ دنیات بە جاریك کاول کردووە!

شاخەوان:چما کەم کاول بووە؟من پیموایە،بەم هەولە مرۆڤ هەست بە مرۆڤی خۆی دەکات،دەبیت بە بەشیکی هارمۆنی لە گەل ئەلوەن؛با بلیم وەك ئەو نیگا پر سۆزە؛ئەو هەستە کە دایگرتم کاتی بینینی شتیفی؛برا نە رۆ، برا نە رۆ؛چاوم بە کەمال کەوت،بینیم،بە چاوی خۆم بینیم،چەند مەزنە مرۆڤ،چەند بەهایە،هیچ پەپولەیەك ناگاتە ناسکی ئەو هەستانە تەنها هەستی ئاشتی و خۆشەویستی هەبو و هیچی تر،پیویستیمان بەوەیە رۆژگارمان بەو هەستە بەسەر ببەین!

کەمال:ئی !دە دوو قسەی گەشبینی وا بکە!واتە ئەم هەموو گەرمین و کویستانەتە بۆ شتیفیە؟

شاخەوان:نەخیر!

کەمال:کورە نەخیری چی، ئەم جارەیان تی کەوتی!ئەها،بۆیە!!

شاخەوان:بە ناو چی کەوتم،من مەبەستم تەنها هەستکردنەکە بوو،دەنا هیچم لە گەلدا نەبووە،و نایشی ناسم،رەنگە جاریکی تریش چاوم پی نەکەویت!ئەوەندە خەویکی جوان بوو،بە هیچ جۆری لیی نزیك نەبومەوە، دەترسام زەدەیەکی لی بکەویت،هەندی جار وا باشترە،چونکە پاراستنی ئەو جۆرە هەستانە هیزی سەد سال ژیان بە مرۆڤ دەدات!حەز دەکەم مرۆڤەکان هەر ئەمرۆ لە ناو بەهاری ئەو جۆرە چرکانەدا ژیان بە سەر ببەن!...

ئەلوەن نە چەکی هەیە و نە چەکی دەویت؛تینویتی ریبوارەکان دەشکینیت بەبی سەوداکاری؛هەر وا،هەر وا بە ئازادی!هەر وا سوپاسیشی ناویت؛ نەختیك سەرتی بۆ دانوینە،ناو لەپت قول بکەرەوە و بیخۆرەوە،یەکسەر یەك تاقە وشە دیتە سەر زارت:ئۆخەی!

ئەمەیە ئەلوەن،جا مرۆڤ لە ئۆخەی زیاتر چی دەویت؟هیچ،هیچی ناویت ،تەنها ئۆخەی... ئۆخەی ئۆخەی!

(١٠)

**کی وتی میژوو کۆتایی پی دیت ؟میژوو ئەلوەنە،ئەلوەنیش بیجگە لە هەر شتیکی،دایك و باوکە!!**
**جا چۆن کۆتایی پی دی؟**

**ئەلوەنی خرگە لە وەر، برسی و ماندوو چۆن رادەوەستی؟ تازە بە تازە بەو بارە زەلیلەیەوە،ئاوازی بۆ پیشەوە دەلیت؛ هیچ قایە و تاشە بەردیك ناتوانیت ریگای پی بگریت؛هەمیشە بۆ پیشەوە... بەرەو یەکانگیری خەون و راستیکان دەروات؛دەچپینیت بە گویی ئەوانەی وا دەستە گول و مۆم نەبیت،کەس بۆی نییە پی لەسەر نیت!**
**ئاخر ئەلونی برسی و ماندوو چۆن چۆك دادەنی؟؟ چۆن؟**
**ترسی لە چی هەبیت تا چۆك دابنیت؟ گەر بە چۆکدا چوو؛ئەوە وینەیەکی سەنگەرگردتنە!تەماشاکردنی قەدوبالای ئاسۆکانە؛بوژانەوەی ئومیدی لەپ قلیشاو ونیگا چاوەروانەکانی مشتیکی ئازادی!**

**ئەلوەنی وەرزەکانی سال چۆن چاو دەنوقینی؟**

**هەموو رۆژیك باوەش دەکات بە فرمیسکی دایکی سەرنگوم کراوەکان؛ بە سەرما و سۆلی دەرکراوەکان؛بە دوا وشەی هەلواسراوەکان؛پەیامەکانیان دەکات بە لافاو و بەگژ پایتەختەکانی تاوان دیت!**

**چۆن ئەم بەر و ئەو بەری زیبای بەجی دەهیلی ؟**

**زامە قول و بە تینەکانیان بە کۆل هەلدەگریت؛دەستیان دەگریت؛قامەکی بۆ ئاسمان بەرزدەکاتەوە و پییان دەلی:خۆری ئیمە هیشتا هەل نەهاتووە!**

**چۆن لە ری وبانان وە کەساسی دادەمینی؟هاوارەکەی؛هاوارەکەم؛چۆن کپ دەبی؟ ئەوان ئەمەیان دەویت!**

**داستانەکەی ئەم بەیانە دەس پی دەکات؛داستانی کەسانیك؛قوولی دەریاکان؛چری دارستانەکان و بەرینی بیابانەکان لە بەردەم هەست وئاواتەکانیاندا چۆك دادەنین؛قسەکانیان هەنگوینە؛پیکەنینەکانیان چاوپیکەوتنە؛قەقنەسیکن هەتاو لە ئامیزیان دەگریت؛بە هیچ رازی نابن؛ رازی بوون،خۆ بەدەستەوە دانە؛خۆ کۆت کردنە بۆیە لە دەرگای خەون بدە و لە باوەشی رۆژ بکەرەوە؛پرسیاری ئاسۆی پاش خەونەکانی لی بکە؛وەك ئەوانە مەکە کە وا بە سەگە مەرگ لەتە نانیك دەرئەکەن ودەلین"شوکر"**
**دەلین:پیت بە قەد بەرەکەی باوکت دریژ بکە!**
**دەلین:...**
**ـ بەرازی بوون،بوونت دەخەیتە مەترسییەوە!**

**ئەوان هەول ئەدەن چاوەکانت بە پەیوەندی و رەنگە باوەکان رابهینن،تۆیش یەك ریگات لە بەر دا هەیە:سەرکەشی بکەیت؛ریگای یاخی بوون بگریتە بەر؛بەم شیوەیە خۆت و کۆمەل دەبەیتەوە؛ئەم بەیانییەش هەرچەند سەخترین بەیانییە؛سەرەتایەکە بۆ کپ کردنەوەی میژووەکەیان لە سەرتاسەریجیهانی ئەلوەن؛لە ولاتەکەم!**

ئەلوەن ولاتی منە،رووباریکە؛دایە دیرینەی شارەکانە؛شارەکەمە،کورتە شروال دراو لە بەریکە؛کودەتا لە دوای کودەتا؛پیلان لە دوای پیلانی؛ جەنگ لە دوای جەنگ بۆ خنکاندنی ریك دەخەن؛ئەمیش وەك(زیی مراویکان) بەسەر پەنجەکانی دەروات؛موژدەبەری ئاشتی و دەس لە مل کردنە،کەچی پۆلیس و باج وەرگرانی سەر سنور داوای شناس نامە و پاسپۆرتی لی دەکەن!

ـ من ئەلوەنم!

ـ لە کویوەوە هاتووی؟

ـ من ئاوم،پاسپۆرتم بۆ چییە؟مرۆڤ پاسپۆرتی بۆ چییە؛بەسە کە من مرۆڤم؛ سەروەری ئەم بەر و ئەو بەرم

ـ قسەی قۆر مەکە،ئەو قسانە تۆ دەیکەی،بۆ خۆت هەلیبگرە ناوی خۆت ،باوکت و باپیرەت و نازناوت؟خەلکی چ ولاتیکی زەحمەت نەبیت!

ـ ناوم ئەلوەنە،ئەلوەن؛لە وەتی هەم هەر پیم دەلین ئەلوەن؛خەلکی ولاتی خەون و خوین و خاوەر و خورشید و خەمم!

ـ ناونیشان؟

ـ ئەم بەر و ئەو بەر!

ـ بۆچی بۆ ئیرە هاتوی؟

ـ کەس ئەم پرسیارەی لی نەکردووم،من بۆ هەموو جیگایەك دەرۆم؛مالم لە گشت جیگەیەکە!

ـ تیرۆریستە سوورەکان هەمان قسە دەکەن و لە هیچ شتیك رازی نین !بیگرن

ـ من گیراوم !

ـ هیشتا باش بەخیو نەکراویت؛زمان دریژی دەکەیت؛بەئارامی لە ناو کونە مشکەکەت غەلبەغەلب دەکەیت...

ـ جا چی تیدایە!

ـ سکتر بە... ئیژم سکتر بە!

ـ "من سکتر بووم"!؟ئەوە نەگۆمی بوو کە نزیکەی دە سالە چاوم پی نەکەوتەوە؛لە خولگەی فیربوونی زمان یەکترمان ناسی؛بەهەلکەوت لەسەر شەقام بینیم،پاش چۆنی وچاکی وتی:ئەوە هیشتا ماوی؟

ـ ئەمە نییە،ئەی تۆ ؟

نەگۆمی:منیش ماوم،تۆ چی ئەکەی!

ـ بە هەزار حال پالی پیوە دەنیم،ئەی تۆ!

نەگۆمی:من پیش چەند سالیك بۆ مالەوە گەرامەوە،وکارم کرد ،بەلام گیروگرفتەکان زۆر بوون؛هەرچییەکم کرد سوودی نەبوو،نەمتوانی لەوی بژیم،ناچارکرام سەرلەنوی بۆ ئیرە سەرهەلگرم،بەم زوانەش سەر بۆ ئەمریکا هەلدەگرم!

ـ لەوی چی هەیە؟

نەگۆمی:(بە پیکەنینەوە) ،ئەی لیرە چی هەیە؟

ـ هیچ،مندالەکانم نەبیت!

نەگۆمی:لە هەرکوی شوینت تەسك بووەوە بەجیی بهیلە و برۆ،مرۆڤ نابی سل بکاتەوە؛تاقی بکەرەوە!!

ـ تاقی چی بکەمەوە؟!"ئە شەمگە،ئەوە جمگە،ئەویش دەردو بەلای حەمگە"؛دەبی بارودۆخیکی باشتر هەبی بۆ ژیان؛ئەمە ژیان نییە!

نەگۆمی:وایە ئەمە ژیان نییە،بەلام هەر ئەمەمان لە دەستدا هەیە،ئەمەش وەستاند و واوەیلاکردن قبول ناکات!

ـ منیش باسی راوەستاندنم نەکردووە؛بەلام مەینەتەکان زۆرن

نەگۆمی:مەینەتت زۆرە یا زۆر نییە،کەیفی خۆتە،دەبی هەر بە خۆت چارەیان بکەیت یا کەمیان بکەیتەوە،دەشتوانیت پشت گویان بخەیت؛ ئەوان کەس ناناسن،تۆ بۆ ئەوان تەنها مشکیکی،مشکی ژمارە...لە ناو شوشەی ژمارە مۆدیل بۆ تاقیکردنەوە "یان گا دینن یان پەمو"؛چی زۆرە مشك زۆرە!

ـ من مشك نیم،من

**نەگۆمی:قسەی نستەقت زۆر لایە،ئەزانی تۆ عەنتیکەی!تۆ خۆت وا دەبینیت!**

**ـ سەرەرای ئەوەش،من مرۆڤم؛بوونم و هیواکانم لە دەست نادەم،با ژیانم ئەوەندەی تر بکەن بە دۆزەخ!**

**نەگۆمی:تۆ هیشتا لە زمانی پۆست مۆدیرن تی نەگەیشتوی؛دەنا قسەی وات نەدەکرد؛چەند کۆنە رستەکانت!**

**ـ چەند روخینەرە ئەم سەردەمە!**

**نەگۆمی:بەلام هەرکەسیك هەول ئەدات لە گەل باری ژیانی خۆی جوت ببیت!**

**ـ بۆیە نالە نالکردن لە گشت لایەك بەرز دەبیتەوە!**

**نەگۆمی:من تەنها گویم لە نالەی خۆمە؛گویم لە نالەی کەسیکی تر نییە! ناشمەویت گویم لیبیان بیت،بۆچی خۆم دارزینم؟ چما کەم دارزاوم؟ من دەمەویت تەنها بۆ خۆم بژیم!**

**ـ تۆ نەتەنهای و نەیش دەتوانی بە تەنهایی بۆ خۆت بژییت؛ئەگەر وا بکەیت خۆیشت لە دەست دەدەی بەبی ئەوەی؛دەنگیکی نارەزایی کەمتر روو لە بەرازەکان دەکات؛بەو حالە یارمەتیان دەدەیت،بەبی ئەوەی مەستی یارمەتیدانیانت هەبیت!نالینی تۆ دەنگیکە لە ناو جیهانیکی پر لە نالەی ستەم!**

**نەگۆمی:ستەم پیشەی ژیانە!بە منیش هیچ ناکریت!**

**ـ بەرگری پیشەی مرۆڤە؛هەمیشە بەرگری هەبووە،لە هەرکوی نامرۆڤایەتی حاکم بووە،لەوی بەرگری هەبووە!**

**نەگۆمی:چۆن؟ هەمووی تاقی کراوەوە!**

**ـ ئەمجار دەستی پی دەکریتەوە؛لەوە دەچیت بۆ ماوەیەك پشودانیك؛رۆژیك بۆ لیکدانەوە و خەون بینین پیویست بیت؛رەنگە بۆ ماوەیەك بارەکەمان هەر وا سیس بیت؛بەلام هەر خۆیان بۆ گۆرەپانی لیکدادان بانگمان دەکەن؛کە ئەم جۆرە بەیانییانە لە لای هەر کەسیك بەسەر یەکتر کەلەکە بکەن ئەمجارە دەبیت بە دوا جاریان بە دوا جاری شکستی؛بە دەست پی کردنی ژیان!**

**نەگۆمی:من نازانم،بەخیر بچیت!**

**ـ هەروا تۆش!...**

**ئیوەش یاران،هەرچەند ئەم بەیانییە زەفەری پی بردووم،بەلام ئیوە بە زبان و ئاوازیکی تر؛بە وەفاداری بۆ هەر ژان و ئاهیك،بەیانییەکی تر،بە یانییەکی نوی بۆ ناو مالان دەهینن؛چیتر نە بانگ و نە زەنگ؛نەتەنهایی و نە رەشبینی؛بەبی ئەوەی وشەیەك بیژین؛دەس لە ناو دەستی یەکتر دەنیین و دەرۆین؛دەرۆین؛هەتا پیمان دەکریت دەرۆین؛بەبی ترس وخەمی نان؛بەبی ناوی زیندان!یاران؛یارانی بالا بەرزی ژیان،مەچەکتان بەرز و بیر... چاوەکانتان گەش و دوارۆژمان...ئەم بەر و ئەو بەر بەیانییمان باش!... داوای لی بوردنتان لی دەکەم!دەبی ئەوەندەی تر بەرگەبگرین؛هەول بدەین ژوورەکانمان پر خۆر بکەین!جا من سەرم بۆ کوی هەلبگردایە ئەگەر ژیان نەبوایە!!**

**بزەی سەر لیوان ...**

**ئەلون:هەموو چوار چیوەکان بشکینن!بە هیچ دەرگا و پەنجەرەیك رازی مەبن، هیچ شتیکی پیرۆز نییە،تەنها ئازادی تۆ پیرۆزە،تەنها تۆ!یا هەمووی بە جاریك،یا هیچ ...**

**ـ تەواو ـ**

فەرهەنگۆك

١/کەلات:ناوی چیایەکە لە نزیك شاری خانەقین.
٢/ وە پەری سەری بری:بە پەریك سەری دەبردریت. قورچوگە سەر: قوری چۆتە سەر.
٤/بویشم: بلیم.
٥/وسید: وەستاند.
٦/مایدە: ماوی.
٧/ئی جارە: ئەم جارە.
٨/مامر: مریشك.
٩/سینم: دەکرم.
١٠/رەسیسە کورە: گەیشتۆتە کوی.
١١/ها کو: لە کوییە.
١٢/مە: من.
١٣/ئیژی مینەی موختار کەیگن: ئەلیی بۆ موختار دەگەریت.
١٤/زەویگە: زەمینەکە.
١٥/چەفتە: چەوتە.
١٦/ عافیت ئۆلسو : (تورکومانییە): عافیتت بیت.
١٧/مەلوچك: چۆلەکە.
١٨/هوندرت ڤەسەر: ناوی مالیکی بەناوبانگە لە ڤین، زۆر چوان رازاوەتەوە.

١٩/ مالی چۆلم مالی ساردم: گۆرانییەکە، نووسەرەکەی ناناسم،بە دەنگی سالار عەزیز بیستوومە.
٢٠ /فستگلاس: کوردیزیرەکردنی وشەیەکی ئەنگلیزیە( فرست کلاس) واتە: یەکەمە
٢١/ئاخرنە باخ: (تورکومانی)، واتە بروانە کۆتایەکەی: بزان چیت بەسەر دیت!
٢٢/ خۆنستن: خویندن
٢٢/ زەعیف کەد: لاواز دەکات
٢٣/دار،دور: (عەرەبیە) وانەیەکی پۆلی یەکەمە، واتە مال، مالان
٢٤/البلبل الفتان،یگیر فی البستان: (عەرەبیە)واتە بولبولی جوان، لە ناو باخ دەفریت.
٢٥/ شویشە بشکییگ جەم نیوگ: شوشە بشکیت کۆ نابیتەوە.
٢٦/هەشتە لە سەر مەشتە(کنایەتە) ئەمیش بەسەر ئەوەکانی تر.
٢٧/ ئەوەنە: ئەوەندە.
٢٨/جمان: جوین.
٢٩/کەلکەند: باخچەیەکی زۆر جوانە لە ناوەراستی شاری هەولیر.
٣٠/ لە کورە خەفتیدە: لە کوی خەوتویت، واتە ـ تۆ ئاگات لە هیچ نییە.
٣١/ مویش دیرد: مشکی هەیە
٣٢/ گوش: گوی
٣٣/زوانت بورن: زمانت ببرن.
٣٤/ئیباو: ناوی پیاوە ، کورتکراوەی ئیبراهیم.

**٣٥/ کەمالەیی: تیرەیەکی عەشرەتی جافە، لە دیهاتەکانی سەروی کەلار دەژین( گۆبان، میلان، کانی چایلە، رونی، سەید خەلیل، و لە دیی بۆیسان سووری نزیك عەربەت).**

**٣٦/ باشکی: تیرەیەکی عەرشرەتی جافە ، لە سەرووی دیهاتی کەمالەیەکان نیشتەجین.**

**٣٧/ خۆد ئەرا نیچید باریدەی: خۆت بۆچی نارۆی بیهینیت.**

**٣٨/بار: بهینە**

**٣٩/بدو:راکە**

**٤٠/خایە: هیلکە**

**٤١/ لیرەوە تا مانگ، و لەویوە تا ئیرە یەکترمان خۆشدەویت: لە چیرۆکیك بۆ مندالان وەرگیراوە**

**٤٢/ نەتهاوردگە: نەتهیناوە**

**٤٣/بەیانەگان: بەیاننامەکان**

**٤٤/بەعزە: هەندی**

**٤٥/قەهار: ناوە**

**٤٦/لەوەرەگان: لەبەرەکان**

**٤٧/بەچە: مندال**

**٤٨/مۆچ: ماچ**

**٤٩/ هیندۆ: هیندە سوورەکان**

**٥٠/ بەستا: (ئەسپانییە) بەسیەتی**

**٥١/ ڤیڤالدی:مۆسیقاریکی ئیتالییە، خاوەن سیمفۆنیای چوار وەرزە، لیرە مەبەستم تەنها وەرزی پایزە!**

**٥٢/ تیئۆریکان رەنگیان بۆرە، بەلام داری ژیان هەمیشە بەسەوزایی دەمینیتەوە ـ لە مارکس وەرگیراوە، سەرچاوەکەی نازانم!**

**٥٣/کەواوچی: کەبابچی**

**٥٤/ژنەفتیس: بیستویەتی**

**٥٥/بەستا:سپانییە،بریتەوە**

**سوپاس وپیزانین**

**سوپاسی بیپایانی ئەم برایانە دەکەم کە پشتگیریان کردم لە چاپدانی ئەم رۆمانە:**

**محەمەد غەزبان، نەبەز روستەم، رەحمان قوربانی، هەوراز محەمەد ، محەمەد سەعدون، پشتیوان لەشکری، کاروان عەبدوللا، شیرزاد کەرکوکی، زیا خانەقینی، مامۆستا هۆشیار، ماجد محەمەد ، ئامانج هەورامی، حەسەن مەنسور، فەیسەل حوسین، لوقمان حوسین، مەنسور دیلامی، بەختیار حویز وەهاب، کاك حەمە ئەمین، محسن مەنسور، کەمال محەمەد ، سەلاح حەسەن، کامەران موستەفا، سەلاح خانەقینی، هادی موراد ، بیشی شەوقی، کامل حوسین**

**جاریکی سوپاس**